تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

گرفته سەرەکییەکانی کورد

« لێکۆڵینەوە و رەخنە »

حوسێن محەمەد عەزیز

2700 ك / 2000 ز

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردي ، عربي ، فارسي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

گرفتە سەرەکییەکانی کـــــورد

« لێکۆڵینەوە و ڕەخنە »

حوسێن محەمەد عەزیز

2700 ک / 2000 ز

گرفته سەرەکییەکانی کورد
دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز
چاپی دووەم
کوردستان ـ سولەیمانیی
ژمارەی سپاردن (٤٣٥)
ساڵی 2000
تیراژ 500 دانە
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دیموکراسیی ـ سولەیمانیی

پێشکەشبێ بە

« لەیلا زانا »ی وولاتپارێز و قارەمان، کە لە پێناوی ئازادیی گەل و نیشتمانەکەیدا، ئازادیی خۆی ڕەتکردەوە.

نـــــــــــاوەڕۆک

1/ پێشەکیی چاپی یەکەم و دووەم **6**
2/ گرفتە سەرەکییەکانی کورد **13**
3/ گرفتەکانی نێوان کورد و دراوسێکانی **13**
4/ گرفتی نەتەوەیی **13**
5/ گرفتی گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکانی نێو سنووری چوار دەوڵەتەکە **14**
6/ گرفتی گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکان لە کوردستاندا **15**
7/ فاکتەرەکانی هێزی نەتەوە **19**
8/ گرفتی وزە **27**
9/ کێشەی ناو **29**
10/ کێشەی کورد و زلهێزەکانی جیهان **33**
11/ گرفتەکانی نێوخۆی کورد ـ کورد **40**
12/ دەربارەی بارودۆخی ئەوڕۆی کوردستان **51**
13/ جەنگی نێوان پارتی ـ یەکێتی **53**
14/ ڕەوتی ڕووداوەکان **56**
15/ جەنگی نێوان پارتی ـ P.K.K **63**
16/ سەرئەنجام **70**
17/ سەرچاوەکان **79**

پێشـــــــەکیی :

بە هۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی، ئەورۆ لە باشووری کوردستاندا خولْقاوە، ڕیزەکانی گەل بە گشتیی، ڕیزی ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد بە تایبەتیی، بە جۆرێ پارچەپارچە بوون، دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، بە هیچ شێوەیە ئیرمییمان پێ نابەن!
دیارە گەر نووسەرێ، لە پێناوی پارە و پلەوپایەدا، پێ لە ویژدانی خۆی بنێ و پێنووسەکەی بفرۆشێ، ئەوا دەبێ، کێشەی سەرەکیی نەتەوەکەی، لە بیر خۆی بەرێتەوە، پشگیریی یەکێ لەو دوولا شەڕکەرە بکا، هێندەی دیکە قوڕی ناکۆکیی و دووبەرەکییەکە خەسترکاتەوە. ئەو کاتە ئەو لایەنە، گەلێ ڕێزی لێ دەگرن و بە هەموو شێوەیە پشگیری لێ دەکەن.
لێرەدا دەتوانین، چەن نموونەیەک بێنینەوە. گەر هەر نووسەرێ، تەنیا ڕەخنە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بگرێ، بە هیچ شێوەیە باسی هەڵەکانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی یەکگرتوو نەکا، ئەوا ئەندامانی یەکێتی دژایەتی دەکەن، ئەندامانی پارتیش بە کوردپەروەر، نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی دادەنێن، ڕێزی لێ دەگرن، پڕوپاگەندە بۆ بەرهەمەکانی دەکەن، بە نووسەرێکی گەورەی دەناسێن، با خۆشی و نووسینەکانیشی، سەنگی چڵە پوشێکیشیان نەبێ!
هەروەها، گەر نووسەرێکی دیکە، تەنیا ڕەخنە لە پارتی بگرێ و چاوپۆشی لە هەڵەکانی یەکێتی بکا، ئەوا بە هەمان شێوە، ئەندامانی پارتی دژایەتیدەکەن، ئەندامانی یەکێتیش بە شانوبازویدا هەڵدەدەن، بە پێشکەوتووخواز، ڕووناکبیر و خاوەن هەڵوێستی دادەنێن. چونکە ئەو دوو ڕێکخراوە، وەک چۆن هەموو شتێکیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە، بە هەمان شێوە دەیانەوێ، ڕووناکبیران و نووسەرانیش دابەشکەن، لەو بڕوایە دان، نووسەری بێلایەن نییە و ناشبێ هەبێ، بەڵکوو دەبێ، پشگیریی لایەکیان بکا، یا لەگەڵ لایەکیاندا کاربکا.

بەڵام، گەر نووسەرێ، وابەستەی هیچ لایەکیان نەبێ، لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیەوە، کێشە و باسەکان تاووتوێکا، لە بەر ڕۆشنایی ستراتیژی باڵای بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لە هەموو ڕووداوەکان بڕوانێ، وەک چۆن هەن، هەر بەو شێوەیەش شییانکاتەوە، لێیان بکۆڵێتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێ، ئەوا ئەو کاتە، ئەندامانی هەر دوو پارتەکە، جۆرە سەنگ و تەرازوویەکی دیکە بەکاردێنن. ئەویش ئەوەیە، سەرەتا کونوقوژبنی نووسینەکەی دەپشکنن، بۆ ئەوەی بزانن، ئەو نووسەرە تا چەن لە یاسای فیفتی فیفتی لایداوە! گەر هەر دوو لایانی وەک یەک داگرتبێتەوە، ئەوا گللەیی ئەوەی لێ دەکەن، چۆن وەک یەک تەماشایاندەکا! ئینجا لە بری ئەوەی بڵێن: فلان نووسەر ڕەخنەی لێ گرتووین، دەڵێن: جنێوی پێ داوین، وەک خوێنەر جیاوازیی لە نێوان ڕەخنە و جنێودا نەکا، یا نەزانێ، کێ جنێوفرۆشە و ئەو خەڵکەی فێری جنێودان و خراپەکاریی کردووە! گەر کەمێ، نووسینەکانیشی لە بەرژەوەندیی لایەکیاندا بێ، ئەوا ئەو لایەنەیان کەمتر سووکایەتی پێ دەکەن. لایەنەکەی دیکەشیان، شەلم کوێرم ناپارێزم، هەرچی خراپە پێی دەکەن. گەر هەر دوولاشیان ڕێکبن و موو بە نێوانیادا نەچێ، ئەوا بە هەر دوولایان لاقیدەگرن، پەلاماریدەدەن و بە تابووری پێنجەم تاوانباریدەکەن.

لەم سەردەمەی ئەوڕۆماندا، نووسەری کورد، بەدەس پارتی و یەکێتییەوە، وەک بەسەرهاتی باوک و کوڕ و کەرەکەی لێهاتووە. دەگێڕنەوە، باوک و کوڕێ کەرێکیان دەبێ. دەیانەوێ، سەردانی گوندێ بکەن. باوکەکە سواری کەرەکە دەبێ، کوڕەکەش بەپێ دەڕوا. لە ڕێگە تووشی کۆمەڵێ خەڵک دەبن، گللەیی لە باوکەکە دەکەن و دەڵێن: تەماشای ئەو پیاوە کەن، چەن دڵی ڕەقە، ملی بە حەوت تەور نابڕێتەوە، کەچی خۆی سواری کەرەکە بووە و ئەو منداڵە چکۆلەیەش بەپێ دەڕوا. پیاوەکە تەریقدەبێتەوە و دادەبەزێ، کوڕەکەی سواردەکا. پاشان کەمێ دەڕۆن و تووشی کۆمەڵێکی دیکە دەبن. دیسانەوە، ئەوانیش پلاری تێدەگرن و دەڵێن: سەیری ئەو منداڵە گەوجە کەن، چەن بێ ڕەوشتە، هیچ شەرم ناکا، خۆی سواربووە و باوکیشی بەو تەمەنەوە بەپێ دەڕوا، گەورە و پچووکی نەماوە! ئەم جارەشیان، لە بەر

قسەی خەڵکیی، کوڕەکە دادەبەزێ. هەر دووکیان پێکەوە تەگبیردەکەن و دەڵێن: بۆ ئەوەی قسەی خەڵکیمان نەیەتەسەر، هەر دووکمان سواردەبین، ئیدی هیچیشمان ماندوو نابین. هەر هێندەیان خۆشدەبێ، ماوەیەکی کەم دەڕۆن، دیسانەوە کۆمەڵێ خەڵکی دیکەیان لێ پەیدادەبێ. هەر لە دوورەوە هاواریان لێ دەکەن و دەڵێن: بە خوا باوک و کوڕێکی دڵرەق و بێویژدانن، تەماشایانکەن، بە جووتێ زرتەبۆز سواری ئەو گوێدرێژە بەسزمانە بوون. باوک و کوڕەش شەرمەزاردەبن و ئەم جارەش دادەبەزن. لە ناچاریدا، کەرەکە پێش خۆیان دەدەن و هەر دووکیان بە پێ دەڕۆن. دیسانەوە کۆمەڵێکی دیکەیان تووشدەبێ. تەماشایەکیان دەکەن و دەڵێن: تۆ سەیری ئەو باوک و کوڕە کەن، چەن بێ مێشک و گەوجن، ئەو کەرە چاکە بەهێزەیان پێیە، کەچی سواری نابن و بەپێ دەڕۆن. باوکەکەش هیچ چارەیەکی دیکە شک نابا، نازانێ، چی بکا، تا ئەو خەڵکە بێدەنگ بکا و دڵیان ڕازیکا، لە تاوا، یەکسەر پەلاماری کەرەکە دەدا و لە کۆڵێ خۆی دەگرێ، مناڵەکەش پێش خۆی دەدا. ئیدی لە کۆڵ قسە و پلاری خەڵکی دەبنەوە، چونکە هەر کەسێ دەیانبینێ، لە بەر پێکەنین قسەی بۆ ناکرێ!

ئەز لەو باوەڕەدام، نووسەری بێلایەن و نیشتمانپەروەر، ئەو نووسەرانەن، بە شێوەیەکی بابەتانە و زانستانە دەنووسن، گوێ بۆ سرتە و بۆڵەی تاوانبار و ناپاکان ڕانادێرن. چاویان تیژە و لە بەر پێی خۆیان دوورتر دەبینن. بە هیچ شێوەیە چاوپۆشی لە خراپەی هیچ لایەکیان ناکەن. چاکە و خراپەکانیان لە یەکدی جیادەکەنەوە. دیارە ئەو نووسەرانە، نووسەری ڕێکخراوێکی تایبەتیی نین و نووسەری گەلەکانی خۆیانن. ڕووی دەمی خۆیان، تەنیا لە ڕۆڵەکانی گەلەکەیان دەکەن. بۆیە کاتێ، هەر نووسەرێ، لێفە لە سەر هەڵە و تاوان و ناپاکییەکانیان هەڵدەداتەوە، هیچ لایەکیان ڕێزی لێ ناگرن، چونکە ئەوان نەک هەر ڕێز لە کەسێ ناگرن، لەگەڵیاندا کار نەکا و دەهۆڵیان بۆ نەکوتێ، بەڵکوو گەر هەموو کوردستانیش بسووتێنن، هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش بە کوشتدەن، بە مەرجێ لایەکیان بە سەر لایەنەکەی دیکەیاندا سەرکەوێ، ئەوا ئەوە بە نیشتمانپەروەریی و دڵسۆزیی دادەنێن.

له ڕاستیدا، هێندێ ڕووناکبیر و نووسەری بێویژدان، ترسنۆک و داخ له دڵ هەن، له ژێر پەردەی بێلایەنیی و کوردپەروەریدا، هەمیشە ڕاستییەکان دەشێوێنن. له بەر هەر هۆیە بێ، له مێشکی خۆیاندا بە جۆرێ بیردەکەنەوە، له ڕوو شتێکی دیکه دەڵێن و بە کردەوەش کاری خراپ دەکەن. دیارە ئەو جۆرە ڕووناکبیر و نووسەرانە، کەسانێکی دووڕوو و درۆزنن، خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن، له نێو کۆمەڵی کوردەواریدا نەبێ، له نێو هیچ جۆرە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا، ڕێزیان لێ ناگیرێ و جێگەیان نابێتەوە، چونکە ڕۆڵێکی گەلێ خراپ وازیدەکەن.
هێندێ ڕووناکبیر و نووسەری دیکەش هەن، خۆیان بە بێلایەن دادەنێن، بەڵام، له ڕاستیدا بێلایەن نین، بەڵکوو تا سەر ئێسکوپروسکیان، دژایەتی لایەکیان دەکەن، له بنیشەوە لەگەڵ لایەنەکەی دیکەدا، خۆیان بە یەک ماڵ دەزانن. ئەو جۆرە ڕووناکبیر و نووسەرانەش، جگه له چەن کەسانێکی ئاژاوەچیی، گێرەشێوێن و دڵڕەش، هیچی دیکه نین. تەنانەت بە شێوەیە دژی ئەو لایەنە دەوەستن، گەر بۆ ڕیسواکردن و سوکایەتیپێکردنی ئەو لایەنە، هێندێ جار، هێندێ کاری ناشیرینیش بکەن، پێیان شەرموشورەیی نییە!
هەر وەک چەندین جار ڕوونمکردۆتەوە، ئەز له ڕووی پێوەندیی پارتایەتییەوە، خۆم بە بێلایەن دەزانم. بەڵام، له ئاستی هیچ کێشە، گرفت، هەڵەوپەڵە، تاوان و ناپاکییەکدا، سەرچاوەکەی له هەر کوێوە بێ، هەرگیز بێلایەن نەبووم و هەرگیزاوهەرگیزیش بێلایەن نابم، له ئاستی کارە خراپەکانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستاندا، بێ دەنگ نەبووم و نابم، چاو له هیچ جۆرە کارێکی چەوت نانوقێنم، کە بە زیانی نەتەوەکەم تەواوبێ. هەمیشەش ئامادەم، باجەکەی هەر چەندێ بێ، بیدەم. سەرکەوتن و سەربەرزییش، هەر بۆ ڕووناکبیر و نووسەرە ئازا، خاوەن هەڵوێست و نیشتمانپەروەرە ڕاستەقینەکانە، ژێرکەوتن و سەرشۆڕییش، هەر بۆ ڕووناکبیرە ترسنۆک، بێهەڵوێست، هەلپەرست، چڵکاوخۆر، ناپاک و دوژمنەکانی نەتەوەی کوردە.
بەداخەوە، ئەوڕۆ ناکۆکیی، دووبەرەکیی و ناپاکیی، وەک تاعون له ڕیزەکانی گەلی باشوور بە تایبەتیی، نەتەوەی کورددا بە گشتیی بڵاوبۆتەوە. بەشی زۆری خوێنەران، نووسینی نووسەرێکیان لا

پەسەندە و تامۆچێژی لێ وەردەگرن، کە سوکایەتیی بە کەسێ یا لایەنێکی دیاریکراوی ڕامیاریی بکا، ئەگینا ئامادە نین، بەرهەمی نووسەرانی خاوەن ویژدان، دەم و دەس و دڵ و دەروونپاک بخوێننەوە، گوێ بۆ پێشنیازەکانی ڕادێرن.
بەڵام، لەو باوەڕەدام، کەسانێکی بە وێژدان و خاوەن ڕەوشت هەن، ڕاستیی لە هەڵە، هەق لە ناهەق، بێلایەنیی لە لایەنگیریی، ڕەوشت لە بێڕەوشتیی، نیشتمانپەروەریی لە ناپاکیی جیادەکەنەوە، لە ڕاستیی و دروستیی شتەکان تێدەگەن و مافی تەواویی خۆیان دەدەنێ.
گەر ئەوڕۆش، مافی هێندێ نووسەری نیشتمانپەروەر پێشێلکرێ، ئەوا دادگەی مێژوو و نەوەکانی داهاتوو، باشترین دادوەر دەبن و نووسینەکانیش زۆر بە شانازیی و ستایشەوە وەردەگرن، چونکە لە پاشەڕۆژدا، هەموو شتێ بە تەواویی، بۆ ڕۆڵەکانی گەل ڕووندەبێتەوە.
ئەز وەک کوردێکی ناسیۆنالیستی بێلایەن، وەک نووسەرێکی نیشتمانپەروەری کورد، نە لە ژیانمدا، شایەر و زوڕناژەنی هیچ کەس و ڕێکخراوێکی ڕامیاریی بووم، تا بە شانوبازوویاندا هەڵدەم، نە هەرگیز ئەرزوحاڵنووسی هیچ سەرکردەیەکی کوردیش بووم، تا هەڵە، تاوان و ناپاکییەکانیان بۆ پینەوپەڕۆکەم. بەڵکوو، گەر هەستم بە هەر کەموکوڕیی، تاوان و ناپاکییەک کردبێ، یا بە چاوی خۆم بینیبێتم، هەمیشە وەک کامێرایەکی سینەمایی وێنەم گرتوون و زۆر بە دەسپاکییەوە، تۆمارمکردوون. چونکە، نەتەوە و نیشتمانەکەم، سەرچاوەی ژیان و بیرکردنەوەمن، تەنیا هەر بۆ ئەوان دەنووسم. ناتوانم، باسی خەونەکانیان نەکەم، ئێش و ئازارەکانیان پێش چاو نەخەم، بۆیە هەر ئەوانیش بۆیان هەیە، پەنجەی تیژی ڕەخنە، لە چاڵی چاوم بچەقێنن.
گەر مرۆڤێ، تەنیا لاقێکی ژانکا، کاتێ دوکتۆرێ لێی دەپرسی: کوێت دێشێ؟ ناشێ بڵێ، هەر دوو لاقم دێشێ، یا هەموو لەشم دێشێ، بەڵکوو، تەنیا ئاماژە بۆ ئەو جێیە دەکا، کە ئارامی لێ هەڵگرتووە، مەگەر ئەو مرۆڤە تووشی دەرد و پەتایەکی وا بووبێ، بە هیچ دەرمانێ چاری نەبێ، ئینجا بڵێ، هەموو گیانم ژاندەکا!
منیش کە هێندێ جار، پەنجەی ڕەخنە بۆ لایەنێ زیاتر درێژدەکەم،

دیاره ئەو لایەنە، پتر هەڵەیکردووە، پتر ئازاریداوم و هەژاندوومی، پتر زیانی بە نەتەوەکەم گەیاندووە. بەڵام، گەر هەر دوو لایەنەکە، وەک یەک خراپەبکەن، ئەوا دەڵێم: هەر دوو لاقم دێشێ. گەر هەمو لایەنەکانیش، خراپەکاریی بکەن، منیش هەر وەک ئەو نەخۆشەی، تووشی دەردێکی گران بووە و هەموو گیانی دێشێ، هەموو لایەنەکان وەک یەک تاوانباردەکەم.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هەموو ئەو کەسانەی، وابەستەی یەکێ لەو ڕێکخراوانەن، لە سەر هەڵوێست و ڕوونکردنەی ڕاستییەکان، هەوڵدەدەن، سووکایەتی بە ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد بکەن، ژیانیان پێ تاڵکەن و ئازاریاندەن، ئەوانە پێ بزانن یا نەزانن، لە نێو جەماوەری گەلدا، پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیی و ڕێزێکی ئەوتۆیان نییە. لە مێژە پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵدراوە، ئاسنی سارد دەکوتن و هێندەی دیکەش چارەی خۆیان، لای جەماوەری گەل ڕەشتردەکەن، ئەو کەسەش کەسە، ئەلفێکی بەسە!

ئەم بەرهەمە ڕاپۆرتێ بوو، لە سەر داواکاریی بەڕێوەبەری زانینگەی مەد لە (MED TV)، بۆ کۆنفرانسێکی تایبەتیی ئامادەکرابوو، بەڵام، کۆنفرانسەکە نەگیرا. پاشان لە ڕۆژی (1997/11/30)دا، پوختەیەکی ئەم نووسینەم، لە شاری « ڤێستێرۆس ـ سوید، ئەمستەردام ـ هۆڵەندە » پێشکەش بە هێندێ، لە کوردە پەنابەرەکانی دانیشتووی ئەو شارانە کرد. دواتریش، هێندێ باسەکەم فراوانترکرد، تا ئەم بەرهەمەی لێ دەرچوو. بەو هیوایەی خوێنەوارانی هێژای نەتەوەکەم، بە باشی لێم تێبگەن، بە قووڵی سەرنجی بۆچوونەکانم بدەن، بە کامی دڵی خۆشیان ڕەخنەی لێ بگرن، بە مەرجێ نەهێڵن، پڕوپاگەندەی ژاراویی ڕێکخراوەکان کاریان تێکا و لە ڕاستە شەقامی کوردایەتیی لایاندا. هیوادارم ئەم بەرهەمەش، وەک بەرهەمەکانی دیکەم، بەو زووانە تیشکی زێڕینی خۆر ببینێ و جێگەی خۆی لە نامەخانەی کوردیدا بکاتەوە.

دوکتۆر حوسێن محەمەد عەزیز
ستۆکهۆڵم
1997/12/12

پێشـــەکیی چاپی دووەم :

دوای ئەوەی، لە(1999/6/2)دا، بۆ مــاوەی سێ مــانگ، ســەردانێکی کــوردســـتــانم کــرد، ناوەڕۆکی ئەم بابەتەم، لە چەن کــۆڕ و چەن جــێگەیەکی جــیــاوازی دیاریکراودا باسکرد. جگە لەوەی بابەتەکــە بابەتێکی نوێیە، خــوێنەران و گــوێگرانی کۆڕەکانیش داوایاندەکرد، لە کــوردســتــان چاپکرێتــەوە. چونکە لە چەن دانەیەکی کــەمی نەبێ، تا ئێستــە لە کوردستان دەس خــوێنەران نەکەوتووە، بۆیە بــڕیارمدا، بە یارمەتیی چەن دۆست و برایەکی ئازیز، بۆ جاری دووەم، لە کوردستان بە چاپی بگەیەنمەوە.
لە ڕاستیدا، بە پێویستم نەزانی، هیچ جۆرە زانیارییەکی نوێی دیکەی بۆ زیادکەم، چونکە باسێکی فراوانم لە سەر جیۆپۆلیتیکی کوردستان بە دەســـەوەیە. دەمــەوێ، لەوێدا زۆر بە درێژیی لەو بابەتانەی لە دوو توێی ئەم بەرهەمــەدا جــێگەیان نەبۆتەوە، لەوێدا جــێگەیان بکەمــەوە. بەڵام، بە ســەرلەبەری نووسینەکەدا چوومەوە، هەڵەکانی چاپی یەکەمم ڕاسکردەوە، بە ڕێنووسێکی نوێ نووسیمەوە، تا بە شێوەیەکی جوان و بێ کەموکوڕیی، پێشکەش بە خوێنەرانی هێژای گەلەکەمی بکەم.
لە کۆتاییدا دەمــەوێ، بڵێم: هێندێ لەو پێشبینییانەی لە چاپی یەکەمدا کــرابوون، زۆر بە زیــادەوە هاتنەدی. خــوێنەری وریــاش دەتوانێ، خــۆی ســەرێشکبێ، تاڵی ڕەش و سپی، بۆچوونەکانم لێک جیاکاتەوە!
هیــوادارم، ڕووناکــبــیــر و نووســەرانــی گــەلەکــەم، بە دڵێکی پاک و بە سنگێکی فراوانەوە، چاپی دووەمی ئەم بەرهەمەم لێ وەرگرن، ئاوڕێکی پڕ لە بەزەییــانە، لــە بەرهەمـــەکــەم بدەنــەوە، لە ڕەخنەی دڵســـۆزانە و دروسکەرانە، بێبەشی نەکەن.

ستۆکهۆڵم
1999/09/09

گرفته سەرەکییەکانی کـــــــــــورد

بە باوەڕی من، دەردە سـەرەکـییـە کـوشـندەکـانـی کـورد، لە دوو جـۆرە گرفتی سـەرەکی پێکهاتوون. ئەو گرفتانەش، جۆرێکیان پێوەندیی بە کورد و دراوسێکانیی و زلهێزەکانی جیهانەوە هەیە، لە بەر تیشکی کارتێکردنی، فاکتەرە جیۆپۆلێتیکییەکاندا شییاندەکەینەوە. جۆرەکەی دیکەشیان، خۆی لە گرفت و پێوەندییەکانی نێوخۆی کورد و کورددا دەنوێنێ. لێرەدا هەوڵدەدەین، لە پێشدا، سروشتی هەموو گرفتەکان دیاریکەین، لە یەکدیان جیاکەینەوە و بە جیا لە هەر یەکەیان بکۆڵینەوە. پاشـــان بەپێی توانا، پێـــشنیـــازی گـــونجـــاو بۆ چارەسەرکردنیان پێش چاو دەخەین.

یەکەم ـ گرفتەکانی نێوان کورد و دراوسێکانی :

لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەندا بە گشتیی، لە دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا بە تایبەتیی، جگە لە چەڵەمە ڕامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، ئاینیی و ئایینزاییەکان، سێ گرفتی گەورە و گرانی سەرەکیی و گرنگی دیکە هەن. هەر سێ گرفتە سەرەکییەکەش، ڕەگی قووڵیان لە کوردستاندا داکوتاوە. ئەو گرفتانەش ئەمانەن :

١/ گرفتی نەتەوەیی :

بە شێوەیەکی گشتیی، لەو ڕۆژەوە کـــوردەکان، دەسەڵاتی میدیایان لە دەسداوە، واتە: دەورووبەری (2500) ساڵێ لەمەوبەر، دواتریش کاتێ عـەرەبە ئیـسـلامـەکـان، (1400) سـاڵ لەمـەوبـەر، ناوچـەکـەیان داگیرکردووە، بە تایبەتیی لەو ڕۆژەوە، بناغەی هەر دوو ئیمپراتۆریا گەورە دەسەڵاتدارەکەی ڕۆژهەڵات، « سەفەویی » لە سەر بنچینەی ئایینزای شیعە، لە وولاتی فارسی کۆن، لە (1501ز) و ئێرانی ئەوڕۆ دامەزرا، « عوسمانیی » لە بەر ڕۆشنایی ئایینزای سوننی لە تورکیای

کۆن، لە (1299) لە ناوچەکەدا دروسبوو، ئەم گرفتە سەریهەڵداوە و تا ئەورۆش، بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە. بە تایبەتیی دوای هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان (1914-1918) (1939-1945)، هێندەی دیکە، گۆمی بێ ئارامی ئەو گرفتانە قووڵبوونەتەوە و شڵەقێنراون. گرفتە نەتەوەیی یەکانیش، پتر خۆیان لەوەدا دەبینن، چەن دەوڵەتێکی تێریتۆریاڵ ـ واتە: فرە نەتەوە و نیشتمان، لە سەر داروپەردووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند دامەزراون، ئەو گەلانەیان لە چوارچێوەی گرتووخانەی دەوڵەتەکانیاندا دیلکردووە، سەربەخۆیی و ئازادیی نەتەوەیی یان پێشێلکردوون و نوزەیان لێ بڕیوون، واتە: لە پچووکترین مافە دێمۆکراسیی، نەتەوەیی و مرۆیی یەکانی خۆیان بێ بەشیانکردوون. گرفتە نەتەومیی یەکانیش، لە بەر ڕۆشنایی پێوەندییەکانیان بە نەتەوەی کورد و چوار دەوڵەتەکەوە، بە سەر دوو دەستەدا دابەشدەکەین :

1. گرفتی گەل و کەمینە نەتەومیی یەکانی نێو سنووری چوار دەوڵەتەکە

لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە، هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە، خۆیان بە چوار دەوڵەتی ناسیۆنال دادەنێن. چونکە نەتەوە سەردەسەکان، جگە لە خۆیان، دان بە بوون و مافی هیچ یەکێ لەو گەلانەی بندەسیاندا نانێن. بۆیە دەڵێن: گەلی (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا)، هەرگیز زاراوەی گەلانی (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) بەکار ناهێنن. بەڵام، ئەوان بیانەوێ و نەیانەوێ، ئەو چوار دەوڵەتە، بەپێی پێناسەکانی جوگرافیای ڕامیاریی و یاسای نێودەوڵەتان، چوار دەوڵەتی تێریتۆریاڵ پێکدەهێنن. گرفتی گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکانیش، پتر خۆیان لەم چەن نموونانەی لای خوارەوەدا دەبینن :

لە تورکیا، گرفتەکانی تورک لەگەڵ (کورد، ئەرمەن، ئاسووریی، سریانیی، لاز، چەرکەس و عەرەب). لە ئێران، گرفتەکانی فارس لەگەڵ (کورد، بلوچ، تاژیک، ئەفگان، ئازەر، تورکمان و عەرەب). لە عێراق، گرفتەکانی عەرەب لەگەڵ (کورد، تورکمان و ئاسووریی). لە سووریا، وەک گرفتی (عەرەب و کورد).

2. گرفتی گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکان لە کوردستاندا

لە باکووری کوردستان، وەک گرفتەکانی کورد لەگەڵ (تورک، ئەرمەن، ئاسووریی و لاز). لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک گرفتی کورد لەگەڵ (ئازەر، فارس، ئەرمەن و ئاسووریی). لە باشووری کوردستان، وەک گرفتی کورد لەگەڵ (تورکمان، عەرەب، ئەرمەن و ئاسووریی). لە خۆراوای کوردستان، وەک گرفتی(کورد و عەرەب).
دیارە ئەو گرفتانە، وەک سەرچاوەیەکی ئاژاوە و نائارامیی، بە شێوەیەکی بەردەوام، هەموو دینگە سەرەکییەکانی هەر چوار دەوڵەتەکە دەلەرزێنن و بارودۆخی ناوچەکە و جیهانیش دەشڵەقێنن. زۆر کات لە لایەن لایەنێکەوە، یا دەوڵەتێکەوە دەوروژێنرێن و ئاگری جەنگی نێوخۆ، یا جەنگی نێوان دوو دەوڵەت، لە ناوچەکەدا هەڵدەگیرسێ.
تاقیکردنەوەکانی پتر لە حەفتا ساڵی، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، ئەوەیان سەلماندووە، چارەسەری نیوەناچڵی نەتەوەیی، وەک (مافی کەلتووریی، ناناوەندێتی، ئۆتۆنۆمیی، ئۆتۆنۆمیی نێودەوڵەتیی و فیدراڵیی)، چارەسەری کێشەی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە ناکا. چونکە، گەلە سەردەسەکانی ناوچەکە، لە ڕووی شارستانییەوە، لە چەن گەلێکی دواکەوتوو پێکهاتوون. لە ڕووی ئازادیی و دێمۆکراسییەوە، تا ئەورۆ بە هیچ جۆرێ، دێمۆکراسیی نین و بڕوایان پێ ناکرێ. ئەو دەوڵەتانە، وەک چەن دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی، تۆتالیتێر و ڕەفتار فاشیی هەڵسوکەوتدەکەن. لەبەرئەوە، کێشەی نەتەوەیی، بەو گەلە دواکەوتوو و دەوڵەتە سەرکوتکەرانە، چارەسەر ناکرێ. سەیر ئەوەیە، هەر کاتێ ئەو دەوڵەتانە، تووشی گرفتێکی نێوخۆیی و دەرەکیی دەبن، وەک هەنگاوێکی تاکتیکیی، چارەسەرێکی کاتیی بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە. بەڵام، هەر لەگەڵ ئەو هۆکارانە نەمان، ئیدی بە خراپترین شێوە، بۆ سەر ڕەوشتە کۆنەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و پەلاماری بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلانی بندەسیان دەدەنەوە. بۆیە، تەنیا ڕێ ئەوەیە، کێشەی گەلانی ناوچەکە،

به شێوەیەکی بنەڕەتیی و بۆ تاهەتایە، چارەسەرێکی ڕادیکاڵانەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەویش، بە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی ڕامیاریی، هەر چوار دەوڵەتە تێریتۆریاڵاکە دێتە دی. واتە: سەرەتا دەبێ، هەموو لاکان، دان بە مافی چارەنووسی گەلانی ناوچەکەدا بنێن، مافی سەربەخۆیی خۆیان بدەنێ. ئەو مافەش تەنیا، خۆی لە دامەزراندنی چەن دەوڵەتێکی ناسیۆنالی نوێدا دەنوێنێ.

بۆ ئەم کارەش پێویستە، ئەفسانەی پیرۆزیی، هەڵ نەوەشاندنەوە، نەگۆڕان و تێک نەدانی سنوورەکان گۆڕکرێ. چونکە، وەک ئاشکرایە، هیچ سنوورێ پیرۆز نییە و تا سەریش نەگۆڕ نییە. کێ دەیزانی، ئەو سنوورە دەسکردانەی دەوڵەتەکانی (یەکێتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا، ئەسیوبیا و ... تاد)، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەڵدەوەشێندرێنەوە؟! هەر چەندە ئەو دەوڵەتانە، وەک چەن دەوڵەتێکی تێریتۆریاڵ، جۆرە سەربەستییەکی نەتەوەیی تێدابوو، مافی چارەنووسی گەلانی نێو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە، (جگە لە گەلی ئەرتیریا)، تا ڕادەیەک لە (ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیی)دا ڕاگەیەنرابوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هەر هەڵوەشێنرانەوە، لە سەر داروپەردووی ئەو دەوڵەتە تێریتۆریاڵانەش، چەندین دەوڵەتی ناسیۆنال دامەزران، جەنگی سێیەمی جیهانییش هەڵ نەگیرسا و دنیاش کاول نەبوو، وەک هێندێ لە سەرانی کورد، بیری لێ دەکەنەوە! جا لەبەرئەوەی، گەلانی بندەسی ئەو چوار دەوڵەتە، تەنانەت ئەو جۆرە ئازادیی و مافانەشیان نییە، کە گەلانی ئەو دەوڵەتە ناوبراوانەی پێشوو هەیان بووە، ئیدی بۆ دەبێ، مل بۆ باری سەپاو بدەین، بەو بارودۆخە نالەبارە خراپ و چەوساندنەوە نەتەوەیی یە قایل بین؟ بۆ دەبێ، سنووری چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە، تێک نەدرێنەوە و لە جێگەیان، چەن دەوڵەتێکی ناسیۆنال دانەمەزرێندرێن؟!

دوور نییە، هێندێ لە پیاوە ڕامیارییە کلاسیکییەکانی کورد، بڵێن: بارودۆخی نێونەتەوەیی لەبار نییە، دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، ئەو پلانە قەبوڵ ناکەن و بەو نەخشە نوێیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند ڕازی نابن. لە وەڵامدا دەڵێم: ئەوە پتر لە بیانوو دەچێ. چونکە، کەی گەلانی ناوچەکە، داوای ئازادیی و سەربەخۆیی تەواویی نەتەوەیی خۆیان

کردووە، کەی هەوڵیان بۆ دامەزراندنی چەن دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆ داوە، تا ئەوان قایل نەبن؟! خۆ گەر لە سەرەتاشدا دژبن، ئەوا کاتێ جەماوەری ئەو گەلانە، لە سەر داواکارییە ڕەواکانی خۆیان پێ دادەگرن، ئەوانیش کۆڵدەدەن و ناچاردەبن، بیر لە چارەسەرێکی بنەبڕیی بکەنەوە، چیدیکە دژ نەبن و دان بە مافە ڕەواکانی گەلانی ناوچەکەدا بنێن. لەم بوارەدا، تاقیکردنەوەی گەلانی (ئێستلاند، لێتلاند، لیتوانیا و ئەرتیریا)مان هەیە. سەرەتا دەوڵەتە زلهێزەکان، هەموویان دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو گەلانە بوون. بەڵام، کاتێ ئەو گەلانە، لە سەر داواکارییە ڕەواکانی خۆیان سووربوون، ئەوانیش ناچاربوون، کۆڵبدەن و پشگیرییانبکەن، ئەوڕۆش هەموویان، لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتە ناسیۆنالەکانی خۆیاندا، بە ئازادیی و سەربەخۆیی دەژین.

شتێکی ئاشکرایە، تەنیا گەلی کورد، لەو دەوڵەتە تێریتۆریالانەدا، لە ژێر باری ئەشکەنجە، ژان و ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوەییدا نانالێنێ. بەڵکوو، هەموو گەلە بندەسەکان و کەمینەنەتەوەیی یەکانیش، وەک کورد لە پرینسیپەکانی مافی مرۆ، دێمۆکراسیی و نەتەوەیی بێبەشکراون. واتە: لێرەدا دەتوانین، خاڵێکی نێوکۆیی و هاوبەش، لە نێوان گەلانی بندەسی هەر چوار دەوڵەتەکەدا بدۆزینەوە. ئەویش پتر لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و سەرکوتکردنی جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکانی، گەلانی نێو سنووری چوار دەوڵەتەکەدا دەردەکەوێ. بە واتایەکی دیکە، بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەو گەلانە لەوە دایە، هەموو یەکگرن و دژی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە خەباتبکەن، چونکە، دوژمنی سەرەکییان، هەر یەک دوژمنە. بۆیە پێویستە، هەموو هەوڵ، وزە و تواناکان کۆکرێنەوە و لە چوارچێوەی بەرەیەکی ئینتەرناسیۆنالی بەرچاوڕوونی پێشکەوتووخوازانەدا ڕێکخرێن. لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێککەون، کە بنەما سەرەکییەکانی، لە سەر ڕێزی بەرابەریی، یەکسانیی و دانیان بە مافی چارەنووسی یەکدیدا دامەزرابێ.

لەم بوارەدا، نەتەوەکەمان هێندێ ئەزموونی باشی هەیە. بۆ نموونە: لە باکووری کوردستان، گەلی کورد دەتوانێ، دژی دەوڵەتی داگیرکەری

تورک، دەسی هاوکاریی و خەبات، لە نێو دەسی دراوسێ ئەرمەنەکانی بنێ، لە پێناوی دامەزراندنی دوو دەوڵەتی ناسیۆنالی ئەرمەنستان و کوردستاندا، پێکەوە خەباتبکەن. وەک ئەوەی، لە دوای جەنگی یەکەم، لە نێوان نوێنەرانی هەر دوو گەلی کورد و ئەرمەن، (ژەنەراڵ مستەفا پاشا و نۆبەهار پاشا) لە پاریس ڕوویدا.
نموونەیەکی دیکە ئەوەیە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، بە یارمەتیی یەکێتی سۆڤیەت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازربایجان، دوو کۆماری دیمۆکراسیی دامەزرا. پاشان، لە نێوان سەرکردەکانی هەر دوو گەلی کورد و ئازەردا، ڕێککەوتننامەیەکی هاریکاریی دۆستانەی ستراتیژیی پەنجەمۆرکرا، تا پێکەوە بە ئازادیی و ئارامیی بژین و داکۆکیی لە دەسدرێژییەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران بکەن.
هەر چەندە، هەر دوو ئەزموونەکە، لە ئەنجامی چەن فاکتەرێکی دیاریکراودا، زۆر نەژیان و هەر زوو جەوانەمەرگکران. بەڵام، لەبەرئەوەی تا ئەورۆ، لە هەر چوار دەوڵەتەکەدا، چەوساندنەوەکە هەر بەردەوامە و گرفتەکانیش بێ چارەسەرکردن ماونەتەوە، نەتەوەی کورد دەتوانێ، لە ڕێی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانییەوە، کەڵک لەو تاقیکردنەوە مێژوویی یانە وەرگرێ، زیندوویانکاتەوە، پتر دەوڵەمەندیانکا و پەند لە هەڵەکانیان وەرگرێ، تا جارێکی دیکە، ئەو هەڵە و تێکشکاندنانە، دووبارە نەبنەوە و تاقیکردنەوەکانیش، بە باشترین شێوە سەربگرن، سەرلەنوێ پێوەندییەکانی خۆی، لەگەڵ ئەو گەلانەدا دامەزرێنێتەوە و پتەویانکا.
هەمووماں دەزانین، وەک چەندین ساڵە دەڵێین: کوردستان تەنیا موڵکی کورد نییە، بەڵکوو لە هەر بەشێکی کوردستاندا، چەندین کەمینەی نەتەوەیی دیکە دەژین. پێویستە سەرانی کورد، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی مرۆپەروەرانە لەبەرچاوگرن، بە مەرجێ مافە (مرۆیی، نەتەوەیی، دیمۆکراسیی، فەرهەنگیی و دەستووری)یەکانی، ئەو کەمینە نەتەوەیی یانەی تێدا ڕەچاوکرێ، تا لە هەر پارچەیەکدا، تێکۆشانیان بە تێکۆشانی گەلی کوردەوە، بە باشترین شێوە گرێدرێ و دژی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە، بۆ خەباتکردن هاندرێن. چونکە، لە لایەکەوە قەوارەی ڕامیاریی ئەو دەوڵەتە تێریتۆریالانە، تەنیا بە کورد هەڵ

ناوەشێنرێنەوە. گەر ئەو گەل و کەمەنەتەوەیی یانەی کوردستان، لەو خەباتەدا بەشدارییبکەن، گەر هەموو گەلانی ژێردەسی ئەو دەوڵەتانە، بە یەکجار داوای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان بکەن، ئەوا کێشەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو چوار دەوڵەتە تێریتۆریالانەش، ئاسانتردەبێ. هەروەها، بەرنامەی کوردستانی مەزنیش، تەنیا بە نەتەوەی کورد جێبەجێ ناکرێ، دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردستانیش، تەنیا بە نەتەوەی کورد دانامەزرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە، گەلێ بە توانا و بەهێزن، تا دوژمنیان زۆرتربێ، بۆ نەتەوەی کورد باشترە و کارەکەی ئاسانتردەبێ. جگە لەوەی، سەرنج و بیروباوەڕی گەلانی جیهانیش، بە لای کێشە سەرەکییەکەماندا، پتر ڕادەکێشین و پشگیریی و هاریکارییەکی ئینتەرناسیۆنالانە، بۆ خۆمان مسۆگەردەکەین. بۆیە دەبێ، خەباتێکی زۆر لەو بوارەدا بکرێ، توانا و هێزی (نەتەوەیی، ڕامیاریی، دیپلۆماسیی، ئابووریی و سەربازیی)، هەموو گەلانی چەوساوە و بندەسی ئەو چوار دەوڵەتە، لە بەرەیەکی پێشکەوتووخوازانەی ئازادیخوازانەدا کۆکرێنەوە، ڕێکخرێن و دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەگەڕخرێن.

فاکتەرەکانی هێزی نەتەوە

سەرانی کورد دەبێ، زۆر بە کوڵودڵەوە، فاکتەرەکانی جیۆپۆلێتیکی کوردستان، لەبەرچاوگرن. دیارە ئەو فاکتەرانەش، وەک چەن فاکتەرێکی هێزی نەتەوە، حسێبیان بۆ دەکرێ. فاکتەرەکانیش پتر خۆیان لە (خاک، دانیشتووان و سەرچاوە سروشتییەکان)دا دەبینن. هەر سێ فاکتەرەکەش، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی سەربەخۆ و یەکگرتوو، شایانی ئەوەن، باسکرێن و پشتیان پێ ببەسرێ.
بەپێی ئەو سەرچاوانەی ئەوڕۆ لە بەر دەسدان، ڕووبەری جیهان (509 450 000) کیلۆمەتری چوارگۆشە ـ کچگ دەبێ. (360 000 000 کچگ لە ئاو و (149 450 000) کچگ لە وشکانیی پێکهاتووە. هەموو جیهان بە سەر پێنج کیشوەری سەرەکیی و گەورەی وەک (ئاسیا،

ئەوروپا، ئەفریكا، ئەمێریكا و ئوستراليا)دا دابەشكراوە. گەورەترین كیشوەر بە ئاسيا و پچووكترینیشیان بە ئوستراليا دادەنرێ.
جگە لە رووبەری تەوەری خواروو (Antarctic-14 100 000) رووبەری هەر پێنج كیشوەرەكەش بەریز، لە (ئاسيا ـ 44 500 000 ، ئەوروپا ـ 9 957 000، ئەفریكا ـ 30 302 000، ئەمێریكای سەروو ـ 24 241 000، ئەمێریای خواروو ـ 17 793 000 و ئوستراليا و ئۆقیانووسەكانیش ـ 8 557 000) كچگ پێكهاتووە.«4،10» لەو پێنج كیشوەرە گەورە و پانوپۆرەی جیهانیشدا،(192) دەوڵەتی گەورە و گچكە، زەریایی و كیشوەریی، ناسیۆنال و تێریتۆریال هەیە. پتر لە (185) دەوڵەتیان، لە دەزگەی كۆمەڵەی نەتەوە یەككرتووەكاندا، مافی ئەندامێتیان پێ بەخشراوە. ژمارەی دانیشتووانی جیهان، لە نێوان (5.5 - 6.0) ملیار دایە.
گەر رووبەری خاك و ژمارەی دانیشتووانی، هەر یەكێ لەو دەوڵەتانە، لەگەڵ رووبەری خاكی كوردستان و ژمارەی نەتەوەی كورددا بەراوردكەین، ئەوا رووبەری (142) دەوڵەت، لە رووبەری خاكی كوردستان پچووكترن. رووبەری دوو دەوڵەتی وەك (ئیسپانیا ـ 504.750 كچگ و تایلاند ـ 513.115 كچگ) نزیكەی وەك یەك وان. بەڵام، تەنیا رووبەری (48) دەوڵەت، لە رووبەری خاكی كوردستان گەورەترن. لە رووی ژمارەی دانیشتووانیشەوە، ژمارەی دانیشتووانی (163) دەوڵەت، لە ژمارەی نەتەوەی كورد كەمترن. تەنیا ژمارەی دانیشتووانی (29) دەوڵەت، لە ژمارەی نەتەوەی كورد زۆرترن. لەو رووبەرە پانوپۆرەی جیهانیش، پتر لە (500 000) كچگ بەر كوردستان دەكەوێ. ژمارەی نەتەوەی كوردیش لە ناوەوە و دەرەوەی كوردستان، پتر لە (30 000 000) مرۆڤ دەبێ.
زاناكانی جوگرافیای رامیاریی، هەموو دەوڵەتەكانی جیهان، بەپێی رووبەرەكانیان، بە سەر حەوت گروپدا دابەشدەكەن. بەپێی ئەو دابەشكردنە بێ، كوردستان وەك وڵاتێ، لە رووی فراوانیی رووبەری خاكەوە، لە دەستەی سێیەمدا پۆلێندەكرێ. هەر وەك لە خشتەی ژمارە « 1 » دا دەردەكەوێ. گەر تەنیا رووبەری خاكی كوردستان، وەك فاكتەری خاك وەرگرین، ئەو رووبەرەش بە (500 000) كچگ دانێین،

بەراوردێ لە نێوان ڕووبەری خاکی کوردستان و چەن دەوڵەتێکی جیهاندا بکەین، ئەوا دەبینین، ڕووبەری خاکی کوردستان، چەندین جار لە ڕووبەری ئەو دەوڵەتانە گەورەترە، وەک لە خشتەی ژمارە « 2 » دا پیشانیدەدەین.
گەر ژمارەی دانیشتووانی کوردستانیش، وەک فاکتەری دووەم وەرگرین، ئەوا گەلێ لە ژمارەی دانیشتووانی، هێندێ لە دەوڵەتەکانی جیهان زۆرترە. وەک لە خشتەی ژمارە « 3 »دا دەیبینین. لە هەمان کاتیشدا، گەر ژمارەی نەتەوەی کورد لە جیهاندا، تەنیا بە (30) میلیۆن بقەبڵێنین، بەراوردێ لە نێوان ژمارەی کورد و ژمارەی دانیشتووانی چەن دەوڵەتێکی جیهاندا بکەین، ئەوا دەبینین، ژمارەی کورد لە چاو ژمارەی دانیشتووانی ئەو دەوڵەتانەدا، چەندین جار زیاترە، وەک لە خشتەی ژمارە « 4 » دا دەردەکەوێ. کەچی ئەوڕۆ نەتەوەی کورد،(لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و دیمۆکراسیی و مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ بێبەشکراوە)«122،2» و خاوەنی دەوڵەتێ ناسیۆنالی خۆشی نییە.
بەپێی سەرژمێرێکی تایبەتیی، ساڵی1991 لە گۆڤاری (Kurdish Times) لە ئەمێریکا بڵاوکراوەتەوە،(کورد لە ماوەی سی ساڵی داهاتوودا*، دەبێتە دووەمین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە مەزنی ژمارەیدا لە پاش عەرەب دێ. ئەو دەم کۆی ژمارەی کورد لە هەموو کوردستاندا دەگاتە نزیکەی 65.9 میلیۆن)«2،5».
لە ڕووی سەرچاوەی سروشتیشەوە، وەک فاکتەری سێیەمی هێزی نەتەوە، کوردستان بە یەکێ لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی، ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەند دادەنرێ. دەشتاییەکی زۆر و خاکێکی بەپیتی هەیە، ئاووهەوایەکی جۆراوجۆری هەیە. بەو هۆیەوە دەتوانرێ، چەندین جۆر کشتوکاڵی جیاوازی وەک بەروبوومی کێڵگە، سەوزە و میوەی تێدا بڕوێنرێ. سەرچاوەیەکی ئاوی زۆری هەیە، هەم بۆ خواردنەوە، هەم بۆ کشتوکاڵ، هەم بۆ وزەی کارەبا و پرۆژە پیشەسازییەکان بەکاربێنرێ.

---

* واتە: ساڵی2020 ، ژمارەی نەتەوەی کورد بەو شێوەیە زیاددەکا.

هەروەها، خاوەنی سەرچاوەیەکی سروشتیی، وزەیەکی مەزن و لەبن نەهاتووی وەک (نەوت، گازی سروشتیی و خەڵوزی بەردینە). جگە لەوەی، ژێر زەوییەکانی خاکی کوردستان، بە چەندین جۆر کەرەسەی خاو و کانزای بریسکەدار و نابریسکەداری بە نرخ و گرانی وەک (ئاڵتون، زیو، نیکل، ئەلەمنیۆم، ئاسن، مس، مەنگەنیز، گۆگرد، فۆسفات، قورقوشم و یۆرانیۆم ...) سیخناخکراون و هێندەی دیکە وولاتەکەیان دەوڵەمەندکردووە، کە دەتوانرێ، بە هۆیانەوە بازرگانییەکی گەورەی نێوخۆیی و دەرەکیی دابمەزرێنرێ و پیشەسازییەکی قورسی پێشکەوتووخوازانە بهێنرێتە کایەوە.
هەروەها، چەندین کەرەسەی خانووبەرەی وەک (مەڕمەڕ، بەرد، گەچ، خۆڵ، زیخ، لم و چەو)ێکی زۆر لە کوردستاندا هەن، بۆ مەبەسی تایبەتیی و ئاوەدانکردنەوەی وولاتەکە دەسدەدەن.
ئەم سێ فاکتەرەی هێزە جیۆپۆلیتیکییەی کوردستان هەیەتی، گیانێکی مەزن و پیرۆز، بە بەر جەستەی نەتەوەکەدا دەکا، هێز و دەسەڵاتێکی بێ ئەندازە، بە دەوڵەتی پاشەڕۆژی کوردستان دەبەخشێ.
(بۆیە پێویستە، لێکدانەوەیەک، شیکردنەوەیەکی نوێ، بۆ بارودۆخی نەتەوەی کورد بکرێ، چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ تاهەتایە، بۆ کێشە ڕەواکەی بدۆزرێتەوە.)«122،2»

خشتەی ژمارە « 1 »

بەراوردکردنی ڕووبەری دەوڵەتەکانی جیهان، لەگەڵ ڕووبەری کوردستاندا. (500 000 کچگ) « 57.8 »

گروپ	ژمارەی دەوڵەت	نموونە	ڕووبەر/کچگ
یەکەم	06	ئەمێریکا، ئوستراليا و ڕووسيا	(7.7 - 17.0)م
دووەم	11	هیندستان، مەکسیک و لیبیا	(1.7 ـ 3.3)م
سێیەم	57	ئەڵمانیا، فڕەنسا و میسر	280 هـ ـ 1.3 م
چوارەم	50	بریتانیا، تونس و کوبا	(51 ـ 260) هـ
پێنجەم	25	یۆگۆسلاڤیا، سویسرا و تایوان	(20 ـ 50) هـ
شەشەم	36	قوبرس، لوبنان و سینگاپورە	250 ـ 19 هـ
حەوتەم	07	سان مارینۆ، مۆناکۆ و ناورو.	0.44 ـ 250
کۆ	192		

تێبینـــی :
لەبەرئەوەی ناوی هەموو دەوڵەتەکانی جیهان، لێرەدا جێی نەبۆوە، لە هەر گروپەی تەنیا ناوی سێ دەوڵەتمان وەک نموونە وەرگرت.
م ـ میلیۆن
هـ ـ هەزار

خشتەی ژمارە « 2 »

بەراوردکردنی ڕووبەری کوردستان، لەگەڵ ڕووبەری هێندێ لە دەوڵەتەکانی جیهاندا.

کیشوەر	ژمارەی دەوڵەت	پچووک	گەورە	نموونە	گروپ	ڕووبەر کچک	جیاوزایی کچک
ئاسیا	46	33	13	مالدیڤ	6	288	1736
ئەورووپا	44	40	04	ڤاتیکان	7	0.44	113 636
ئەفریقا	53	31	22	سێیشێلێر	6	453	1104
ئەمێریکا سەروو	23	20	03	کیتیس نیڤیس	6	269	1859
ئەمێریکا خواروو	12	05	07	سورینام	4	163.820	3.0
ئوستralیا	14	13	01	ناورۆ	7	21	23 809
کۆ	192	142	50				

بۆ نموونە: لە کیشوەری ئاسیادا، (46) دەوڵەت هەیە،(33) دەوڵەتیان لە ڕووبەری کوردستان پچووکترن، (13)دەوڵەتیان یان گەورەترن. وەک (مالدیڤ) لە ڕووی ڕووبەرەوە لە گروپی شەشەمدا پۆلێندەکرێ. ڕووبەرەکەی (288) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. واتە: ڕووبەری کوردستان (1736) جار لە ڕووبەری (مالدیڤ) گەورەترە.

خشتەی ژمارە « 3 »

بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتووانی دەوڵەتەکانی جیهان، لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی کوردستاندا. (30میلیۆن) « 10 »

کیشوەر	نموونەی دەوڵەت	ژمارەی دانیشتووان
ئاسیا	ئەرمینیا ، نیپاڵ، کۆریای سەروو و مالیزیا	252 هـ ـ 23م
ئەوروپا	دانیمارک، ڕۆمانیا ، هۆڵەندا و پورتوگال	1000 ـ 23 م
ئەفریقا	جەزایر، سۆماڵ، گامبیا و کۆنگۆ	72 هـ ـ 28م
ئەمێریکا سەروو	کەنەدا، نیکاراگوا، پەنەما و جامایکا	40.7 هـ ـ 28 م
ئەمێریکا خواروو	ڤنزەوێلا، پیرۆ، بۆلیڤیا و چیلی	423 هـ ـ 23.7 م
ئوستراليا	ئوستراليا ، ناورو، پالاو، و نیوزیلاند	10هـ ـ 18م

هـ ـ هەزار
م ـ میلیۆن
لێرەدا تەنیا ، هێندێ لە نموونەی دەوڵەتە جیاوازەکانی هەر پێنج کیشوەرەکەی جیهان پیشاندراون، کە ژمارەی دانیشتووانیان، لە ژمارەی نەتەوەی کورد کەمترن.

خشتەی ژمارە « 4 »

بەراوردکردنی ژمارەی کورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی هێندێ لە دەوڵەتەکانی جیهان. (ساڵی 1994)« 10 »

کیشوەر	ژمارەی دەوڵەت	کەم	پتر	نموونە	گروپ	ژمارەی دانیشتووان	جیاوازیی
ئاسیا	46	34	02	مالدیڤ	6	252 هـ	119
ئەوروپا	44	36	08	ڤاتیکان	7	1 هـ	30 هـ
ئەفریقا	53	48	05	سیێشێلێ	6	72 هـ	417
ئەمێریکا سەروو	23	21	02	کیتس نیڤیس	6	41 هـ	378
ئەمێریکا خواروو	12	09	03	سورینام	4	423 هـ	71
ئوستڕالیا	14	14	00	ناورۆ	7	10 هـ	3 هـ
کۆ	192	162	30				

هـ ــ هەزار

بۆ نموونە: لە کیشوەری ئەوروپادا، (44) دەوڵەت هەیە. ژمارەی دانیشتووانی (36) دەوڵەتیان لە ژمارەی کورد کەمترن و تەنیا (8)دەوڵەتیان زۆرترن. وەک (ڤاتیکان)لە گروپی (7) دا پۆلێندەکرێ. ژمارەی دانیشتووانی یەک هەزار کەسە. واتە: ژمارەی کورد (30) هەزار جار لە ژمارەی دانیشتووانی (ڤاتیکان) زیاترە.

2/ گـــرفتی وزه :

بە شێوەیەکی گشتیی، ئەو وڵاتانەی لە ڕووی سەرچاوە ئابووریی یە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندن، گەلەکانیان بە تێروتەسەلیی، بەختەوەریی، سەروەریی و سەرفرازیی دەژین. بە پێچەوانەشەوە، ئەو وڵاتانەی لە ڕووی ئەو سەرچاوانەوە هەژارن، ناتوانن، بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک، خۆراکی دانیشتووانی وڵاتەکانیان دابینکەن، برسێتیی، بێکاریی، نەخۆشیی، نەزانین، هەژاریی و چەرمەسەریی ڕوویان تێدەکا. بۆیە ناچاردەبن، دەس لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان پانکەنەوە. لەبەرئەوە، ئەو دەوڵەتانە لە ڕووی ئابووریی یەوە لاوازدەبن، زۆر جاریش، سەربەخۆیی خۆیان گومدەکەن. هەروەها، بەو پێیەی ئاسایشی خۆراک، بە بەشێ لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوە دادەنرێ، ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر، ئەو ئاسایشەش لەدەسدەدەن.

گەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی سەرەوەدا، سەرنجێکی باری ئابووریی کوردستان بدەین، وەک کەمێ پێشتر باسمانکرد، دەبینین، کوردستان وەک وڵاتێکی دەوڵەمەند، هەموو جۆرە کەرەسەیەکی خاو و پێداویستەکانی ژیانی تێدا چنگدەکەوێ. کەچی هەموو ئەو سەروەت و سامانە گەورەیە، وەک فاکتەرێکی کاریگەری داگیرکردن، دابەشکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتیی، کارێکی یەکجار مەزنیان، لە باری (نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی) نەتەوەی کورد کردووە. هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەش وەک زەروو، بە ئارەزووی خۆیان خوێنی دەمژن. نەتەوەی کوردیش، سەرەڕای ئەو هەموو سەروەت و سامانە نەتەوەیی یەی هەیەتی، بە هەژاریی و چەوساوەیی، لە سەر خاکی باوباپیرانی خۆی دەژی.

وەک پرۆفیسۆر « لازەریف »یش دەڵێ: (گەورەترین خەزێنەی زێڕی ڕەش، لە ناوچەی کەنداوی فارس دایە، کە خاکی کوردستان بەشێکی گرتۆتەوە.)«37،9» لە کوردستاندا نەوتێکی زۆر، سەرچاوەیەکی سروشتیی وزە، کەرەسەیەکی خاو و کانزایەکی زۆر هەیە، ئەم سەروەت و سامانە گەورەیە، بڕبڕەی پشت و شادەماری ئابووریی، هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە پێکدێنێ. لە ڕێگەی ئەو

دەوڵەتانەشەوە، دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی بەرەی خۆراوا، سەروەت و سامانی کوردستان، بە نرخێکی هەرزان کێشدەکەن و کارگەکانیانی پێ بەگەڕدەخەن. چونکە (پیترۆڵ گەورەترین داهاتی سوتەمەنیی کوردستان پێکدێنێ. 8٪ی ئیحتیاتی پیترۆڵی هەموو دنیا ـ بلۆکی سۆسیالیستی پێشووی لێ بترازێ ـ لە کوردستاندا و بە شێوەیەکی سەرەکیی لە کەرکووک و کرماشان و خانەقین و بە شێوەیەکی کەمتر لە سیرت و باتمان دایە.)«54،7» واتە: ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان، لە بوون و بەرهەمهێنانی نەوتدا، لەچاو باکوور و خۆراوای کوردستان، بەشی شێریان بەردەکەوێ. بە تایبەتیی لە باشووری وولاتدا، نەوت لە هێندێ ناوچەی دیکە دۆزراوەتەوە، بەلام تا ئێستە دەر نەهێنراوە. لێرەدا، بە پێویستی دەزانین، هێندێ لەو سەرچاوە گرنگانەی وزە لە کوردستاندا، لە خشتەی ژمارە« 5 » دا پێش چاو خەین.

جگە لەگازی سروشتیی، وەک کەرسەیەکی سوتەمەنیی لە کوردستاندا بەکاردێنرێ، ناوچەکانی (کەرکووک، تەنگەی بیجاڕ و بەبەقیر لە کرماشان)، بە دەوڵەمەندترین ناوچەی کوردستان دادەنرێن. بۆیە هەمیشە ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە، بە دەس و بە دان کوردستانیان گرتووە و بە هیچ شێوەیە ئامادە نین، دەسبەرداری بن. بەلام ئەز پێموایە، بەرەی ڕۆژاوا، گەر کوردستانێکی ئازاد، سەربەخۆ و یەکگرتوو دروسبێ، ئەوان بە هیچ جۆرێ زیانی لێ ناکەن. چونکە، لە لایەکەوە کەرەسە خاوەکانی کوردستان، ڕاستەوخۆ لە کورد خۆی دەکڕن. لە لایەکی دیکەشەوە، کوردستانی وێرانکراو و دواکەوتوو، وەک بازاڕێکی گەورە و باشی نوێ، بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان بەکاردێن. جگە لەوەی دەبێ، هەر ئەو دەوڵەتە پیشەسازییە سەرمایەدارانەی خۆراوا، کارگە و پیشەسازییە قورسەکان لە کوردستان دامەزرێن. واتە: نەتەوەی کورد، چەن قازانج لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا، دەوڵەتەکانی خۆراواش، لە ڕووی دەسکەوتی ئابووریی یەوە، دوو هێندە قازانجی لێ دەکەن.

3/ کێشـــــەی ئاو :

گەر ئەورۆ، کێشەی ئاو، لە ژیانی گەلانی ناوچەکە و جیهاندا، ئەو ڕۆڵ و بایەخـەی فـاکـتـەری نـەوت نەبینێ، ئەوا لە پاشـەڕۆژێکی نزیکدا، هەمان ڕۆڵی گرنگ و بگرە پتریش وازیدەکا.
هێندەی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو، لە کوردستانی مەزندا هەن، هێندە لە هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستاندا نین. بە تایبەتیی باکووری کوردستان، بە هەز دوو ڕووباری (دیجلە و فورات)، کە سەرچاوەکانیان لە چیاکانی کوردستان هەڵدەقوڵێن، هێندەی دیکە کوردستانیان دەوڵەمەندکردووە و ڕازاندۆتەوە. (سامانی ئاوی ساڵانە، بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دادەنرێ)«79،6» لەبەرئەوە، چ تورکیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چ سووریا و عێراق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خۆیان بە خاوەن یا بە برابەشی ئەو دوو ڕووبارە دەزانن. بۆیە، هەر لە کۆنەوە تا ئەورۆش، چەندین جار، کێشە و گرفت لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا، لە سەر ئاو دروسبووە. بە تایبەتیی ئەورۆ لە تورکیادا، تورکەکان پرۆژەی (GAP)یان هێناوەتە کایەوە، ئەو پرۆژەیە هەڕەشەیەکی گەورە، لە پاشەڕۆژی سووریا و عێراق دەکا.
دوکتۆر « عەبدوڵڵا غەفوور »، سەرچاوەکانی ئاوی لە کوردستاندا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابەشکردووە :
١. ئاوی سەر ڕووی زەویی: وەک ئاوی (ڕووبارەکان و زەریاچەکان). دەتوانین ئاوی ڕووبارەکانی کوردستان، لە خشتەی ژمارە « 6 »دا پیشاندەین. زەریاچەکانیش وەک (وان، ورمێ، زرێبار، تەنگەسوو، موورزەرد، هەپر، ئالمان، مان گشت، بەرم شوور).
٢. ئاوی ژێرزەویی: کوردستان سامانێکی زۆری ئاوی ژێرزەویی هەیە. جا ئەو ئاوانە، یا بە شێوەیەکی سروشتیی هەڵدەقوڵێن، وەک ئاوی (کانیی و سەرچاوەکان.) یا بە شێوەیەکی میکانیکیی دەردەهێندرێن، وەک (کارێز، ناعور، پەمپی ئاو و بیر).
٣. پرۆژەکانی ئاو: ئەمانیش سێ جۆرن :
ـ عەماراوەکان وەک (دوکان، دەربەندیخان، بێخمە، مهاباد، ئاراس و زێڕین چەم).

ـ ئاوبەندەكان وەك (چەغەلوەندی، ئەسەدخان، دز، كارون، كەرخە، ئەڵوەند، گەنجان جم، دەركەئاسن، جەوادیە و جەراحی.)
ـ پرۆژەكانی ئاودێریی وەك (موسڵ، كەركوك، سەنگەسەر، دوبز، خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ ـ GAP)«80،6 ـ 129»

ئەم سێ گرفتە سەرەكیی و گەورەیەی، لە ناوچەكەدا بە گشتیی و لە كوردستاندا بە تایبەتیی هەن، جگە لە باری سەخت و ئاڵۆزی جیۆپۆلێتیكی كوردستان، كە هەر بەشێكی قوڵاییەكی ستراتیژیی، بۆ چوار دەوڵەتە داگیركەرەكە پێكدەهێنێ، بە شێوەیە لە شێوەكان، زۆر بە زەقی لە كوردستاندا ڕەنگیانداوەتەوە. هەر یەكەشیان بە جیاجیا، هێندێ جاریش هەرسێكیان پێكەوە، لە لایەكەوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، هەم كار لە بارودۆخی نێوخۆی كوردستان و هەر چوار دەوڵەتەكە دەكەن، هەم كارێكی زۆر لە پێوەندییەكانی نێوان كورد ـ كورد، كورد ـ تورك، كورد ـ فارس، كورد ـ عەرەب، كورد و كەمینەكانی كوردستان دەكەن و هێندەی دیكە، كێشەی نەتەوەیی كوردیان ئاڵۆز و سەختتر كردووە. لە لایەكی دیكەشەوە، بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، كار لە یەكدی و پێوەندییەكانی نێوان هەر چوار دەوڵەتەكە، بارودۆخی دەوڵەتەكانی ناوچەكە و جیهان دەكەن، بە تەواویی باری ئارامیی و هێمنیی، بازاڕی دەوڵەتەكانی ئەوروپای سەرمایەداریی دەشڵەقێنن.

بۆیە دەبێ، ئەو گرفتە سەرەكییانەی كوردستان، وەك سەرچاوە و كرۆكی باس و كێشەیەكی گرنگ، بایەخێكی زۆری پێ بدرێ و لێكۆڵینەوەی زۆرتر و تایبەتییان لە سەر بكرێ. چونكە، بناغەی پایە سەرەكییەكانی هەر لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمیی، لە بەر ڕووناكایی ئەو سێ فاكتەرە، جوگرافیای ڕامیاریی و باری جیۆپۆلێتیكی ناوچەكەدا دانەڕێژرێ، هەر لێكۆڵینەوەیەك، بە بارودۆخی نەتەوەی كورد، ڕەوشی كوردستان و چوار دەوڵەتەكە، پێوەندییەكانیان بە دەوڵەتەكانی دەوروبەر و ناوچەكە و جیهانەوە گرێ نەدرێ، ئەوا لێكۆڵینەوەیەكی پوچ و لاواز دەردەچێ.

خشتەی ژمارە « 5 »

سەرچاوە نەوتییەکانی کوردستان « 6، 371 -357 »

ناوچە	چاڵگە نەوتییەکان	ڕێژەی % نەوتی خاوی ساڵانە بۆ نەوتی کوردستان
باکوور	سیرت، دیاربەکر، قەرەچوغ، سوێدی، ڕۆمێلان، عەینزالە و باتمان.	03
ناوەند	بابەگوڕگوڕ، بای حەسەن، زمنبوور، نەوتخانە و شیوەشۆک.	45
باشوور	ئاغاجاری، پازنان، گەچساران، لالی، ماموتین، مەسجیدی سلێمان، نەوتی سەفید، نەوتی شاە و هەفت کل.	49

خشتەی ژمارە « 6 »

ڕووبارەکانی کوردستان بەپێی ڕێژگەکانیان « 129-80،6 »

ڕێژگە	ڕووبار	لقەکانی
حەوزی کەنداوی فارس	فورات	(ڕووباری قەرەسوو) چەمی باشی، ئاوی ئۆمەرتەپە. (ڕووباری موورات) دەرەی شێخ برایم، دەرەی گەلوتان، دەرەی قەرەکایە، چەمی قۆیکیران، چەمی چۆما، چەمی شەییار، دەرەی باشمە، ئاوی حەسەناوا و چەمی گەن.
	دیجلە	چەمەکانی (بەرکیلین، ئەمبار، قورو، پامبوخ، باتمان، کاززان، بۆتان، قزل، چاغلان) دەرەی قاواجیک، دەرەی ئینلی، ئاوی نەزیل، ڕووباری خابور، زێی گەورە، زێی کچکە، ئاوی سیروان و ڕووباری عوزێم.
کەنداوی ئەسکەندەروون	جەیحان	چەمەکانی(سوغوتلی، کوکسون و ئاقاسوو.
	عەفرین	ئاوی سابوونە ... تاد
زەریای خەزەر	ئاراس	چەمەکانی (ئاریا، ئاق، قوتور)، دەرەی ئاساغ، زنگمار.
زەریاچەکان	وان	چەمەکانی(دەلی، یەنیکۆپرو، مەرمیت، بەندماها) ئاوی گوزال.
	ورمێ	چەغەتوو، خوڕخوڕە، کوڕەقەڵا، چەمی سەقز(چەمی خان و چەمی ئاڵتون)، تەتەهوو.

دووەم. کێشەی کورد و زلهێزەکانی جیهان :

بەرنامەی زلهێزەکانی بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ، لە قازانجی بزووتنەوەی کوردایەتیدا نەبووە. بەڵام دوای ئەوەی، گۆڕانکارییە گەورە و گرانەکانی جیهان ڕوویاندا، دوای ئەوەی جەنگی سارد، لە نێوان هەر دوو کەمپی سەرمایەداریی و سۆسیالیستیدا، کۆتاییپێهات، دوای ئەوەی ململانێ ئایدۆلۆژییەکە، بە سەرکەوتنی بەرەی کەپیتالیزم و تێکشکاندنی بەرەی سۆسیالیزم تەواوبوو، ئیدی لەو ڕۆژەوە، بە تەواویی گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکە، بۆ ئەمێریکا بە تایبەتیی و بەرەی ڕۆژاوا بە گشتیی چۆڵبووە.
گەر چی ئەمێریکا بە ڕواڵەت، باسی مافی مرۆڤ و پرینسیپەکانی دێمۆکراسیی دەکا، بەڵام هەموو ئەو بیروباوەڕانە، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانیدا، بە ئاسانترین شێوە پێشێلدەکا. چاو لە هەموو جۆرە، چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی گەلانی جیهان دەپۆشێ، بڕوبیانو بۆ زۆرداریی و دەسدرێژیکانی، دەوڵەتێکی هاوپەیمانی وەک تورکیا دەدۆزێتەوە.
گەر جاران ئەمێریکاییەکان، بە پلەی یەکەم، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی شانشینی ئێرانی هاوپەیمانیانەوە، لە کێشەی کورد و شۆڕشی (11/سێپتێمبەری/1961)یان دەڕوانی، ئەوا دوای شۆڕشی ساڵی (1979)ی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی، ئەو دۆستە دێرینەیان لە ناوچەکەدا لەدەسدا. هەر چەندە، شتێکی ئەوتۆ لەو شانۆگەرییەی جارانیان نەگۆڕاوە، چونکە ئێستەش، هەر لە درزی بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە، لە کێشەی کورد و هەر دوو شۆڕشی باکوور و باشووری کوردستان دەڕوانن.
دیارە ئەو گەلە بندەسەی، بە تەمای دەوڵەتێکی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی وەک ئەمێریکا بێ، ڕزگاریکا و دەوڵەتی ناسیۆنالی سەربەخۆی بۆ دامەزرێنێ، تا ماوە دەبێ، خەو بە ئازادیی و سەربەخۆیی یەوە ببینێ و هەر بەو ئاواتەشەوە سەربنێتەوە. چونکە، لە مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەسی جیهاندا، تەنانەت تاکە یەک نموونە بەدی ناکرێ، ئەمێریکا یارمەتیی

گەلێکی بندەسی دابێ، تا خۆی ڕزگارکا و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، هەمیشە دژی بزووتنەوە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکانی گەلانی جیهان ڕاوەستاوە، بە خراپترین شێوە، هەوڵی دامرکاندنەوە و لەنێوبردنی داوە.
لەو بوارەدا، نەتەوەی کورد، چەن تاقیکردنەوەیەکی تفتوتاڵی، لەگەڵ ئەمێریکا بە تایبەتیی و بەرەی خۆراوادا بە گشتیی هەیە. وەک ئەوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، کوردستانیان بۆ جاری دووەم دابەشکرد، بناغەی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەیان دامەزراند و بە هەموویان پتەویانکرد. لە باکووری کوردستان، دژی هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی (شێخ سەعیدی پیران، ئاراڕات و دەرسیم) ڕاوەستان، بۆ لەنێوبردنی ئەو ڕاپەڕینانە، یارمەتییەکی زۆری تورکەکانیان دا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، درێغیان لە تێکدان و ڕووخاندنی کۆمارە ساواکەی کورددا نەکردووە. لە باشووری کوردستان، دژایەتی زنجیرە شۆڕشەکانی (شێخ مەحموود و بارزان)یان کردووە. لە هەموو نموونەکانی دیکەش زەقتر و نزیکتر ئەوەیە، ئەمێریکا ڕۆڵێکی مەزنی لە تێکشکان و هەرەسپێهێنانی شۆڕشی (11/ سێپتێمبەر)دا گێڕاوە. هەروەها ئەورۆ، هەڵوێستیان بەرانبەر شۆڕشی (P.K.K.) لە باکووری کوردستان، لە هەموو ڕۆژێ خراپترە.
لێرەدا دەتوانین، دوو نموونە لە سەر هەڵوێست و بەرژەوەندییەکانی ئەمێریکا لە ناوچەکەدا بێنینەوە. کاتێ لەشکری ئێران، سنووری نێودەوڵەتیی نێوان ئێران ـ عێراقی بەزاند و لە شارۆچکەی کۆیە، لە بنکەکانی (حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران)ی دا، ئەمێریکا بە توندترین شێوە نارەزایی خۆی دەربڕی. ئەو هاوار و نارەزاییەی ئەمێریکا، لە بەر خاتری چاوی کاڵی، حیزبی دێمۆکرات و گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو، تەنیا دژی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی ئێران بوو، چونکە، پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئێرانییەکان لە ناوچەکەدا، هەڕەشەیەکی گەورە لە بەرژەوەندییەکانیان دەکا. بەڵام، تا ئێستە چەندین جار، سوپای تورکیای هاوپەیمانی ئەمێریکا، بە ئاشکرا و بەبەر چاوی هەموو گەلانی جیهانەوە، سنووری نێودەوڵەتیی نێوان تورکیا ـ عێراقیان بڕیوە، بە دڕندانەترین شێوە، پەلاماری

کوردستانیان داوه، خاکی باشووری کوردستانیان، به بۆمبای ناپاڵم و ڕاکێت کێلاوه، به دەیان پیر، منداڵ و ژنیان کوشتووه، تەڕ و وشکیان پێکەوه سوتاندووه، هێندێ له گونده ئاوەدانکراوەکانیشیان، لەگەڵ زەویدا تەختکردووه، کەچی کاربەدەسانی ئەمێریکای قەڵای ئازادیی، دێمۆکراسیی و مافی مرۆڤ، تەنیا له بەر ڕای گشتیی، له بەر خۆیانەوه سرته و بۆڵەیەکیان لێهاتووه، ئەگینا زۆر بایەخیان بەو کاره چەپەڵ و دڕندانەیەی تورکەکان نەداوه. له هەمان کاتیشدا، ئەو مافەیان به تورکیای داردەسیان ڕەوابینیوه، له ژێر چارشێوی قەلاچۆکردنی کاری تیرۆریستیدا، گریلاکانی (P.K.K.) لەنێوبەرن و داکۆکیی له ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی تورک بکەن!
کاتێ عێراق کوێتی داگیرکرد، ئەمێریکا گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتیی سازکرد و به هەموویان پەلاماری عێراقیان دا. بەلام، کاتێ سەددام پەلاماری خوارووی عێراق و کوردستانی دا، له ئاستی ئەو دوو کارەساته مەزنەی، به سەر شیعەکان و گەلی باشووری کوردستاندا هات، هیچیان نەکرد و بێدەنگبوون، تا سەددام هەموو ناوچەکانی خوارووی عێراق و کوردستانیشی گرتەوه.
ئەم چەن نموونەیه، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، لای ئەمێریکا شتێ نییه، ناوی مافی مرۆڤ، کێشەی کورد و پرینسیپەکانی دێمۆکراسیی بێ، بەڵکوو تەنیا، بەرژەوەندیی خۆی و تورکیای وابەستەی لەبەرچاو دەگرێ. لەبەرئەوه، کاربەدەسانی ئەمێریکا، مافی گەلانی بندەس، به قوربانی یەکێ له چاڵگه نەوتەکانی کەنداوی فارس دەکەن.
وەنەبێ، له ئاستی ئەم کەڵەگایی و کۆنترۆڵکردنەی جیهاندا، دەوڵەتەکانی جیهان له ئەمێریکا بێدەنگ بووبن. ئەوڕۆ خەریکه وردەوردە، جەنگی سارد له سەر ئاستی جیهان، جارێکی دیکه زیندوودەبێتەوه و نیشانەکانی دەردەکەون. چونکه، چ « چینی میللی » وەک زلهێزێکی ئەتۆمیی و دەوڵەتێکی خاوەن توانای مرۆیی، سەربازیی و ئابووریی، چ « ژاپۆن » وەک زەبەلاحێکی پیشەسازیی، چ « ڕووسیای فیدراڵ »، وەک دەوڵەتێکی مەزن، ئەتۆمیی و دەوڵەمەند، به فراوانبوونی دەسەلاتی بلۆکی « NATO » بەرەو ڕۆژهەلات و دەسەلاتی یەک لایەنەی زلهێزێکی وەک ئەمێریکا له جیهاندا، ڕازی

نابن. ئەوە جگە لەوەی، بارودۆخەکە بە تەواویی گۆڕاوە، وەک جاران، مەترسیی شالاو و تەنینەوەی کۆمۆنیزم، لە سەر دەوڵەتەکانی ئەورووپا نەماوە. بۆیە ئەورووپایی یەکانیش نایانەوێ، ئەمێریکا وەک زلهێزێکی جیهانیی، دەس بە سەر بازارەکانیان و سەرچاوەکانی وزە لە جیهاندا بگرێ و کۆنترۆڵیانکا، هیچ لایەکیان بە دەسەڵاتی یەک بلۆکی قایل نابن. لەبەرئەوە دەوڵەتەکانی ئەورووپا، هەر لە کۆنەوە هەوڵیانداوە، خۆیان لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی ئەمێریکا ڕزگارکەن، بەرنامەیەکی ئابووریی سەربەخۆ و پێشکەوتوو پیادەکەن، پارێزگاریی نرخی پارەکانیان لەبەردەم نرخی دۆلاری ئەمێریکاییدا بکەن. ئەورۆ هێزی ئەورووپا، بەرانبەر هەڕەشە و مەترسێکانی ئەمێریکا، خۆی لە یەکێتی دەوڵەتەکانی ئەورووپادا دەبینێ.

هەرچەندە، لە کۆندا ڕووسیای تساریی و پاشانیش یەکێتی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، گەلێ جار، زیانی گەورەیان بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد گەیاندووە. بەڵام ئەورۆ، ڕووسیای فیدراڵ، لە لایەکەوە وەک دراوسێیەکی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە، هەم وەک دوژمنێکی کلاسیکیی تورک، هەم وەک ئەوەی تورکەکان، خۆیان بە ڕێبەری هەمو گەلانی تورکزمانی جیهان دەزانن، بە تایبەتیی لە نێو گەلانی تورکزمانی، کۆمارەکانی نێو چوارچێوەی سۆڤیەتی کۆنی وەک (ئوزبێکستان، کازاخستان، تورکمینستان، کیرگیزستان و ئازربایجان)دا دەیانەوێ، بە تەواویی جێ پێی خۆیان بکەنەوە و ئیمپراتۆریایەکی پانوپۆری تورکی دامەزرێنن. ڕووسەکان لە ئاستی ئەو هەوڵوتەقەلایانەی تورکدا، بە تەواویی نیگەرانبوون، زۆر بە وردیی، سەرنج لە کردار و ڕەفتارەکانی تورکیا دەدەن. جگە لەوەی ڕووسیا دەیەوێ، هێندێ لە ڕاکێتە ستراتیژییەکانی خۆی، بە دەوڵەتی « قوبرس » بفرۆشێ، بەڵام تورکەکان بە هەموو شێوەیە دژایەتیی دەکەن. بە کورتییەکەی، کۆمەڵێ گرفت و ناکۆکیی لە نێوان ڕووسەکان و تورکەکاندا هەیە. نەتەوەی کورد دەتوانێ، کەڵکیان لێ وەرگرێ.

ئەز پێمـوایە، لە داهاتوویەکی نزیکدا، ڕووسەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا، لایە بە لای کێشەی کورددا دەکەنەوە، هەوڵدەدەن، بەربەستێکی جوگرافیایی و مرۆیی، لە لایەکەوە لە نێوان

خۆیان و تورکیادا، له لایەکی دیکەشەوە، له نێوان تورکیا و گەلانی قەفقاز و ناوەڕاستی ئاسیادا دروسکەن، ئەو دیوار و بەربەستەش، هەر بە دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان و کوردستان دروسدەبێ. بە تایبەتیی له مانگی (ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری/1997)دا، ڕووسەکان دوو جار له کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی جیۆپۆلێتیکی ڕووسیادا، بە ئاشکرا باسی کێشەی نەتەوەیی، سی میلیۆن کوردی بێ دەوڵەت، خاکی کوردستان و شۆڕشە بەرفراوانەکەیان کرد و گوتیان: پێویستە چارەسەرێکی بنەبڕیی، بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە.

دەتوانین، باری سەرنجەکانمان، بەم شێوەیە پوختەکەین. ئەوڕۆ له جیهاندا، سەرەتای دامەزراندنی سێ بلۆکی بەهێزی نوێ بەدیدەکرێ. ئەمێریکا و هاوپەیمانەکانی، چین و ڕووسیا، ئەورووپای یەککگرتوو.

دیارە ئەو بارودۆخە نوێیەی له جیهاندا، چاوەڕێدەکرێ، بێتەگۆڕێ، کارێکی یەکجار زۆر، له پێوەندییە ڕامیاریی و دیپلۆماسییەکانی، نێوان هەموو دەوڵەتەکانی جیهان بە گشتیی و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند بە تایبەتیی دەکا. دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، جارێکی دیکە هێزەکانی خۆیان ڕێکدەخەنەوە، له بەر ڕووناکایی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، سەرەداوی پێوەندییەکانیان، بە شێوەیەکی توندوتۆڵتر، بە یەکێ لەو سێ هێزە گەورە جیهانییەوە گرێدەدەنەوە. له لایەکەوە، له سەر دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، ململانێیەکی توندوتیژتری خوێناویی، له نێوان هێزە ئیسلامییەکان و کاربەدەسی دەوڵەتەکاندا سەردەردێنێ. له لایەکی دیکەشەوە، گرفتەکانی نێوان (عەرەب و ئیسرایل) بە تەواویی دەتەقنەوە.

وا پێدەچێ، له ناوچەکەدا دوو تەوەر دروسبێ: تەوەرێکیان خۆی له دەوڵەتەکانی « ئێران، عێراق و سووریا »دا دەنوێنێ. ئەم تەوەرەش، دژی بلۆکی ئەمێریکا، چەن دەوڵەتێکی وەک « چین، ڕووسیا » و هێندێ له دەوڵەتەکانی یەکێتی ئەورووپای وەک « ئەڵمان و فەرەنسا » پشگیریان لێ دەکەن. تەوەری دووەمیشیان، زیاتر له هاوپەیمانێتی نێوان هێزەکانی « تورکیا و ئیسرایل »دا دەردەکەوێ و ئەمێریکاییەکان سەرپەرشتییدەکەن و یارمەتییاندەدەن.

شتێکی ئاشکرایە، گەر ئەم بارودۆخە نوێیە لە ناوچەکەدا بخوڵقێ، ئەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کار لە بزووتنەوەی کوردایەتیش دەکا. بەڵام، گۆمی ئارامی ناوچەکە و نێودەوڵەتانیش، بە هەر شێوەیە بشڵەقێنرێ، گەر ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، وەک ئێستە لەتوپەت و پچڕپچڕبێ، کورد هەڵە مێژوویی یەکە لە دەسدەدا، وەک چەندین جاری دیکە لە مێژوودا، لە کیس خۆی داوە. چونکە ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان، هەر یەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، پێوەندییەکی نابەرابەر و وابەستانەیان، لەگەڵ یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا گرێداوە و بە سەر ئەو چوار دەوڵەتەدا دابەشبوون، بیانەوێ و نەیانەوێ، پێ بزانن و نەزانن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کار بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئەوان دەکەن. بۆ نموونە: پارتی کارکەرانی کوردستان، پێوەندییەکی توندوتۆڵی، لەگەڵ «سووریا، عێراق و ئێران»دا هەیە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، هەر چەندە نوزەی لێ بڕاوە و چالاکیی بە تەواویی کزبووە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، لەگەڵ بەعسی عێراقدا بە تەواویی تێکەڵبوون. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی یەکگرتووش، بە هێچ شێوەیە گرێیان لە سەر ناکرێ، چونکە هەر ڕۆژەی بەبەر دەوڵەتێکی داگیرکەرەوەن، بە تایبەتیی پارتی، ئەوڕۆ پێوەندییەکی باشی لەگەڵ «تورکیا و عێراق»دا هەیە و تا ئێستە ناتوانین، لە سەر یەکێ لەو بلۆکانە ساغیکەینەوە.

هەر چی چۆنێبێ، گەر پێشبینییەکان بەو شێوەیە بێ، ناکۆکییەکان لە ناوچەکەدا بتەقنەوە، کورد لە یەک باردا دەتوانێ، کەڵک لەو ئاژاوە نوێیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەند و جیهان وەرگرێ، ئەویش ئەوەیە، یەکێتییەکی نەتەوەیی لە هەموو ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان پێکبێ، سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی ڕامیاریی و سەربازیی هاوبەش دامەزرێ، هەموو پێکەوە بڕیاربدەن و خۆیان بە لایەکدا ساغکەنەوە، ئەگینا گەر هەر پارتەی بە جیا، خۆی بە ڕەوڕەوەی بەرژەوەندییەکانی یەکێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستانەوە ببەسێ، ئەوا گومانی تێدا نییە، جگە لەوەی نەخشە و

ئامانجەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان جێبەجێدەکەن، هەموو لایەکیشیان بە ژێر دەستوپێوە دەبن و هیچ بە هیچ ناکەن.
لێرەدا پرسیارێ قووتدەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، گەر ئەو بارودۆخە نوێیە خولقا، ئایا جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی مەزندا، گرێو لە سەر کام بەرەیان بکا و هاریکاریی لەگەڵ کام لایاندا بکا؟ لە وەڵامدا دەڵێم: یەکەم، ئەو بڕیارە لەو کاتەدا دەدرێ، کە ڕووداوەکان لە دایکدەبن. دووەم، بڕیارەکە بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد بەجێدێڵین. جا گەر سەرانی کورد هەموو پێکەوە، دەمەتەقێ لە سەر ئەو بارودۆخە نوێیە بکەن، بە تەگبیر و ڕاوێژی ورد، نەخشە و پلانەکانیان دابڕێژن، بێگومان دەتوانن، بڕیارێکی یەکگرتووی باش بدەن و چارەسەرێ بۆ کێشەکە بدۆزنەوە. بە پێچەوانەشەوە، گەر ئەو یەکێتیی، تەبایی، دەمەتەقێ و ڕاوێژکردنە، لە نێوانیاندا دروس نەبێ، بەرژەوەندیی بڵندی بزووتنەوەی کوردایەتیی، پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەی (تاکەکەسیی، بنەماڵەیی، خێڵەکیی، پارتایەتی تەسک و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان)ەوە نەخەن، تەنیا هەوڵ بۆ ئامانجەکانی نەتەوەی کورد نەدەن، ئەوا لە ئێستەوە، هەر پێشنیازێکیش بکەین، هیچ کەڵکی نابێ، چونکە هەر یەکێ لەو ڕێکخراوانە، وەک بەشێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەیان لێ دێ، وەک ئامرازێ، دژی یەکدی بەکاردێنرێن، لە پێناوی بەدیهێنانی نەخشە و پلانەکانی داگیرکەراندا، ڕۆڵەی کورد بە کوشتدەدەن.
ئەز لەو باوەڕەدام، دەبێ کورد لەگەڵ لایەکدا دەس تێکەڵکا، بەرنامەیەکی باشی بۆ داهاتووی کورد پێ بێ. تا کورد لە بلۆکبەندیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دوورکەوێتەوە و پۆلێتکێکی سەربەخۆ پێڕەوکا، هەم ڕۆڵەی کورد کەمتر بە کوشتدەدا، هەم ڕێزێکیش بۆ خۆی پەیدادەکا. لە جیهانی ڕامیاریی ئەورۆشدا، هەموو بڕیاردان و هەڵسوکەوتەکان دەبێ، لە بەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بدرێ، ئەگینا ئەوەی پێشەکی لێکدەدرێتەوە و فاکتەرەکانی شیدەکرێتەوە، تەنیا لە خانەی پێشبینیی و پێشنیازدا، جێگەیاندەبێتەوە.

سێیەم. گرفتەکانی نێوخۆی کورد ـ کورد :

وەنەبێ، تەنیا بارودۆخی نەتەوەی کورد، لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان و پێوەندیی لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانیدا، هەر بەو شێوەیە خراپبێ، بەڵکوو لە نێوخۆشدا، لەوە باشتر نەبووە و نییە. بە تایبەتیی ئەورۆ، لە هەموو کاتێ خراپتر، ئاڵۆزتر و دژوارتر دەردەکەوێ. دەتوانین، بە ڕاشکاویی بڵێین: لە سەرتاسەری کوردستاندا، یەکێتی نەتەوەیی ڕیزەکانی کورد، بە تەواویی لێکترازاوە. بە هەموو شێوەیە، بەرژەوەندیی بالای نەتەوەکە، ژێر پێ نراوە. بەرژەوەندیی (تاکەکەسیی، بنەماڵەیی، خێڵەکیی و پارتایەتی تەسک)، پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەوە خراوە. هەرگیز ڕیزەکانی جەماوەری کورد، هێندە لێکدابڕاو و پچڕپچڕ نەبووە. بۆیە، گەر لە مێژووی کۆنماندا، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، وەک کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگیی ـ نیمچە دەرەبەگیی، (ناکۆکیی، ناتەبایی و ڕەفتاری خێڵەکیی)، لە نێوان تیرە و هۆز و میرنشینە کوردییەکاندا باوبووبێ، ئەوا ئەورۆ، لەبەرئەوەی بناغە سەرەکییەکانی سترکتوری کۆمەڵگەی کوردەواریی، تا ئێستەش نەگۆڕاون، هەمان ناکۆکیی، ناتەبایی و خەسڵەتی دواکەوتووی خێڵەکیی، لە دید و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستاندا دەردەکەون، بگرە بە شێوەیەکی خراپتریش خۆیان دەنوێنن.

کۆمەڵگەی کوردەواریی، وەک کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کشتوکاڵیی و گوندیی، بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی گەلانی ناوچەکەدا، لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە. دیارە ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستانیش، ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی هەمان کۆمەڵگەن، بۆیە بەو شێوەیە، ڕیزەکانی گەلیان لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا، دابەشدابەش و کوتکوت کردووە.

ئەورۆ، لە لایەکەوە جەنگێکی نێوخۆیی سەخت، لە نێوان ڕێکخراوەکانی یەک پارچەدا تاویسەندووە. لە لایەکی دیکەشەوە، جەنگەکە سنووری پارچەیەکی بڕیوە و لە نێوان ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی دوو پارچە یا زیاتردا گەرمبووە. هۆکەشی پتر، بۆ

بیروباوەڕ و هۆشی گەندەڵی خێڵەکیی و شێوازی خەباتی چەکداریی دەگەڕێتەوە. با لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین و بزانین، ئایا ئەو خەباتەی بە دەیان ساڵە نەتەوەی کورد، لە کوردستانی مەزندا، لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا دەیکا، تا چەن ڕاسبووە؟!!

گەر تەماشایەکی مێژووی شۆڕشەکانی گەلانی جیهان کەین، تاقیکردنەوە مەزنەکانیان پێش چاوی خۆمان خەین، دەبینین، هیچ شۆڕشێ لە جیهاندا، نە هێندەی شۆڕشەکانی کورد خوێن و قوربانیی ویستووە، نە هێندە درێژخایەن بووە و نە هیچ شۆڕشێکیش وەک شۆڕشەکانی کورد، بە دەیان هەرەس و تێکشانی بە خۆیەوە دیوە. کورد ئەومتەی هەیە، دەچەوسێنرێتەوە، خاکەکەی داگیر و دابەش دەکرێ، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی بەردەوام، لە هەوڵی سەربەخۆیی و ئازادیدا بووە، یەک لە دوای یەک ڕاپەڕینی بەرپاکردووە، چەندین شۆڕشی خوێناویی هەڵگیرساندووە و تا ئەوڕۆش بە شێوەیەکی بەردەوام، هەر خەباتدەکا، خوێندەڕێژێ، لاشەدەنێژێ، قوربانییدەدا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە و تا ئایندەیەکی نادیاریش، هیچ تروسکاییەکی تێدا بەدی ناکرێ، چونکە شێوەی پەروەردەکردن و خەباتەکەی هەڵەبووە و ئێستەش هەر هەڵەیە.

هەموو ڕێکخراوێکی ڕامیاریی، شۆڕشێکی چەکداریی، هەموو گەلێکی بندەسی ئەم سەر ڕووی زەوییە، بەرنامە و ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەیی خۆی هەبووە و هەیە. بەڵام، تەنیا ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان و شۆڕشەکەیی و نەتەوەی کورد، بێ بەرنامە و ستراتیژ، دەشتی کاکیبەکاکیی خەباتیان کێڵاوە و ئێستەش هەر دەیکێڵن و خڕکەبەرد، لە کومبەزی داگیرکەران دەگرن.

دیارە، ئامانج و دینگە سەرەکییەکانی، ستراتیژی هەموو نەتەوەیەکی بندەس، پتر خۆی لە ئازادیی و ژیاندنەوەی گەل، یەکێتی نەتەوەیی، سەربەخۆیی خاک و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنالدا دەنوێنێ. بەڵام، هێندێ بزووتنەوەی نارەسەن هەن، تەنیا بڕوایان بە چارەسەری کاتیی هەیە، ئامانجەکانی خۆیان، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە تێریتۆریالانەدا، بە هێندێ مافی دیمۆکراسیی و فەرهەنگییەوە دەبەسنەوە. یا داوای هێندێ مافی ڕامیاریی بۆ گەلەکانیان دەکەن،

وەک ئەوەی هەر یەکێ لە ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا، داوای مافی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی بۆ کوردستان دەکەن.
بێگومان، لێرەدا نامەوێ، دەمەتەقێ لە سەر ئەوە بکەم، ئایا ئەو داواکارییانە تا چەن ڕاستن؟ چونکە ئەوە بەرنامەی تایبەتیی ئەو ڕێکخراوانەیە و پێوەندیشی هەر بە خۆیانەوە هەیە. دووریش نییە، ئەوان لەوە زیاتریان پێ هەڵسوڕێ!!! بەڵام، ئەوەی لێرەدا پێویستە، بە وردیی سەرنجی لێ بدەین و هەموو لایەنەکانی شیکەینەوە، ئەوەیە، ئایا جگە لە شۆڕشێکی سەرانسەریی، داوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی یەکگرتوو، ئەو مافە ناناوەندییانە ئەوە دێنن، ماوەی هەشتا ساڵ، لە دوای یەکەم جەنگی جیهانەوە، ئەو هەموو خوێنەی لە پێناودا بڕێژرێ؟ ئەو هەموو قوربانییەی بۆ بدرێ؟ ئایا ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، پێویستی بە شۆڕشی چەکداریی هەیە، یا پتر بە (خەباتێکی ڕامیاریی، دێمۆکراسیی، دیالۆگی دوو لایەنە و چەن لایەنە و دیپلۆماسییەتێکی نەرمونیان) بەدەسدێنرێ؟! ئەز پێموایە، ئەو مافە دێمۆکراسییانە ئەوە ناهێنن، یەک دڵۆپ خوێنییان لە پێناودا بڕێژرێ و پێویستییان بە خەباتی چەکداریی، خوێنڕشتن، کوشتن و بڕین نییە. دەتوانین هۆکانیشی لە چەن خاڵێکدا ڕوونکەینەوە:
1. (جگە لە مافی سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال، هەر چی مافە نەتەوەیی یەکانی دیکە هەیە، هەر لە ناناوەندیی ئیدارییەوە، تا بە ئۆتۆنۆمیی و فیدراڵیش دەگا، هەر هەموویان داگیرکەرانی گەلان و کۆلۆنیالیزمی جیهان دایانناوە، تا نەتەوە ژێردەسەکان، بیر لە چارەسەری بنەڕەتیی و سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەت نەکەنەوە.)«85،4»
2. تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی، خەباتی گەلانی جیهان دەریانخستووە، شۆڕشی چەکداریی، تەنیا بۆ مافی چارەنووس، ڕزگاریی، سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال بەرپادەکرێ، بۆ بەدەسهێنانی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، کەس بە دەسی خۆی ماڵی خۆی وێران ناکا. لەم بوارەشدا شۆڕشی گەلانی (جەزایر،

ڤێتنام، کەمبۆدیا، لاوس، ئەنگۆلا، مۆزەنبیق و ئەرتیریا ... تاد)، بەڵگەی زیندووی بۆچوونەکانمان بەدەسەوەدەدەن. تەنیا یەک گەلی بندەس، لەم جیهانەدا بەدی ناکرێ، شۆڕشی چەکداریی، بۆ ئەو مافە نێوناچلانە بەرپاکردبێ.

3. سیستێمی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، تا ڕادەیەکی زۆر، تەنیاوتەنیا، لە نێو ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانانەدا سەرکەوتووبووە، کە لە ڕووی شارستانییەوە پێشکەوتوو، لە ڕووی ئابوورییەوە بە توانا، لە ڕووی بیروباوەڕی مرۆپەروەرییەوە دادپەروەر و لە ڕووی سیستێمی فەرمانڕەواییەوە دێمۆکراسیی بوون. ئەگینا لە هەموو ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانانەی، لە ڕووەکانی(شارستانیی، ئابووریی، مرۆدۆستیی و فەرمانڕەوایی)یەوە، دواکەوتوو، لاواز، شۆڤێنیی، بەرچاوتەنگ و دیکتاتۆریی بوون، تەنانەت گەر چەندین ساڵیش، پێکەوە لە ژێر ئالای یەک دەوڵەتی تێریتۆریالدا ژیابن، لە ئەنجامدا ئەو تاقیکردنەوانە، هەر سەرکەوتوو نەبوون و هەرەسیانهێناوە. ئەوە ئەزموونەکانی سیستێمی فیدراڵیی، لە کۆمارە سۆسیالیستەکانی پێشووی(یەکێتی سۆڤیەت، چیکۆسلۆڤاکیا، یۆگۆسلاڤیا، پاکستان، گیرگرفتی چیچێن لە ڕووسیای فیدراڵ، کێشەی کۆپیک لە کەنەدا و ناکۆکیی نێوان فالۆن و فلامۆنەکان لە بەلچیکا ... هتد)، کە هێندێ لەو دەوڵەتە تێریتۆریالانە هەڵوەشانەوە و لە جێگەیان چەن دەوڵەتێکی ناسیۆنال دامەزران.

4. سیستێمی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، پتر بۆ ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالانە دەسدەدا، کە بە ڕووبەری خاک گەورەن و بە ژمارەی دانیشتووان زۆرن، تا شێوە فەرمانڕەوایی یەکی ناناوەندیی، بۆ ئاسانکردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی دانیشتووانی، ئەو دەوڵەتانە دابینکەن. وەک (وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا، ئەڵمانیای فیدراڵ ... تاد).

5. گەر خەباتی چەکداریی، لە پێناوی هێندێ مافی وەک ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیدا بکرێ، ئەوا جگە لەوەی، خەڵکێکی زۆر تووشی ئازار، ئەشکەنجە، گرتن، ڕاونان، کوشتنوبڕین دەبن، لە هەمان کاتیشدا، سەراپای وولاتەکە وێراندەبێ و هیچ سەرەنجامێکی باشیشی نابێ. هەروەها، بۆ سەربەخۆیی تەواویش، هەر هەمان قوربانییدەدرێ. وەک

ئەوەی چەندین ساڵە کورد، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا ئەو خەباتەدەکا، یا موسوڵمانەکانی « فیلیپین » هەوڵی بۆ دەدەن، یا گەلی « خوارووی سۆدان » قوربانی لە پێناودا دەدەن.
6. لەبەرئەوەی، لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، تەنیا هەر دوو گەلی باڵادەس و کوردی تێدا ناژی، بەڵکوو لە چەن گەل و کەمینەیەکی نەتەوەیی دیکەی وەک (ئەرمەن، ئازەر، بلوژ و ... تاد)یش پێکهاتوون، داگیرکەرانی کوردستان بە هێچ شێوەیە ناتوانن و نایانەوێ، لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا، تەنیا بۆ کورد، دان بە مافی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیدا بنێن. چونکە، ئەو دەوڵەتانە دەبێ، لە بنەڕەتدا وەک چەن دەوڵەتێکی دێمۆکراسیی خۆیان بنوێنن، سیستێمی فەرمانڕەواییان، لە بەر ڕۆشنایی سیستێمی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیدا دابڕێژن، سەراپای وڵاتەکە بە سەر چەن ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیدا دابەشکەن، دان بە مافی هەموو گەلان و کەمینە نەتەوەیی یەکانی دیکەی، نێو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکانیاندا بنێن، واتە: مافی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیش، بەو گەلانە بدەن، ئەو کاتە لە هەر پارچەیەکدا، کورد دەتوانێ، بە مافی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی بگا. ئەگینا گەر، سەراپای دەوڵەتەکە، لە سەر بنچینەی سیستێمی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی دا نەمەزرێ، هەرگیز نەبووە و نەکراوە، دەوڵەتێ بەشێکی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی بێ و بەشەکانی دیکەشی، جۆرە سیستێمێکی دیکەی تێدا پێڕەوکرێ. یا دەبێ، وڵاتەکە هەمووی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی بێ، یا ئەو سیستێمە بەو شێوەیە ناچەسپێ. یا دەبێ، هەمو گەلان و کەمینە نەتەوەیی یەکان، بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن، یا ئەوەتا هەموویان پێکەوە، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، وەک یەک دەچەوسێنرێنەوە. لەم بوارەدا تاکە نموونەیەک، لە هەموو جیهاندا بەدی ناکرێ، دەوڵەتێ بەشێکی ئۆتۆنۆمیی – فیدراڵیی بێ و بەشەکەی دیکەی، شێوە فەرمانڕەواییەکی دیکە بێ.
بۆ نموونە: لە « ئیسپانیا » تەنیا « باسک »ەکان مافی ئۆتۆنۆمییان نییە، بەڵکوو هەموو دەوڵەتەکە لە چەن ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی پێکهاتووە. هەروەها، دەوڵەتێکی وەک « سویسرا »، کە لە سێ گرووپی ئیتنیی سەرەکی پێکهاتووە، بە سێ زمانی سەرەکیی « ئەڵمانیی،

فرەنسیی و ئیتالیی » دەپەیڤن، لە چەن ناوچەیەکی فیدراڵیی جیاواز دروسبووە، نەک یەکێ لەو گروپە ئیتنیانە، مافی فیدراڵیی بەدەسهێنابێ و گروپەکانی دیکەش، لە مافەکانی خۆیان بێبەشبووبن. واتە: لە بنەڕەتدا دەوڵەتەکە، لە سەر بنچینەی سیستێمی فیدراڵیزم دامەزراوە.
لەبەرئەوە، دروشمی ئۆتۆنۆمیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دروشمی فیدراڵی لە باشووری کوردستاندا، جگە لەوەی بە هەڵەیەکی مێژوویی دادەنرێ، بە هیچ شێویەکیش بەدی نایە، تا هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق، لە سەر بناغەی سیستێمێکی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی دا نەمەزرێ، مافی هەموو گەلەکانی دیکەش دابین نەکرێ.
بۆیە سەرانی کورد، پێش ئەوەی داوای ئەو مافانە بکەن و دروشمەکانیان بەرزکەنەوە، پێشەکیی دەبێ، لەگەڵ ڕێکخراوە رامیارییەکانی، ئەو گەل و کەمینە نەتەوەیی یانەدا، سەرەتای دیالۆگێکی کراوە و پێشکەوتووخوازانە دامەزرێنن، لە سەر مافەکانی خۆیان ڕێککەون، داواکارییەکانیان یەکخەن، ئەو کاتە، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی بکەن، ئەگینا بەو شێوەیە نەبێ، نە کورد بە مافی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی دەگا، نە کاربەدەسانی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەش، دان بە مافەکانی گەلانی بندەسیاندا دەنێن. تەنانەت گەر کورد بە مافی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵییش شادبێ، گەلەکانی دیکەی نێو سنووری دەوڵەتەکە، لە مافی خۆیان بێبەشکرێن، ئایا ئەو کاتە گەلی کورد، لە هەر پارچەیەکی نیشتمانەکەیدا، هەڵوێستی بەرانبەر مافە نەتەوەیی یەکانی ئەو گەلانە چۆن دەبێ؟ ئایا وەک بەشێ لە دەزگەکانی دەسەڵاتی نێوەندیی، بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلەکانی دیکە، حسێبی بۆ ناکرێ؟
ئەوە جگە لەوەی، گەر لە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە و نیشتمانی وەک (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا)دا، تەنیا یەک نێوچەی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی هەبێ، تەنیا گەلی کورد، بە مافی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی گەیشتبێ، گەل و کەمینەکانی دیکە لەو مافانە بێبەشکرابن، ئایا گەرەنتی چییە، کاربەدەسانی ئەو چوار دەوڵەتە، لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، بە سووکە بڕیارێ لەو مافانە پەشیمان نابنەوە؟! بەڵام گەر

دەوڵەتەکە لە بنەڕەتدا، لە سەر بنچینەی سیستێمی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی دامەزرابێ، هەموو گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکانی دیکەش، مافە نەتەوەیی یەکانی خۆیان بەدەسهێنابێ، ئەوا چ لە نێوخۆی ئەو دەوڵەتانە و چ لە بوارەکانی نێودەوڵەتیدا، کەسێتیی و دەسەڵاتێکی دیکەی یاسایی و دەستووریی، بە ناوچە ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵییەکان دەبەخشێ، هێز و توانایەکی تایبەتییان دەبێ. گەرەنتی سەرکەوتن، مانەوە و بەردەوامبوونی پتردەبێ، چونکە هەموو گەل و کەمینەکان، پێکەوە داکۆکیی لەو سیستێمە دەکەن.

7. گریمان، لە ئەنجامی خەباتێکی سەختی چەکداریدا، ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، لە سەر دەسی یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، بۆ کورد سەلمێنرا. ئایا چ گەرەنتییە هەیە، ئەو ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵییە، تا سەر بەردەوامبێ؟ یا گەر دەستەی فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتە گۆڕان، گەرەنتی چییە، ئەوانیش لە سەر هەمان بەرنامەی دەستەی فەرمانڕەوایانی پێشووی خۆیان بەڕێوەدەچن؟ یا گەر ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵییەکەش بە تەواویی چەسپا، ئایا دوای ئەوە چی دەبێ؟ ئایا خەون و هیواکانی ئەو گەلە بندەسە، لەوێدا دەوەسێ و کۆتاییدێ؟

8. لە بەر ڕووناکایی بارودۆخی جوگرافیای کوردستانی گەورەدا، هەر شۆڕشێکی چەکداریی لە پارچەیەکی دیاریکراودا، لە پێناوی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیدا، دژی هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر بەرپاکرێ، هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکە دژی ڕادەوەستن و هەر لە بێشکەدا دەیخنکێنن. چونکە، لەوە دەترسن، گەر شۆڕشەکە سەرگرێ و ئامانجەکانی خۆی بەدیبێنێ، لە لایەکەوە هانی گەل و کەمینە نەتەوەیی یەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتانە بدا و ئەوانیش داوای مافەکانی خۆیان بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانی بندەسی خۆیان بتەنێتەوە.

9. گەر یەکێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان، لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا، یارمەتیی شۆڕشێکی چەکداریی بدا، دیارە ئەو یارمەتییە، بۆ مەبەسێکی تایبەتیی خۆی دەدا. شتێکی ئاشکرایە، پتر دەیەوێ، شۆڕشەکە وەک مقاش، دژی دەوڵەتەکەی بەرانبەری خۆی

بەکاربێنێ. کاتێ ئامانجە گڵاوەکانی خۆشی بەدیهێنا، ئەوا هەر زوو پشتیتێدەکا و دژیشی ڕادەوەستێ. لەم بوارەدا، هێشتا تاقیکردنەوەی چواردە ساڵەی شۆڕشی (11/سێپتێمبەر/1961) هەر تازەیە و هەڵاوی هەرەس و تێکشکانی لێ هەڵدەستێ.

10. لەبەرئەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، خاوەنی سوپایەکی بە هێز و گەورە، چەک و تەقەمەنیی و کەرەسەیەکی نوێی جەنگین، چەکێکی زۆری مرۆڤقڕکەری « کیمیاویی، بایۆلۆژیی و بەکتریۆلۆژیی »ان هەیە، چەندین جۆر فڕۆکەی مۆدێرنیان هەیە، سەروەت و سامانێکی باش و توانایەکی « مەتریاڵیی، مرۆیی و ئابووریی »ان هەیە، هەمیشە ئەوان سەرکەوتوو، شۆڕشە چەکدارییەکەی کوردیش ژێرکەوتوودەبێ. چونکە، لە هیچ ڕوویەکەوە، تەرازووی هێزەکان وەک یەک نین، هەمیشە تای تەرازووی دەوڵەتەکە، بە سەر تای تەرازووی شۆڕشەکەدا زاڵە.

11. لەبەرئەوەی گەلی کورد، لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا، توانای ئەوەی نییە، جەنگی پەلاماردان و هێرشبردن بکا، بەڵکوو تەنیا توانای خۆپاراستن و داکۆکیکردنی لە خۆی هەیە، بۆیە هەر ناوچەیەکیش ڕزگارکا، ناتوانێ، وەک پێویست بیپارێزێ، دوژمن هەر زوو لە بندەستی دەردێنێتەوە، تا لە ماوەیەکی کورتدا، داخوازییەکانی خۆی بە سەر دەوڵەتە داگیرکەرەکەدا بسەپێنێ و بە ئامانجەکانی خۆی بگا.

12. لە بەر ئەو بارە جوگرافیاناڵەبارە، لە بەر نەبوونی کەرەسەی جەنگیی، لەبەرئەوەی کاتێ، کورد لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا، خەباتی چەکداریی دەکا، کاتێ داوای مافی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی دەکا، بە هیچ شێوەیە قوڵاییەکی ستراتیژیی نییە، تا بە کاریبێنێ و پاڵی پێوە بدا. هەروەها، لەبەر گەلێ هۆی دیکەی وەک(هەژاریی، برسێتیی، نەخۆشیی، نەبوونی ڕێگای هاتوچۆ بۆ دەرەوە، بێ پشتیووانی ... تاد)، سەرانی شۆڕشەکە ناچاردەکەن، پەنا بۆ دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکەی کوردستان بەرن. ئەو دەوڵەتەش، بە ئارەزووی خۆی و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، چۆنی بوێ، وایان هەڵدەسوڕێنێ.

بۆ نموونە: ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان، پەنا بۆ بەر دەوڵەتی داگیرکەری ئێران دەبەن. بە پێچەوانەشەوە، ڕێکخراوەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆیان بە پێچکەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقەوە دەبەستنەوە. ئەوان، ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرە، بە قوڵایی ستراتیژیی خۆیان، پاراستنی قەوارەی ڕێکخراوەکان، گەلی باشوور و ڕۆژهەڵات دادەنێن. لە کاتێکدا، ئەم ڕێباز، دید و بۆچوونە، بەپێی هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی(نەتەوەیی، ڕامیاریی و ستراتیژیی)، خۆی لە خۆیدا، بە هەڵەیەکی گەلێ گەورە دادەنرێ. لەبەرئەوە، لە لایەکەوە سەرکردایەتی هەر دوو شۆڕشەکە، سەربەخۆیی ڕامیاریی خۆیان لە دەستدەدەن. کاتێکیش سوکانی ئۆتۆمۆبیلی شۆڕشەکە، بە دەس شۆفێرە ڕاستەقینەکانی خۆیەوە نەبوو، ئۆتۆمۆبیلەکە لە ڕاستە شەقامی کوردایەتیی لایدا، ئەوە جگە لەوەی شۆڕشەکە، بە هیچ ئامانجێکی خۆی ناگا، بە تەواوییش تێکدەشکێ. لە لایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش، لەو کارەی ئەوان بێدەنگ نابن، بە ناپاک و بەکرێگیراوی ئەو دەوڵەتانەیان دادەنێن. دیارە، بەپێی یاسا و دەستووری ئەو وواڵتە داگیرکەرانە بێ، فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتانە ئەو مافەیان هەیە، بە ناپاکیان دابنێن و تۆڵەیان لێ بکەنەوە. چونکە، لە ئەرشیفی هیچ دەوڵەتێکی جیهاندا نەبووە، هاووڵاتیی دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانەکان، لە پێناوی مافەکانی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیدا، هانا بۆ دەوڵەتێکی دیکەی بیانیی بەرن، لە هەموو ڕوویەکەوە، دژی دەوڵەتەکەی خۆیان، یارمەتیی لێ وەرگرن و هەر دوو لایان پێکەوە هاریکارییبکەن.

13. کێشەی داواکردنی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیی، خۆی لە خۆیدا، بە کێشەیەکی نێوخۆی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان دەژمێررێ. بەپێی خاڵەکانی مافی چارەنووسی نەتەوەکان، لە بەر تیشکی دەستووری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هیچ دەوڵەتێ بۆی نییە، دەس لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتێکی دیکەوە وەردا. لەبەرئەوە، هەمیشە کێشەکەمان، وەک کێشەیەکی نێوخۆیی ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرە تەماشادەکرێ. جگە لەوەی، کێشەکەمان نابێ بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، لە هەموو جۆرە پشگیریی و کۆمەکێکی ئینتەرناسیۆنالانەی گەلان و دەوڵەتە مرۆدۆسەکانی جیهانیش بێبەشدەبین و بە تەنیا دەمێنینەوە.

14. بێگومــان، هـەمــوو ڕۆڵەکــانی گــەل، ئەندامــانی ڕێکخــراوە ڕامیــارییــەکـانی کــوردســتــان، لە ســەر یــەک بەرنامــەی دیاریکراو و ســتــراتیــژێکی یــەکگرتوو ڕێک ناکــەون. هــەروەهــا، لە ســەر جــۆری ئەو ئۆتۆنۆمیــی ـ فیــدراڵییــەی داوایدەکــەن، چوون یەک نــابن. جگە لەوەی، هێندێ کورد دژایەتی ئەو دروشمانە دەکەن و لەگەڵ سەربەخۆیی تەواو و دامــەزراندنی دەوڵەتێکی کوردســتــانیی دەبن. لەبەرئەوە، هەمــیشــە ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان ڕیزەکانی گەلدا پەیدادەبێ، لە ئەنجامیشدا دووبــەرەکــیــی دروســـــدەبێ. هێــنــدێ جـــاریش ئەو نــاکـــۆکــیــی و دووبەرەکییانە، لە لایەن کۆمەڵێکەوە، بە ناپاکیی کۆتاییپێدێ.
بۆ نموونە: ســاڵی (1964)، کــاتێ گفــتوگــۆی نێوان شــۆڕش و دەوڵەتی عــێراق دەســیــپــێکرد، نــاکــۆکیی و دووبەرەکــیــیــەک، لە نێــوان ژەنەڕاڵ بارزانیی و پــەلیــتــبــیــرۆی پــارتیــدا ڕوویدا، کە یەکێ لە هۆیــەکــانی ئەو دووبــەرەکــیــیــە، بۆ گــفــتــوگــۆ و تێــڕوانیــنی جــیــاوازی نێــوان ســەرۆک بارزانیی و ئەنــدامــانی پەلیــتــبــیــرۆی پــارتی دەگــەڕێتــەوە. پــاشــانیش، بە ناپاکــیــیــەکی نەتــەوەیی، کــۆتــاییــپــێــهــات، تــا ئــەوڕۆش ئەو ناکــۆکــیی و دووبەرەکیی و ناپاکییە، بە شێوەیە لە شێوەکان، هەر جارەی بە نۆرە، لــە لایــەن لایەکــــیـــــانەوە درێژەی پێ دەدرێ. هەروەهــا، لــەم بــوارەدا دەتوانین، بــاسی جــەنگی نێــوخــۆی ئــەوڕۆی بــاشــووری کــوردســتــانیش بکەین، کە هــۆ ســەرەکییەکانی بۆ دەســەڵات، پــارە و جیــاوازیی دید و بۆچوونەکان دەگەڕێتەوە.
15. (ئۆتۆنۆمــیی یەکســانیی ڕاســتــەقینە، لە نێوان نەتــەوەکــاندا بەدی ناهێــنێ. چەوســاندنەوەی نــەتەوایەتــیی لــەنێــو نــابــا و هــەمــوو بــرینــەکــان ســـارێژ ناکــا. مــافــە نەتەوەیی یە ســەرەکــیــیــەکانی وەک ســەروەریی و ســەربەخــۆیی نــیــشــتــمــانیی بەدەس ناهێنێ، پێکەوەلکاندن و زیــانە زۆرەکانی لەنێو نابا. چارەســەرێکی نێوەناچڵە و شۆڕشگێڕانە نییە. چارەســەرێکی بۆرژوایانەی دیمۆکراسییە، پارێزکاریی بەرژەوەندییە ئابووریی و چینایەتییــەکانی، بەهێــزترین چین لە ڕووی ئابوورییــەوە دەکا، کە دەسی بە ســەر دەســەڵاتی ڕامیــاریی دەوڵەتدا گرتووە، واتە: پارێزکاریی چەوســاندنەوەی چینایەتی دەکا. گــۆڕانــە کــۆمــەڵایەتیی و چیــنــایەتیــیــە چاوەڕوانکراوەکــان بــەدی نــاهێنێ، کــە بۆ ئــاســانکردنی

خەبات لە پێناوی سەرکەوتنی سۆسیالیزمدا، بۆ هەر دوو نەتەوەکە پێویستن. ڕێ لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی پێویست دەگرێ، بۆ دامەزراندنی چاکترین پێوەندیی لە نێوان ئەو نەتەوانەی، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا پێکەوە دەژین. لەگەڵ داخوازیی، پێویستییەکان، ڕەوتی گۆڕان، پێشکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و یەکگرتنەوەی دیمۆکراسییانەی هەر دوو نەتەوەی برای عەرەب و کورددا ڕێک ناکەوێ ...)«1، 40-39»

بۆیە، ئێستە دەتوانین، بە ڕاشکاویی بڵێین: هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی لە کوردستاندا، لە پێناوی ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیدا بەرپابوون، جگە لەوەی هیچ ئاکامێکیان نەبووە و ناشیانبێ، هەڵەیەکی مێژوویی گەورەبوون و بە زیانێکی گەلێ مەزنیش، لە سەر نەتەوەکەمان تەواوبوون.

ئەوە کورتەی ئەو باسەبوو، تا بزانین، بۆچی خەبات و شۆڕشی چەکداریی، لە پێناوی ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیدا هەڵەیە و زیانێکی زۆرمان پێ دەگەیەنێ. کەواتە دەبێ، هەموو هەوڵوتەقەلاکانمان، هەر بۆ سەربەخۆیی بێ، چونکە هەر بە سەربەخۆیی، نەتەوەی کورد لە دەس داگیرکردن، چەوساندنەوەی نەتەوەیی، هەموو ئەو کەموکوڕیی و زیانە گەورانەی ئۆتۆنۆمیی - فیدراڵیی ڕزگاریدەبێ.

چوارەم . دەربارەی بارودۆخی ئەوڕۆی کوردستان :

دوای ئەوەی، دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، ئەو هەموو ڕاونان، گرتن، کوشتنوبڕینەی، لە کوردستاندا بە ئەنجامگەیاند، دوای ئەوەی، ئەو هەموو دەربەدەرییی، کاولکردن، سوتاندنی گوندانە جێبەجێکران، دوای ئەوەی، زۆربەی دانیشتووانی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان ڕاگوێزران، دوای ئەوەی، ئەو هەموو ئەنفالە گچکە و گەورانە ڕوویاندا، دوای ئەوەی، هێندێ لە ناوچە جیاوازەکانی وەک « هەڵەبجە، قەرەداغ، بادینان و ... تاد » کیمیابارانکران، بە هەزاران مرۆڤی کورد، بە گازی ژاراویی خنکێندران، بڕوا ناکەم، هیچ « فاڵچییە، جادوگەرێ، سەرکردەیەکی کورد »، ئەوەی بە بیردا هاتبێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان، گەلی باشووری کوردستان، لە کۆڵ جەللادە خوێنمژەکەی خۆی ببێتەوە. بڕوا ناکەم، سەرکردەکانی کورد، پێشبینیی ئەوەیان کردبێ، جارێکی دیکە لە کوردستانەکەی خۆیاندا، پڕ بە سییەکانیان، هەوای سازگاری سەربەستیی هەڵمژن و کوردستانێکی ئازاد و دوور لە دەسی بەعسی فاشییان دەسکەوێتەوە.

بەڵام، وەک دەڵێن: ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە! یا ئاشی نەزان، خوا دەیگێڕێ! ئەوە بوو، لە بەهاری(1991)دا، « موعجیزە » گەورەکە ڕوویدا، کورد هەلی تێکشکانی سوپای عێراق و دەزگە سەرکوتکەرە بەعسییەکانی، لە جەنگی دووەمی کەنداودا بۆ هەڵکەوت. جەماوەری گەلەکەمان، بە خاس و خراپییەوە، بە جوان و پیرییەوە، بە نێر و مێیەوە ڕاپەڕین، تا سنووری چیاکانی « حەمرێن »، هێزی دوژمنانی نێوخۆ و سوپای داگیرکەری بەعسی بیانییان ڕامالی، کوردستانیان ئازادکرد و وەک هێلکەیەکی پاکراو، لە بەردەمی سەرانی کورد و بەرەی کوردستانی عێراقدا دایاننا.

بەڵام بە داخەوە، هەموو جارێ، لە مێژووی لە خوێنهەڵکێشراوماندا، هەر سەرانی کورد، سەریان لە جەماوەری زیت و وریا تێکداوە. هەموو جارێ، هەر سەرکردەکانی کورد، پێچیان بە داخوازیی و ئامانجەکانی کورد کردۆتەوە، دەنگی جوڵانەوە و ڕاپەڕینەکانیان پێ کپکردوون. بۆیە، جگە لەوەی سەرانی بەرەی کوردستانیی، هەلە مێژوویی یەکەیان

بە گفتوگۆیەکی زرکی ناوەڕۆک پوت لەباربرد، لە هەمان کاتیشدا، هەر لە سەرەتاوە، لە سەر کورسیی فەرمانڕەوایی، دەسەڵات و پارە، لە نێو خۆیاندا ڕێک نەکەوتن، ناکۆکیی و چەن بەرەکیی دروسبوو، تا ئەنجامەکەی بە جەنگی نێوخۆ شکایەوە.
ئەوەبوو، ڕۆژی (1994/5/1)، بۆ یەکەم جار لە کوردستان، لە دوای ڕاپەرینەکەوە، جەنگی نێوخۆ لە نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی یەکگرتوودا دەستیپێکرد و تا ئەوڕۆش، بە شێوەیە لە شێوەکان، ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرانەیە هەر بەردەوامە، بێ ئەوەی هیچ لایەکیان، ئاوڕێ لە قوربانیی و بەرژەوەندییەکانی ئەو گەلە هەژارە بدەنەوە.
ئەو جەنگە چەپەڵە ناڕەوا ناوەختە، ماوەی پتر لە سێ ساڵە لە ئارادایە. کارێکی زۆری لە هەموو بوارەکانی ژیانی(کۆمەڵایەتیی، کلتووریی، ڕامیاریی، نەتەوەیی، ئابووریی و بازرگانیی) کردووە. بە شێوەیە تەنیوەتەوە، هەموو ناوچە و هەرێمەکانی کوردستانی گرتۆتەوە. جەنگەکە لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان پەڕیوەتەوە. هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی دیکەی باشوور و کوردستانی مەزنیشی تێوەگلاوە. ڕیزەکانی نەتەوەی کوردی، بە تەواویی پچڕپچڕ و لەتلەت کردووە. بە هۆی بەرنامەی چەوت، بیری پاوەنخوازیی و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی کوردستانەوە، بە هۆی دەسەڵات و پارەوە، لە سەر کێشەی ڕابەریی و ڕۆڵی پارتی پێشڕەو، لە سایەی سەری سەرانی هەر دوو پارتە شەڕکەرەکەوە، جگە لە جەماوەری گەل، هیچ لایەنێ هێندە زیانی لێ نەکەوتووە، جگە لە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانیش، هیچ لایەنێ هێندە قازانجی نەکردووە.

1 / جەنگی نێوان پارتی ـ یەکێتی :

هێندێ ساویلکە هەن، تاوانی ئەم جەنگەی نێوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی، لە ئەستۆی داگیرکەرانی کوردستان، ئەمێریکا و دەوڵەتەکانی خۆراواوە دەئاڵێنن! نازانم بۆ؟! بەڵگەیان بۆ ئەوە چییە؟! بۆ، ئەوان بە تاوانباری یەکەم دادەنێن؟! بە چ شێوەیە ئەوان توانییان، ئەو جەنگە نێوخۆیی یەی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردستان هەڵگیرسێنن؟ گریمان، ئەوان هەڵیانگیرسان، ئەدی سەرانی کورد خۆیان چی بوون؟! بۆ گوێیان لە فەرمانەکانی ئەوان ڕاگرت؟

ئەز پێموایە، ڕێکخراوەکانی کوردستان خۆیان، هەموو ئەو جەنگە چەپەڵانەیان بەرپاکردووە، هەر خۆشیان دەتوانن، کۆتایی پێ بێنن، ئاشتیی گشتیی بچەسپێنن و یەکێتی ڕیزەکانی کورد بپارێزن.

بێگومان، لێرەدا نامەوێ، بە درێژیی، لە هەموو لایەنەکانی ئەو جەنگە بکۆڵینەوە و ڕوونیکەینەوە، بەڵام، پێشەکیی تەنیا چەن ڕاستییەک ڕووندەکەینەوە، پاشان، لە سەر چەن خاڵێکی سەرەکیی ڕادەوەستین.

گەر ئاورێ، لە مێژووی تێکۆشانی ئەم چەن ساڵەی، گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بدەینەوە، کەمێ بە وردیی، چاوێ بە ئارشیفی هەر دوو ڕێکخراوەکەدا بخشێنین، ئەوا بڕمان دەردەکەوێ، بۆچی ئەم جەنگە نێوخۆیی یە، بەو شێوەیە تەنییەوە و هەموو کونوقوژبنێکی خاکی کوردستانی گرتەوە. بە کورتیی :

1. ئەمە یەکەم جار نییە، ئاگری جەنگی نێوخۆ لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەڵدەگیرسێ، بەڵکوو، پێشینەیەکی کەڵەکەبووی مێژوویی هەیە. وەک ئەو جەنگانەی لە نێوان ساڵەکانی (1964 - 1970) و (1976 - 1986)دا ڕوویانداوە.

2. هەموو جارێ دوای ئەو جەنگانە، ئاشبوونەتەوە و ڕێککەوتوونەتەوە. بەڵام، هەموو ئەو ئاشبوونەوە و ڕێککەوتننانە، لە بڕوایەکی پتەوی ڕاستەقینەی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەوە نەبووە، بەڵکوو لە ناچاریدابووە، هەر وەک شتێکی کاتیی وابووە، بە شێوەیەکی بنەبڕیی، کۆتایی بە ناکۆکیی و گرفتەکانی نێوانیان نەهێناوە. واتە: جەنگەکەیان بۆ سەردەمێکی دیکە هەڵگرتووە.

3. هەموو کەسێتیی، ڕووناکبیر، نووسەر، ڕێکخراو، لایەنە کوردیی و کوردستانییەکان، کەم تا زۆر و هەر کەسە و هەر لایەنەی بە شێوەیە لە شێوەکان، بەرانبەر ئەو جەنگە نێوخۆیی یانە تاوانبارن، چونکە:
- کاتێ سالّی (1992)، پارتی و یەکێتی، بە بڕیاڕی پەڕلەمانی باشووری کوردستان، بە هاوکاریی لەشکری جەندرمەی تورک، پەلاماری هێزەکانی گریلای(P.K.K)یان دا، جەماوەری هەر دوو پارتە شەڕکەرەکە دەستخۆشانەیان لێ کردن، زۆربەی زۆری خەڵکە ڕووناکبیر، کوردپەروەر و بێلایەنەکەش بێدەنگبوون.
- کاتێ یەکێتی پەلاماری بزووتنەوەی ئیسلامیی دا، هیچ لایەنێ وەک پێویست، بێزاریی و ناڕەزایی خۆی دەرنەبڕی. بەڵکوو، پارتی ئەو هەلەی قۆزتەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یارمەتی ئەوانی دا، تا دژی یەکێتی هانیاندا و هاوپەیمانێ بۆ خۆی پەیداکا.
- هەروەها، کاتێ پارتی پەلاماری پارتی سۆسیالیستی دێمۆکراسی کوردستانی دا، خەڵکی بێدەنگبوون و یەکێتیش لە دژی پارتی و بۆ تۆڵەکردنەوە، یارمەتییەکی ناڕاستەوخۆی ئەوانی دا.
- لە ڕاستیدا، گەر پلەی نیشتمانپەروەریی و بەرژەوەندیی گەل ڕەچاوکرایە، دەبووایە، جەنگ لە نێوان هەر لایەکدا بەرپابووایە، بێ ئەوەی جیاوازییبکەن، هەر زوو جەنگەکەیان ڕیسواکردایە و دژی ڕاوەستانایە، تا لەوە زیاتر نەتەنیایەتەوە و بەڵگەشی بە دەس هیچ لایەکی دیکەوە نەدایە. بەڵام دیارە، کاتێ بەرژەوەندیی پارتایەتی تەسک، پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی یەوە دەخرێ، پێشبڕکێیەکی خراپ لە نێواندا دروسدەبێ، دڵڕەشیی، کۆنەقین و گێرەشێوێنیی، ڕۆڵی تایبەتیی خۆیان دەبینن، ئیدی ئەو جۆرە هەراوئاژاوە و جەنگە نێوخۆیی یانە، وەک بەرهەمێکی ئەو دید و بۆچوون و کارانە، لە کوردستاندا ڕوودەدەن.
4. دەتوانین، بە ڕاشکاویی بڵێین: ئەورۆ لە کوردستاندا، شتێ نییە، ناوی کێشەی کورد بێ. بەرژەوەندیی کورد و کوردستان، لە چەن دروشمێکی بریسکەداری خەڵک هەڵخەڵەتێنەر پتر، هیچی دیکە نییە. هەر چەند کەسێ کۆبنەوە، هێندێ پارە و چەکیان هەبێ، دەتوانن، ڕێکخراوێ بۆ خۆیان دروسکەن و چەن چەکدارێکی مشەخۆر، لە

دەوری خۆیان کۆ کەنەوە. چونکە گەر وا نەبووایە :
- کاتێ سوپای ئێران، بەبەر چاوی هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی باشوور و کوردستانی مەزنەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، پەلاماری پێشمەرگە و کادێرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی دا، بۆچی ئەوەیان لە سوپای ئێران و یەکێتی قەبوڵکرد؟ بۆچی بە هەموویان دژ نەوەستان و پەلاماریان نەدا؟!
- کاتێ پارتی بە یارمەتی سوپای بەعس، پەلاماری هێزەکانی یەکێتی دا و شاری هەولێری داگیرکرد، بۆچی هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان دژ نەوەستان؟ بۆچی ئەو کارەیان بە ناپاکیی دا نەنا و ڕەوایەتییان پێ دا؟ بە تایبەتی(P.K.K.) دەبووایە، لە هەموو کاتێ پتر، بیروباوەڕی کوردستانێتی خۆی بسەلماندایە و دژی هێزی بەعس بجەنگایە.
- کاتێ پارتی بە یارمەتیی سوپای تورک، پەلاماری هێزەکانی (P.K.K.)یان دا، دەبووایە، یەکێتی داکۆکیی لێ بکردایە و دژی ئەو دوو لەشکرەی پارتی و تورک بجەنگایە، نەک چاوەڕوانی ئەنجامی هێرش و پەلاماردانەکەی بکردایە، تا هەموو لایەنەکانی ڕوونبێتەوە، ئەو کاتە هەلەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزێتەوە و پەلاماربدا.
5. ئەر (یەکێتیی و P.K.K)، بە ڕاستیی کێشەی کوردیان مەبەس بووایە، بەرژەوەندیی پارتەکانی خۆیان، پێش بەرژەوەندیی نەتەوەکەوە نەخستایە، دیارە هەر لە سەرەتاوە، ئەو هەلەیان لە کیس خۆیان نەدەدا، بە هەر دووکیان لە کاتی هەر دوو پەلاماردانەکەی، هێزەکانی « پارتی - بەعس » و « پارتی - تورک »دا، داکۆکییان لە یەکدی و لە خاکی کوردستان دەکرد، قوڵاییەکی ستراتیژیی و نەتەوەیی یان بۆ خۆیان دابیندەکرد. ئەو کاتە، خوێنی ڕۆڵەکانی باکوور، تێکەڵ بە خوێنی ڕۆڵە و خاکی باشوور دەبوو، پێوەندییە نەتەوەیی یەکە هێندەی دیکە پتەوتر و قووڵتر دەبوو. چونکە، تا خوێن و خاک، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، تێکەڵ بە یەکدی نەبن، مەحاڵە یەکێتییەکی نەتەوەیی، لە ڕیزەکانی نەتەوەی کورددا بەدیبێ.
6. بەم چەن سەرنجەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێ، هەستی نەتەوەیی و بیری کوردایەتیی گەلێ لاوازە. تەنیا بەرژەوەندیی تەسکی

تاکەکەسیی، بنەماڵە و پارتایەتیی، پێش هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی دیکەوە دەخرێ. هەموو لاکان بێ جیاوازیی، سوود لە هەلی جەنگی نێوان دوو ڕێکخراوی کوردستانیی دیکە وەردەگرن، تا مەبەسەکانی خۆیانی پێ بەدیبێنن.

ڕەوتی ڕووداوەکان :

1/ جەنگی نێوخۆ، لە شارۆچکەی « قەڵادزێ »وە دەستیپێکرد. گەر پارتی و یەکێتی، پێشەکی پلانێکی ئامادەکراویان بۆ جەنگەکە نەبووبێ، دەبووایە، هەر زوو جەنگەکەیان لە شوێنی خۆیدا ئابڵووقەبدایە و یەکسەر چارەسەرێکی بنەبڕییان بۆ بدۆزیایەتەوە، نەیانهێشتایە، پریشکی ئەو ئاگرە سوورە پڕ لە قینە، بۆ ناوچە نزیکەکانی دیکەی وەک ڕانیە و پاشتریش بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی باشووری کوردستان بتەنێتەوە.

2/ یەکێ لە هەڵە هەرە گەورەکانی یەکێتی ئەوەبوو، دەسی بە سەر شاری هەولێری پێتەختی حوکوومەتی هەرێمدا گرت. پاشتریش پەلاماری پەرلەمانی کوردستانی دا و داگیریکرد. بەوە کێشەکە، لە ناکۆکیی، دووبەرەکیی و جەنگی نێوخۆ دەرچوو، وەک کۆدەتایەکی سەربازیی لێهات.

3/ هەموو لایەنەکان، چەن جارێ هەوڵیان لەگەڵ یەکێتیدا دا، شاری هەولێر چۆڵکا، پێکەوە دانیشن، دەمەتەقێ لە سەر ئەو گرفتانەی نێوانیان بکەن، چارەسەرێ بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان بدۆزنەوە، بەلام هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە یەکێتی چۆڵکردنی هەولێری، بە داهاتی « برایم خەلیل »وە دەبەستەوە، تا وای لێهات، چارەسەرەکان لە تونێلێکی داخراودا مانەوە.

4/ داگیرکردنی هەولێر، لە(1996/08/31)دا، لە لایەن پارتییەوە، جگە لەوەی هەنگاوێکی ناپاکانەبوو، هێندەی دیکە بارەکەی ئاڵۆزتر کرد و گرفتەکانی نێوانیانی، بە تەواویی بێ چارەسەر هێشتەوە.

5/ بە باوەڕی من، هۆی ئەو هاوکارییەی پارتی ـ بەعس، بۆ چەن خاڵێ دەگەڕێتەوە :

1. ئەنجامێکی سروشتیی جەنگی نێوخۆ بوو.
2. بەڵەنسی تەرازووی هێزەکانی نێوان پارتی ـ یەکێتی تێکچووبوو. یەکێتی نزیکەی 70٪ی باشووری کوردستانی بە دەستەوەبوو، لە دوا پێکدادان و هێرشەکانی پێش (1996/8/31)یشدا، هەڕەشەیەکی گەورەی لە بارەگای سەرکردایەتی پارتی دەکرد.
3. هێزەکانی پارتی، لە بەردەم هێزەکانی یەکێتیدا لاوازبووبوون، توانای مانەوە، خۆڕاگرتن و بەرگریکردنیان کزبووبوو، ورەیان ڕووخابوو، لەچاو هێزەکانی یەکێتیدا، توانای جەنگییان کەمتربوو. بێگومان، پارتی بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانە پڕکاتەوە، پەنای بۆ بەر هێزی داگیرکەری عێراق برد.
4. ئێران بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یارمەتیی هێزەکانی یەکێتی دەدا، وەک ئەوەی چاوی لە هەڵمەت و پەلاماردانەکانیان دەنوقاند، ڕێگەی هاتوچۆی بە ئێراندا بۆ کردبوونەوە.
5. کاتێ بە ئاگاداریی یەکێتی و لەبەر چاوی هەموو جیهان، لە مانگی (یولی/1996)دا، لەشکری ئێران سنووری نێودەوڵەتیی نێوان ئێران ـ عێراقیان بەزاند، پەلاماری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ـ ئێرانیان دا، بە گوللەتۆپ و ڕاکێت دایانگرتنەوە، ماوەی سێ ڕۆژ لە باشووری کوردستاندا مانەوە، ئەو فاکتەرە پتر، ڕێگەی بۆ ئەو دەسپێشکەرییەی « مەسعوود بارزانیی » خۆشکرد، تا داوا لە دڕندەیەکی وەک « سەددام حوسێن » بکا، یارمەتییبدا و هێزەکانی بەعس بۆ کوردستان بانگکا.
6/ ئەوڕۆ، هەموو هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەتەوە، پارتی دەسەڵاتی پترە، نزیکەی لە 70٪ی ناوچەکانی باشووری بە دەستەوەیە.
7/ پارتیی، هەمان هەڵەی کوشندەی یەکێتی دووبارەدەکاتەوە. بۆ یەکێتی ڕیزەکانی گەل و تەبایی نێوان ڕێکخراوە ڕامیارییەکان، شاری هەولێر چۆڵ ناکا و ڕێک ناکەوێ، بۆ ئاشبوونەوەی گشتیی، دانانی بەو حوکوومەتەی هەولێری دوای (1996/8/31) دروسبوو، بە مەرجی سەرەکیی دادەنێ.
8/ دەتوانین، بڵێین: هەڵەی هەرە زەقی یەکێتی ئەوەبوو، لە (1997/10/13)دا، جارێکی دیکە پەلاماری سەنگەرەکانی پارتییان

دایەوە. لە کاتێکدا دەبووایە، سەرانی یەکێتی ئەوەیان چاک بزانیایە، چ داگیرکەرانی کوردستان و چ دەوڵەتەکانی بەرەی خۆراوا، ڕێگە نادەن، هیچ یەکێ لەو دوو لایەنە، بە تەواویی سەرکەوێ و دەس بە سەر هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستاندا بگرێ. بە تایبەتیی کاتێ، (ئەمێریکا، بریتانیا و تورکیا) بە یەک دەنگ هاواریانکرد و داوایان لە یەکێتی کرد، بۆ پێش هێرشەکانی سیازدەی مانگ بکشێتەوە و هەموو ئەو جێگانەی لەو ماوەیەدا گرتبوویان، چۆڵیکەنەوە. دەبووایە، هەر زوو لەو بروسکە پەلەیەی ئەوان تێبگەیشتنایە و ئەو هەموو خوێنەیان بە خۆڕایی نەڕشتایە. چونکە، ئەمێریکا و بریتانیا بە ئاشکرا، ڕێگەیان بە لەشکری تورک دا، یارمەتی پارتی بدا. بۆیە تورکیاش، بە بۆمبای ناپاڵم، ڕاکێت، تانک و تۆپی قورس، سەنگەرەکانی هێزی هاوپەیمانی دیمۆکراسیی کوردستانیان وێرانکرد و ئەنجامەکەشی بە پاشەکشەکردن شکایەوە.

9/ بەو پێیەی پەرلەمان، گەورەترین دەسەلاتی یاسادانان و حوکوومەتی هەرێمیش، بالاترین دەزگەی جێبەجێکردنە، لەو ڕۆژەی جەنگی نێوخۆ، لە باشووری کوردستاندا دەسپێکردووە، هەر دوو دەزگەی پەرلەمانی کوردستان و حوکوومەتی هەرێم، ڕەوایەتیی خۆیان لە دەسداوە. چونکە، لە لایەکەوە هیچ جۆرە دەسەلاتێکیان نەبووە و نییە، نەیانتوانیوە کارێ بکەن، ئاوێ بەو ئاگرەدا بکەن و جەنگەکە بکوژێننەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەندامانی هەر دوو لایەنەکە، وەک شەڕکەرێ لە جەنگەکەدا بەشدارییانکردووە.

10/ هەر چەندە، چ پارتی و چ یەکێتی، هەر یەکەیان وەک بنێشت، کۆمەڵێ ڕێکخراو و پارتی وردیلە، بە دامێنی ڕێکخراوەکانیانەوە نوساوون. بە هەموو لایەکیان دەیانەوێ، ڕەوابییەک بەو دوو دەسەلاتەی هەولێر و سولەیمانیی بدەن. بەلام، لە ڕاستیدا دوو حوکوومەت، لە دوو شاری نزیک لە یەکدی و لە بەشێکی کوردستانی بندەسی عێراقدا دروسبن، پتر مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕین، وەک لەوەی جێگەی باوەڕ و ڕێزی کۆمەلانی خەڵکی بن و دڵیان پێ خۆشکرێ. لەبەرئەوە، ئەو دوو حوکوومەتە، حوکوومەتی گەلی باشوور نین، بەڵکوو حوکوومەتی پارتەکانی خۆیانن، بۆیە بە هیچ شێوەیە ڕەوایەتییان نییە.

11/ حوکوومەتی گەل دەبێ، یەکگرتوو بێ و ڕاژەی ئامانجەکانی گەل بکا، جیاوازیی لە نێوان ناوچەکانی بادینان و سۆران، پارتی و یەکێتی و ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی دیکەی کوردستاندا نەکا، بە یەک چاو، لە ڕۆڵەکانی گەل و داگیرکەرانی کوردستان نەڕوانێ!
12/ هەموو لایەنەکان، بە تایبەتیی پارتی و یەکێتی، هێندە هەڵەوپەڵە و کەموکوڕییان هەیە، نە خۆیان، نە بزووتنەوەی کوردایەتیی و نە نەتەوەی کوردیش، پێویستی بەوە هەیە، هێڵێکی سوور لە نێوان هیچ لایەنێکدا بکێشرێ. چونکە، لە لایەکەوە گەر باسی ناپاکیی بکەین، لە ساڵی(1964)ەوە، هەموو لایەکیان، هێندە ناپاکییان بەرانبەر گەل کردووە، بە تەواویی بێلەزەتبووە و بە هیچ ئاوێ ناشۆڕرێتەوە.
لە لایەکی دیکەشەوە، گەر کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووایە، هەڵبەتە، یەکەم: ئەو هەموو ناپاکییانە ڕوویان نەدەدا. دووەم: هەر کەس و هەر لایەنێ، ناپاکیی بەرانبەر کوردستان و شۆڕشەکەی بکردایە، دەبووایە و دەتونرا، سزا بدرایە، چونکە ئەو کاتە کوردستان، دەزگەیەکی دەستووریی و یاسایی سەربەخۆی تایبەتیی خۆی دەبوو. بەڵام ئەورۆ، جگە لەوەی ئەو دەزگەیەمان نییە، بارودۆخە نالەبارەکەی نەتەوەی کوردیش، ڕێ بەوە نادا، سزای تاوانبار و ناپاکان بدرێ. لەبەرئەوە، با هێندەی دیکە جەنگە نێوخۆیی یەکە تەشەنە نەکا و پەرەنەسێنێ، گۆمە لێڵەکەی ناکۆکیی، دووبەرەکیی و ناپاکییەکەی کوردیش، هێندەی دیکە قووڵ نەبێتەوە، چونکە لەم بارەی ئەورۆی کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێ، گۆم تا قووڵبێ، مەلەی خۆشتر نییە!
13/ چ پارتی و چ یەکێتی، بە تەواویی، پشتیان بە هێزەکانی خۆیان نەبەستووە. چونکە، گەر لایەکیان، هانا بۆ یەکێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانە بەرێ، ئەوا لاکەی دیکەیان ناچاردەبێ، پەنا بۆ دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەر بەرێ، تا بتوانێ، بەڵەنسی نێوان هێزەکان، لە کوردستان و ناوچەکەدا ڕاگرێ. بۆیە، هەمیشە یەکێتی، پارتی بەوە تاوانباردەکا و دەڵێ: گەر لە ساڵی(1995)دا ئێران نەبووایە، گەر لە ساڵی(1996)دا سوپای عێراق یارمەتی نەدایە، گەر لە ساڵی(1997)دا، لەشکری تورک پشگیریی نەکردایە، هێزەکانی پارتیمان، تا زاخۆ ڕاودەنا و کوردستانمان لێ پاکدەکردنەوە. بە

هەمان شێوەش پارتی، دەڵێ: گەر ئێران نەبووایە، یارمەتیی یەکێتی نەدایە، ئەوا کۆتاییمان بە یەکێتی هێنابوو.
بەڵام بە داخەوە، ئەمە پتر لەوە دەچێ، ژیربێژیی و لۆژیک میوانی هەر دوو سەرکردایەتی پارتەکە نەبێ، ئەگینا دەبووایە، تەنیا بۆ جارێ بیریان لەوە بکردایەتەوە، بۆچی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە، بۆ لەنێوبردنی یەکدی، هەر جارەی یارمەتیی لایەکیان دەدەن؟! بۆچی بۆ ئازادیی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، یارمەتییان نادەن؟! دیارە، خۆشیان ئەوە چاک دەزانن، بەڵام، دڵڕەشیی، کۆنەقین و نەخۆشیی ڕابەریی، وای لێ کردوون، پێکەوە نەگونجێن و بیر لەو جۆرە شتانە نەکەنەوە. بۆیە لە بری ئەوەی پێکەوە دانیشن، بە شێوەیەکی دێمۆکراسیی، بە دیالۆگێکی کوردانە و برایانە، چارەسەرێکی ڕامیاریی بۆ کێشە و گرفتەکانی نێوانیان بدۆزنەوە، هەموو جارێ پەنا بۆ بەر داگیرکەران دەبەن، وا دیارە هەرگیز پەند لە مێژوو وەرناگرن!
14/ هەر دوولایان هەڵە، تاوان، ناپاکیی، لاوازیی و تێکشکانی یەکدی، بە ئاواتدەخوازن، بە سەرکەوتنی یەکدی دادەنێن. لە هەمان کاتیشدا، هەر لایەنەی سەرکەوتنی خۆی، لە ژێرکەوتنی لایەنەکەی دیکەدا دەبینێ. بۆ نموونە: کاتێ سوپای ئێران، بە ئاگاداریی یەکێتی و لە ناوچەکانی بندەسی ئەواندا، پەلاماری بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان دا، پارتی ئەو ڕۆژەی وەک جێژن لاوابوو. چونکە، یەکێتی بەوە تاوانباردەکرد، ناپاکییەکی نەتەوەیی کردووە. بە پێچەوانەشەوە، یەکێتی لە مێژبوو، چاوەڕوانی هەلێکی وای دەکرد، تا پارتی هەنگاوێکی ناپاکانەی وەک ئەوەی (1996/8/31) بنێ، بۆ ئەوەی داش بە داشیان لەگەڵدا بکا. هەمان هەڵە و ناپاکیی سی ساڵ لەمەوبەری خۆیان دووبارەکاتەوە.
15/ سەرکردەی هەر دوو ڕێکخراوەکە، هێندە داخ لە دڵ، لە خۆبایی و لوت بەرزن، گوێ بە هیچ جۆرە شتێ نادەن، لە هیچ کارێکی خراپ ناسڵەمێنەوە، نووشی غەڕاییەکی بێ وێنە بوون. بۆ نموونە: لێرەدا باسی یاری مار و پەیژەکەی ئۆکتۆبەری/1996 دەکەین. کاتێ پارتی، بە یارمەتی سوپای بەعس، هێزەکانی یەکێتی تێکشکاند، بە تەواویی لە کوردستان دەرپەڕاندن و تا سەر سنووری ئێران ڕاوینان،

«مەسعوود بارزانیی » لە سولەیمانیی، لە وەڵامی پرسیاری ژۆرنالیستێکدا، دەربارەی چارەنووسی یەکێتی و « جەلال تاڵەبانیی » گوتی: یەکێتی فینیش، واتە: تەواوبوون. لە کاتێکدا ئەو قسەیەی دەکرد، وای دەزانی، دوا سەربازی پۆستاڵڕەشی سوپای دەوڵەتی داگیرکەری عێراقی ڕاوناوە و دەوڵەتی بۆ کورد دامەزراندووە، وا بە شانازییەوە، ئەو قسەیە دەکا! هەر دوای ماوەیە. ڕۆژگار گۆڕا، ئەم جارەیان هێزەکانی یەکێتی، بە یارمەتی ئێران، چەکدارەکانی پارتییان لە ناوچەی سولەیمانیی ڕاونا، « جەلال تاڵەبانیی » لە گفتوگۆیەکی تێلێفۆنیدا لەگەڵ تێلێفیزیۆنی «MBC »دا گوتی: پارتی لە ڕووی ڕامیاریی و سەربازییەوە تێکشکا، دەبێ چەکەکانیان دانێن و خۆیان بەدەسەوەبدەن.

ئەمە گەر شتێ بگەیەنێ، لە لایەکەوە لەخۆباییبوون و غەڕاییەکی تەواوی هەر دوو سەرکردەی ڕێکخراوەکە پیشاندەدا. لە لایەکی دیکەشەوە، وا دیارە ئەو دوو سەرکردەیە زۆر ساکارن، بە تەواویی لە بارودۆخی ناوچەکە و ڕۆڵی هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە نەگەیشتوون، ئەگینا ئەو جۆرە قسانەیان نەدەکرد!

16/ لە ڕاستیدا، ئەو ناکۆکیی، دووبەرەکیی و جەنگە نێوخۆ خوێناوییەی، ئەورۆ لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دروسبووە، تەنیا لە سەر کێشەی ڕابەریی و دەسەڵاتی ڕامیاریی کوردستانە. ئەندامانی سەرکردایەتیی و ڕێکخستنی هەر دوو لاشیان، هێندە لاوازن، توانای هیچ جۆرە بڕیارێکیان نییە. بەڵکوو هەموو بڕیارەکان، تەنیا لە قوولی مشتی هەر دوو سەرکردە (مەسعوود بارزانیی و جەلال تاڵەبانیی) دان. بۆیە گەر ئەو دوو سەرکردەیە بیانەوێ، بیری لە بەرژەوەندییەکانی گەلی باشووری کوردستان بکەنەوە، دەتوانن، بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەن، بە یەک سووکە بڕیار، کۆتایی بە هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان بێنن، ئاوێ بەو ئاگری جەنگەدا بکەن و هەلە مێژوویی یەکەش لە فەوتاندن قوتارکەن.

17/ ئەو کارە خراپانەی بەعس فریا نەکەوت، لە کوردستان بە ئەنجامیگەیەنێ، هەر دوو لایان، لە ماوەی ئەم سێ ساڵی جەنگی نێوخۆیەدا، بۆیان تەواوکرد. با لێرەدا نموونەیەک بێنینەوە.

تێلێفیزیۆنی « MBC »، لە بەرنامەی حەفتانەی خۆیدا (دیالۆگ لەگەڵ خۆراوادا ـ Dialogue with the West)، باسێکی لە سەر گرفتەکانی عێراق و گەلی کورد پێشکەشکرد. « نزار حەمدون » یش وەک نوێنەری عێراق، لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشدارییکرد. یەکێ لێی پرسی: ئێوە ژینۆسایدی کوردەکان دەکەن. ئەویش گوتی: ئەوە شتێکی ڕاس نییە، چونکە، ئێمە ماوەی شەش ساڵە باکووری عێراقمان بەجێهێشتووە، بەڵام، کوردەکان لە نێو خۆیاندا یەکدی دەکوژن! جا گەر ئەو دوو سەرکردەیە، بە قسەی ئەو دوژمنە سەرسەختەی کورد، هۆشێ بەبەر خۆیاندا نەهێننەوە، پێموایە بە هیچ جۆرێ، شایستەی ئەوە نین، جەماوەر بڕوایان پێ بکا و ڕێزیان لێ بگرێ.

18/ پێویستە بە زووترین کات، هەر دوو سەرکردە دانیشن، بە هەر دوولایان ئاشتییەکی گشتیی لە کوردستاندا دابینکەن. ناکۆکییە لاوەکییەکان وەلاخەن، حوکوومەتێکی کاتیی لە هەموو لایەن و تەکنۆکراتەکانی کورد دامەزرێنن، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکراسییانە لە کوردستاندا بکەن، پەرلەمانێکی شەرعیی هەڵبژێرن، ئیدی بۆ تاهەتایە، کۆتایی بە هەموو جۆرە ناکۆکیی، دووبەرەکیی، جەنگی نێوخۆ و ناپاکییەک بێنن. لایە بە لای جەماوەری ڕەشوڕووت، برسیی و لێقەوماوانی گەلەکەماندا بکەنەوە، ئەو پارەیەی بۆ چەک، تەقەمەنیی و کەرەسەی جەنگیی تەرخانیدەکەن، با لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، تێرکردنی سکی برسییەکان و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵانی خەڵکیدا خەرجیکەن.

2 / جەنگی نێوان پارتی ـ .P.K.K

پێشتر گوتمان: گەر ئازادیی و دیمۆکراسیی لە ئارادا نەبوو، ئەوا جیاوازیی نێوان بەرنامە و ستراتیژی پارتەکان،، بە شێوەیەکی گشتیی، ناکۆکیی، دووبەرەکیی و جەنگی نێوخۆی لێ دروستدەبێ. هێندێ جاریش ناپاکیی نەتەوەیی لێ پەیدادەبێ. جێی خۆیەتی. گەر لێرەدا، سەرەتا شتێ دەربارەی (.P.K.K) روونکەینەوە :

1. لە رووی ئایدۆلۆژی رامیاریی و شیکردنەوەی باری کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، بە رێکخراوێکی (مارکسیی ـ لینینیی) ناوی رۆیشتووە. لە رووی ستراتیژەوە، بە رێکخراوێکی رامیاریی کوردستانی دەناسرێ. ستراتیژی نێوەندیی .P.K.K، خۆی لە رزگارکردنی کوردستان، یەکێتی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆدا دەنوێنێ.
2. کوردستان بە کۆلۆنیایەکی نێودەوڵەتیی و دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش، بە کۆلۆنیالیزم دادەنێ.
3. بەپێی ئەو ستراتیژە نەتەوەیی یە بێ، .P.K.K دان بەو سنوورە دەسکردانەی نێوان پارچەکانی کوردستاندا نانێ، کە دەوڵەتە زلهێزەکان و داگیرکەرانی کوردستان، دوای جەنگی یەکەمی جیهان رەنگیانرشتووە.
4. هەموو خاکی کوردستان، بە یەک یەکەی جوگرافیای لێکدانەبڕاو، نەتەوەی کوردیش، بە یەک یەکەی ئیتنی پێکەوە گرێدراوی توندوتۆڵ دادەنێ. لە هەمان کاتیشدا، بە یەک چاو لە هەموو گرفتە نەتەوەیی یەکانی کورد دەڕوانێ، گرفت و دەردە سەرەکییەکانیشی، لە یەکدی جیا ناکاتەوە و وەک یەک چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە.
5. بەو پێیە، رێکخستنی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و لە نێو کوردەکانی دەرەوەی وڵاتدا هەیە.
6. هەموو کوردستان، بە مەڵبەندی کارگوزاری خۆی دەزانێ، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، بۆی لەباربێ و بگونجێ، لەوێوە دەسپێدەکا و زەبری گورچکبڕ لە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دەدا.
7. ئەورۆ .P.K.K پێی وایە، کلیلی رزگاریی، سەربەخۆیی و

چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە باکووری کوردستان دایە. بۆیە دەبێ، شۆڕش لە باکووری کوردستانەوە دەستپێبکا، بە هەموو شێوەیە هەوڵدرێ، دژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک خەباتبکرێ، ناکۆکییەکانی نێوان گەلی کورد، لە پارچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستاندا، لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا خاوکرێنەوە و جۆرە دانوستانێ پێرەوکرێ.

8. بڕوای بە هەموو شێوازە جیاوازەکانی خەباتی « ڕامیاریی، چەکداریی، دیپلۆماسیی، خۆپیشاندان و مانگرتن .. تاد » هەیە. لە بواری خەباتی سەربازییدا، « شۆڕشی چەکداریی، جەنگی پارتیزانیی و جەنگی درێژخایەن » پیادەدەکا. بۆ ئەم مەبەسەش، لە پەلاماردانەکانیدا دژی سوپای تورک، باشووری کوردستان لە ڕووی کاری جەنگ و لەشکرکێشییەوە، بە قووڵاییەکی ستراتیژیی هێزەکانی خۆی دادەنێ. گەلی باشووریش وەک سەرچاوەیەک وایە، هێز و توانا مرۆیی و کیانییەکانی خۆی لێوە هەڵدەهێنجێ. خۆراوای کوردستانیش، وەک « ئێسگەیەکی حەوانەوە، خۆکۆکردنەوە، بنکەیەکی ڕامیاریی و دیپلۆماسیی و هێزێکی لەبن نەهاتووی گریلاکانی » تەماشادەکا.

9. بۆیە، کاتێ لەشکری تورک، هێرشە بەرفراوانەکانیان، بۆ سەر بنکەی گریلاکانی P.K.K. دەسپێدەکەن، هێزەکانی گریلا ناچاردەبن، خۆیان تێکەڵاوی ئەو بەرەنگاربوونەوە و جەنگە قورسانە نەکەن. لەبەرئەوە پاشەکشەدەکەن، هەڵدێن و خۆیان دەشارنەوە. چونکە، هێزەکانی گریلا، تا ئێستە لەو ئاستەدا نین، تا وەک پێویست بەرەنگاری لەشکرێکی مۆدرێنی پڕ چەکی خاوەن توانای ئابووریی ببنەوە. لەبەرئەوە، هێندێ جار سنووری نێودەوڵەتیی نێوان هەر دوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق دەبەزێنن، لە باکوورەوە بۆ باشوور دەگوێزنەوە، تا لە دەس پەلاماردانی سوپای داگیرکەری تورک، خۆیان ڕزگارکەن. لە باشوور خۆیان حەشاردەدەن، دەحەوێنەوە، سەرلەنوێ خۆیان ئامادەدەکەنەوە و بە بیروباوەڕێکی پۆڵایین و بە گوڕێکی نوێوە، جارێکی دیکە پەلاماردەدەنەوە.

10. ئا لێرەوە، ناکۆکیی و جەنگی نێوخۆ، لە نێوان P.K.K. و هێزەکانی باشووردا دروسدەبێ.

سـەرەڕای هەمـوو ئەو شـتـانەی لە سـەرەوە، دەربارەی .P.K.K باسـمانکردن، لێـرەدا پێویستـە، چەن ڕاستـییەکی دیکە، دەربارەی بارودۆخی کوردستـان، دەوڵەتە داگیرکەرەکان، پێوەندیی نێوانیان و .P.K.K خۆشی ڕوونکەینەوە :

1/ ئێمەی کورد بمانەوێ و نەمانەوێ، خۆشیمانبێ و ترشیمانبێ، چەن کـوردپەروەر و نیـشـتـمـانپـەروەربین، چەن بڕوا بەو سنوورە دەسکردانە نەکەین، هێشتـا ئەوڕۆ، ئەو چوار دیوارە دەسکردەی، لە نێوان بەشەکانی کوردستـاندا دروسکراون و دوژمن ناوی سنووری لێ ناون، بە چوار سنووری نێودەوڵەتیی دادەنرێن. ئەوەتەی ئەو دەوڵەتانە دامەزراون، لە لایەن دەوڵەتەکانی جیـهان، ڕێککەوتننامە و دەستـوورە نێودەوڵەتیی و دەزگەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دانی پێدا نراوە. هەر چەندە، .P.K.K بڕوای بەو سنوورە دەسکردانە نیـیـە، بەڵام، باوەڕ و ئارەزوو شـتێکە، باری ڕیالیزمیش شتێکی دیکەیە و پێکەوە هەڵ ناکەن.

2/ لەبەرئەوەی ئەوڕۆ، کوردستـان وڵاتە و دەوڵەت نییـە، سنوورێکی ڕامـیـاریی دیاریکراو و دانپـێـانراوی نییـە، بە سـەر پێنج دەوڵەتدا دابەشکراوە، تەنیا ئەو سنوورە دەسکردانە، بە شێوەیەکی ڕەسمیی لە هەمـوو جـیـهـاندا دەناسرێن. لەبەرئەوە، گـەر هەر کـوردێ بیـەوێ، سـەردانی بەشـێکی دیکەی کـوردسـتـان بکا، یا لە بەشـێکی کـوردسـتـانەوە بۆ بەشـێکی دیکەی بگوێزێتـەوە، پێـشـەکی دەبێ، ڕەزامـەندیی ئەو دەوڵەتە داگـیـرکـەرە وەرگـرێ. واتە: هیچ کـوردێکی دانیـشـتـووی ئەو چوار دەوڵەتە، (مـەگەر بە دزییەوە و بەقـاچاغ لە یەکێ لە ناوچـەکانی دەوڵەتەکـەی دیکە بژی) ئەگینا بۆی نیـیـە، بێ ڤـیـزە و ڕەزامـەندیی ئەو دەوڵەتە، پێ لە خـاکی بنێ، یا لـەوێ بژی. ئەمـە وەک یاسا و دابودەستـوورێکی نێودەوڵەتیی، لە هـەموو جیهاندا پێڕەودەکرێ و لەم بوارەدا هیچ جۆرە پۆزشێکی یاسایی نادۆزرێتەوە.

3/ لە ڕووی باوەڕی نـەتەوەیی یەوە، گـەر شـۆڕشـێکی سـەرتاسـەریی کوردستـانی بەرپاکرێ، ئەوا ڕێکخـراوە ڕامـیـارییـەکانی کوردسـتـان، مـافی ئەوەیان هەیە، لە هـەر پارچەیـەکـدا بیـانـەوێ و بۆیان لەباربێ، ئەسـپی خـەباتی خـۆیانی تێـدا تاودەن، یا وەک قـوڵاییـەکی مـرۆیی،

جوگرافیی و ستراتیژیی، هەموو بەشەکانی کوردستان بەکاربێنن.
بەڵام، گەر شۆڕشەکە، لە پێناوی مافەکانی ئۆتۆنۆمیی ـ فیدراڵیدا بوو، تەنیا لە چوارچێوەی بازنەی یەکێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا هەڵگیرسا، ئەوا ئەو مافەیان ناکەوێ. چونکە، لەو کاتەدا سنووری نێودەوڵەتیی، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ و گرفتێکی مەزن بۆ دەوڵەتەکانی دیکە دروسدەکا. لە هەمان کاتیشدا، لە ڕووی یاسایی و دەستووری نێودەوڵەتانەوە، دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش مافی ئەومیان هەیە، داکۆکیی لە سنووری دەوڵەتەکەی خۆیان بکەن و پارێزگاریی لێ بکەن، دەتوانن، ڕێگە لە شۆڕشگێڕەکانی کورد بگرن، نەیەڵن، سنوورەکانیان ببەزێنن و قووڵایی ئەو دیو سنوورەکانیان بەکاربێنن، ئەویش لە بەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. ئاژاوە و جەنگی دەوڵەتەکەی بەرانبەر لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە.
2. شۆڕشەکە کار لە کوردەکانی بندەسی خۆیان نەکا.
3. بارودۆخی نێوخۆی هەر دوو دەوڵەتەکە بە ئارامیی ڕاگرن.
4. بەڵەنسی تەرازووی هێزەکان لە ناوچەکەدا تێک نەدەن.
5. کار لە بەرژەوەندیی زلهێزەکان نەکا، چونکە ئەوانیش، بەو سنووربەزاندن و هەراوئاژاوەیە لە ناوچەکەدا ڕازی نابن.

4/ پارتی و یەکێتی، وەک دوو ڕێکخراوی ڕامیاریی گەلی باشووری کوردستان، تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کاردەکەن. دروشمی ستراتیژیی هەر دوو ڕێکخراوەکە، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەمیان، لە پێشدا داوای دێمۆکراسیی بۆ عێراق دەکەن. بەشی دووەمیشیان بەرنامەی لانی کەمیان ئۆتۆنۆمیی و لانی زۆریشیان، خۆی لە فیدراڵیدا دەنوێنێ. واتە: دوو ڕێکخراوی نەتەوەیی سەرانسەریی نین. ئەو بەرنامە و ئامانجانەیان، لەگەڵ بەرنامە و ئامانجەکانی .P.K.K دا ناگونجێ، لەبەرئەوە پێکدادان لە نێوانیاندا دروسدەبێ.

5/ چ پارتی و چ یەکێتی، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیاندا، وەک دوو ڕێکخراوی باشووری کوردستان، بە توانا و خاوەن دەسەڵات، لە نەشونماکردن و گەشەسەندنی .P.K.K دەترسن. بە تایبەتیی پارتی زیاتر دەترسێ، چونکە :

1. دەڤەری بادینان لەچاو دەڤەری سۆراندا، لە باکووری کوردستانەوە نزیکترە، P.K.K. دەتوانێ، بیروباوەڕەکانی خۆی لەو ناوچەیەدا، بە شێوەیەکی ئاسانتر بڵاوکاتەوە و کار لە دانیشتووانی ناوچەکە بکا.
2. هەر دوو ناوچەکە بە یەک دیالێکت دەپەیڤن، ئەمەش لە رووی تێگەیشتن و گونجانەوە، کاریگەرێتییەکی تایبەتیی خۆی هەیە.
3. ئەوەتەی ناوچەی بادینان هەیە، سیستێمی یەک پارتی تێدا پێڕەودەکرێ. پارتی وەک رێکخراوێکی باشووری کوردستان، لەو ناوچەیەدا، تەنیا پارت، باڵادەس و رێبەربووە. ئەورۆ تەنیا P.K.K. دەتوانێ، لەو ناوچەیەدا بەربەرەکانی پارتی بکا. دیارە، لە ئەنجامی ئەو سیستێمە و دیکتاتۆریی پارتی و بنەماڵەی بارزانییدا، هێندێ هێزی ئۆپۆزیسیۆن دروسبوون، هێندێ لەو هێزانەش، باوەش بۆ باوەڕ و دید و بۆچوونەکانی P.K.K. دەکەنەوە. بەوە پارتی وردەوردە، دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە و تاقانەی رەهای خۆی لە دەسدەدا.
4. بە شێوەیەکی راستەوخۆ، هەرەشە لە هەموو بەرژەوندییە ئابوورییەکانی پارتی دەکا.
5. پێوەندیی نێوان پارتی و دەوڵەتی داگیرکەری تورک تێکدەدا.
6/ P.K.K. وەک پارتێکی مەزن، خاوەن هێز و توانای کوردستانیی، هەر وەکوو ئەو هەموو خەسڵەتە باشانەی هەیە، هێندێ کەموکوڕیشی هەیە. لەوانە:
1. ئەندامانی P.K.K.، پێ لە سەر خەباتێکی وشکی ئایدۆلۆژیی دادەگرن، کە سەردەمەکەی بە تەواویی کزولاوازبووە.
2. بڕوایەکی تەواویان، بە رۆڵی سەرکردە و رابەری تاقانە هەیە. هەموو دەسەڵاتەکان لە قوولی مشتی سکرتێری گشتیی « عەبدوڵڵا ئۆجەلان »دا کۆ کراونەتەوە. ئەوەش بە مەترسییەکی گەلێ مەزن، بۆ سەر پاشەرۆژی رێکخراوەکە دادەنرێ.
3. پێوەندییەکی نابەرابەر و نائاسایی، لە نێوان P.K.K. و دەوڵەتی داگیرکەری سووریادا هەیە. ئەو پێوەندییە بە شێوەیەکە، لە داهاتوودا مەترسییەکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.
4. جیاوازیی لە نێوان بارودۆخی کوردستان و ئەورووپادا ناکەن. لەو دەوڵەتانەی رێکخستنیان تێدا هەیە و بەهێزن، هێندێ جار، خەباتێکی

تیژڕەوانە پێڕەودەکەن. جگە لەوەی ئەو خەباتە، زیان بە خۆیان، ناو و ناوبانگی کورد و کێشە ڕەواکەمان دەگەیەنێ، لەگەڵ ڕەوشی یاسایی و دیمۆکراسیی ئەوروپاشدا ناگونجێ.

بۆ نموونە: لە ئەنجامی ئەوەی، لە دەوڵەتێکی وەک ئەڵمانیای فیدراڵدا، هێندێ کــاری هەڵەیان بە ئەنجــامگەیاند، لە (1995/11/26)ەوە، چالاکیی ڕامیارییان لێ قەدەغەکردوون. هەر چەندە لەم دواییانەدا، سکرتێری گشتییان « عەبدوڵلا ئۆجەلان »، داوای لە ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وولات کرد، خۆڕاگر و نەرمونیان بن، لە کردەوەی توندوتیژیی خۆیان بە دوورگرن. بەڵام تا ئەوڕۆ، دەوڵەتی ئەڵمان بڕیاریان نەداوە، ئەو قەدەغەیەیان لە سەر لابەرن.

5. لە هێندێ شتدا، خۆیان لە سەرجەمی نەتەوەکە جیادەکەنەوە. بۆ نموونە: لە دەرەوەی کـــوردســـتـــان، لە هەمـــوو ئەو دەوڵەتانەی ڕێکخستنیان هەیە، تێکەڵ بە دەزگە کوردییەکان نابن، بەڵکوو دەزگەی تایبەتیی خۆیان دادەمەزرێنن. ئاڵایەکی تایبەتییان بۆ خۆیان داناوە، بە هیچ شێوەیە، فڕی بە سەر ئاڵای کوردستانەوە نییە، بەڵکوو تەنیا ئاڵای ڕێکخــراوەکــەی خــۆیانە، باوەڕیش بەو ئاڵایە ناکــەن، کــە لە شۆڕشە کۆنەکانی کوردەوە، وەک یادگاریێ بۆمان بەجێماوە.

6. هێندێ جار، زۆر توندڕەو و پەرگیر خۆیان پیشاندەدەن، حسێب بۆ باری پڕ لە ئاڵۆز و پێوەندیی نێوان هێزەکان ناکەن، چۆنیان بوێ، نەخشە و پلانەکانی خۆیان، بەو چەشنە دادەڕێژن و پیادەدەکەن، کە هێندێ جار، زیان لە بەرژەوەندیی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەدا. بۆ نموونە: لە ساڵی (1992)دا، لە باشوور حوکوومەتێکی فیدراڵیی دامــەزرا، بەڵام ئەوان زۆر گــوێیــان بەو بارودۆخــە نوێیــەی باشــوور نەدەدا، ڕێزیان لە حوکوومەتەکە نەدەگرت و دانیان پێدا نەدەنا.

لەگــەڵ ئەوەشــدا، ئەم چەن کــەمــوکــوڕیی یانەیان هــەیە، لە هــەمــان کاتیشدا، هێندێ خەسڵەتی چاکەشیان هەیە، کە لە هەموو ڕێکخراو و پارتەکانی دیکەی کوردستانی مەزن جیایاندەکاتەوە. بۆ نموونە: زۆر کوردانە و کوردستانیانە بیردەکەنەوە. گەلێ دڵسۆزی پارت، نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیانن. دیسیپلینێکی بەرز و پتەوی پارتایەتییان هەیە. دەس و دەم و دڵپاکن. ڕقوکینەیان بەرانبەر یەکدی نییە و هەڤاڵەکانی

خۆیان خۆشدەوێ. لە بواری تێکۆشانی ژناندا، شۆڕشێکی مەزنیان لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا بەرپاکردووە. گەلێ بایەخ بە کاری ڕووناکبیریی، نووسین و خوێندنەوە دەدەن. کادێرێکی زۆری ڕووناکبیریی و ڕامیارییان هەیە. لە ڕووی ئابوورییەوە، بە تەواویی پشتیان بە خۆیان بەستووە. گەورەترین کاریّ کردبێتیان و مایەی شانازیی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر بێ، دامەزراندنی تێلێفیزیۆنی مەدە ـ MED TV. جگە لە پەرلەمانی کوردستان و چەندین ئینستیتووتی کوردیی، لە وولاتە جۆربەجۆرەکانی ئەورووپا دایان مەزراندوون، کە هەر یەکەیان لە بواری کاری ئەکادیمیی و کەلتووریدا، ئەرکی نەتەوەیی سەرشانی خۆیان جێبەجێدەکەن.

7/ یەکەم جار، لە(ئۆکتۆبەری/1992)دا، پەرلەمانی فیفتی فیفتی کوردستان، یەکەم بڕیاری خوێناویان ئەوە بوو، بە هەر دوو ڕێکخراوەکە (پارتی و یەکێتی) و بە هاوکاریی سوپای تورک، بە بیانووی سەرکێشیی و کاری « تیرۆریستی! »وە، لە گریلاکانی P.K.K. یان دا.

8/ لەبەرئەوەی ئەورۆ، جەنگی نێوخۆ، لە نێوان پارتی و یەکێتی لە گۆڕێدایە، هەر هەمان ئەو یەکێتیەی ساڵی(1992)، بەشداریی لە لێدانی هێزەکانی P.K.K. دا کرد، ئەورۆ پشگیرییان لێ دەکا. بە باوەڕی من، ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، یەکێتی چاوی بە هەڵەکانی خۆیدا خشاندبێتەوە، یا لە دید و بۆچوونێکی نەتەوەیی یەوە، ئەو هەڵوێستەی وەرگرتبێ، بەڵکوو پێڕەوی ئەو پەندە کوردییە دەکا، کە دەڵێ: (دوژمنی دوژمنم دۆستمە).

سەرئەنجام :

ئەورۆ نەتەوەی کورد لە جیهاندا، بە تەنیا گرووپی هەرە گەورەی ئیتنیی دەژمێررێ، کە لە ژێر باری بندەسیی و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا دەنالێنێ، خاوەنی دەوڵەتی ناسیۆنالی تایبەتیی خۆی نییە. تەنانەت وا خەریکە فەلەستینییەکانیش، دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دادەمەزرێنن، کە بە ڕووبەری خاک، کوردستان « 25 » جار لە ڕووبەری هەموو خاکی دەوڵەتی ئیسرایل گەورەترە. بە ژمارەی دانیشتووانیش، « 10 » هێندەی ژمارەی فەلەستینییەکان و « 6 » هێندەی ژمارەی هەموو دانیشتووانی ئیسرایل دەبێ.

شۆڕشی گەلی کوردستان، لەم سەردەمەی ئەورۆماندا، بە تەنیا شۆڕش و بە دوا شۆڕشی مەزنی « نەتەوەیی، ڕامیاریی و چەکداریی » گەلانی چەوساوەی ناوچەکە و جیهانیش دادەنرێ. بۆیە، گەر سەرکردایەتییەکی دڵسۆز، نیشتمانپەروەر، زیرەک و ڕێکوپێکی هەبێ، لە دوارۆژێکی نزیکدا دەتوانێ، سەرنجی ڕێکخراو، گەلان و دەوڵەتە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان، بەلای خۆیدا ڕاکێشێ، لەبەرئەوە، هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نییە، پشتیوانییەکی تەواویی لێ دەکرێ، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش هەر دەبێ، سەرکەوێ و ئامانجە نەتەوەیی یەکانی خۆی بەدیبێنێ.

جگە لەوەی دەتوانرێ، گرەو لە سەر هەڵوەشاندنەوەی، هەر چوار دەوڵەتە تێریتۆریاڵە داگیرکەرەکەی کوردستان بکرێ، سنوورەکانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دەگۆڕێن، سەرلەنوێ نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندیش دادەڕێژرێتەوە و باری جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیۆستراتیژیی نێودەوڵەتانیش، چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە. گەلانی (ئەرمەن، ئازەر، بلوژ و ئاسووری)یش، لەو پرۆژە گەورەیەی گۆڕانی، نەخشەی هەر چوار دەوڵەتەکەدا بەشداردەبن، پاڵپشتێکی مەزن و قەڵایەکی قایم، بۆ شۆڕشی کوردستان دابیندەکەن.

هەر چەندە تا ئەورۆ، نەتەوەی کورد دۆستی ستراتیژیی نییە. هەر وەک چۆن لە کۆندا، ئەمێریکا و دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی ئەورووپا، لە درزی بەرژەوەندییەکانی ئێرانەوە، تەماشای کێشەی کورد و

شۆڕشەکەیان دەکرد، ئەورۆش بە هەمان شێوە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی تورکیای هاوپەیمانی ئەندامی ناتۆیانەوە، لە کێشە ڕەواکەی کورد و شۆڕشەکەی دەڕوانن. چونکە، لای ئەمێریکا نەوت لە مافی مرۆڤ بە نرخترە، تورکیا وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژیی، بە سەدان جار لە کێشەی کورد و دیمۆکراسیی گرنگتر و لەبەرچاوترە. بەلام، ئەو بارودۆخە هەروا بەردەوام نابێ، گۆڕەپانەکە بە تەنیا، بۆ ئەمێریکا و هاوپەیمانەکانی چۆڵ نابێ، بەڵکوو دەبێ، گۆڕانکارییەکی گەورە و گرنگ، بە سەر بارودۆخی ناوچەکە و جیهاندا ڕووبدا. دەبێ، بەلەنسی تەرازووی هێزەکان، نەخشەی ستراتیژیی و جیۆستراتیژیی زلهێزەکانی جیهان بگۆڕێ.
بێگومان، بەو پێیەی نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا دەژی، لێرەدا پێویستە، بە کورتیی باسی دەستەی فەرمانڕەوایان و هێزە ڕامیارییەکانی گەلانی بالادەسی ئەو دەوڵەتانە بکەین.
ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان، بە هیچ شێوەیە، دان بە مافی چارەنووسی گەلانی بندەسیاندا نانێن. هەروەها، ڕێکخراوە چەپە ڕامیارییەکانیش، لە چەن ڕێکخراوێکی ڕارا، هەلپەرست و گەلێ جاریش بێ هەڵوێست پێکهاتوون. پتر لە ژێر کارتێکردنی دید و بۆچوونەکانی کاربەدەسانی دەوڵەتەکان دان. لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نێوکۆیی چینی پرۆلیتاریای ئەو دەوڵەتانە و ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە، تەماشای کێشەی کورد دەکەن و چارسەری بۆ دەدۆزنەوە. دەتوانم، بە ڕاشکاویی بڵێم: لە کۆندا چەپی « تورک، عەرەب و فارس »، تەنیا بیروڕا و بۆچوونەکانی « مۆسکۆ »یان کاوێژدەکردەوە. ئەورۆش بە تەواویی لە گۆڕانکاریی و بارودۆخە نەتەوەیی و نێونەتەوەیی یەکە نەگەیشتوون، لە هەموو چەپی گەلانی دیکەی بالادەسی جیهان، لە ئاستی کێشەی نەتەوەیی کورددا خراپتربوون. تەنانەت چەپەکانی ئیسرایل، گەلێ لە چەپی ئەو چوار دەوڵەتە باشتربوون. بۆیە، بەو شێوەیە لە کاروان بەجێماون و چەندین ساڵە هیچیان بە هیچ نەکردووە. سەیر ئەوەیە، زۆربەشیان دان بە هەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا نانێن!

هێزە ئیسلامییەکانیش، تەنیا لە کلاورۆژنەی ئایین و سەرکەوتنی ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە، لە کێشەی نەتەوەیی و ڕامیاریی کورد دەڕوانن. واتە: هیچ جۆرە چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ئازادیخوازانەیان پێ نەبووە و نییە. نموونەی دید و بۆچوونەکانیان، بەرانبەر کێشەی کورد لە کوردستانی مەزندا، لە بیروباوە، هەڵوێست و کردارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، زۆر بە جوانی دەردەکەوێ.

هێندێ هێزی کۆنەپەرست، شۆڤینیی و نەتەوەیی پەڕگیر و توندڕەویش هەن، لە هەموو هێزەکانی دیکەی نەتەوە باڵادەسەکانی چوار دەوڵەتەکە خراپترن. دەتوانین، بڵێین: بە گەورەترین دوژمنی گەلانی ناوچەکە دادەنرێن.

یەکێ لەو پیاوە دیمۆکراسیی و لیبراڵانەی ئەوڕۆ، سەرانی کورد بڕوایان پێ هێناوە، ڕێزی لێ دەگرن و بە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق ـ INC دایان ناوە، دوکتۆر « ئەحمەد چەلەبی » یە، کە لە بۆچوون و تێڕوانینەکانیدا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شۆڤینییەکانی دیکەی عەرەبدا نییە. چونکە، جگە لە گەلی عێراق و باکووری عێراق پتر، دان بە گەلێکی دیکەی جیاوازی سەربەخۆی وەک کورد و نیشتمانێکی جیاوازی وەک کوردستاندا نانێ. ئەمەش ناشارێتەوە و زۆر بە ئاشکرا دانیپێدادەنێ. بە تایبەتیی کاتێ، لە (1997/10/25)دا، لە شاری ستۆکهۆڵم، سیمینارێکی گرت، ناوچەکانی « کەرکووک و خانەقین و ژەنگار و ... تاد »، بە چەن ناوچە و شارێکی عێراق دانا و گوتی: هەر چەندە زۆربەی دانیشتووانیان، لە کورد پێکهاتوون، بەڵام ناتوانم، بڵێم کوردستانن!

لەبەرئەوە، (پێویستە لە سەر ڕۆشنبیران، نووسەران و سەرکردایەتی جولانەوەی ڕامیاریی کورد، پێوەندییەکی دۆستانە، شارستانییانە و نەتەوەیی یانەی مۆدرێن، لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و جەماوەری نەتەوە باڵادەسەکانی « تورک و عەرەب و فارس »دا دامەزرێنن، بە شێوەیە کە بارودۆخێکی سایکۆلۆژیی و کەلتووریی پێشکەوتنخوازانە، لە نێوانیاندا بێنێتەکایەوە، تا لە ڕێی دەمەتەقێیەکی ئاشتییانە، هێمنانە و دیالۆگی ڕامیارییەوە، کاریان تێکەین و بڕوایان پێ بێنین، کە نە نەتەوەی کورد بەشێکە لە

نەتەوەکـانی « تورک، عـەرەب و فـارس »، نـە خـاکی کـوردسـتـانیش، پارچەیەکە لە خاکی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە، وەک ئەوان دەیانەوێ، بەزۆر لـە خـۆشـیـان و لـە خـەڵکی دیکەشی بگەیەنن! بەڵکوو زۆر پێـویسـتـە، بێ هـیچ جۆرە سڵـەمینەوە و مـەراییکردنێ، لەو خـەون و ئەندێشـانە دایانچڵـەکێنین، لە ڕاسـتیی و دروسـتیی مـەبەسـەکانمان ئاگـاداریانکـەینـەوە، تـا بزانـن، نـەتـەوەی کـوردیش وەک ئەوان، نەتـەوەیەکی سـەربەخـۆیە و لەوان جـیـاوازە، خـاوەنـی هـەمـوو جـۆرە خـەسڵـەت و مـەرجـە تایبـەتییە نەتەوەیی یەکـانی خـۆیەتی، هـیـچیشی لەوان کەمتر نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ، ئیمپریالیزمی جیهانیی، خاکی کـوردسـتـانی داگـیـرکـردووە و وەک گـوێزەبانە بە سـەر ئەو نـەتەوە باڵادەسـانەی چوار دەوڵەتەکـەدا دابەشـیکردووە. بۆیە، نەتەوەی کـورد بەو شـێوەیە، پەرشـوبڵاو و خـاکی کوردسـتـانیش لەتوپەتکراوە، کورد ژێردەسەیە و خاوەنی دەوڵەتی یەکگرتووی ناسیۆنالی خۆی نییە.

لـەبەرئـەوەی کـوردیش، وەک ئـەوان نـەتـەوەیە، بـەپێـی هـەمـوو جـۆرە بیروباوەڕێکی زەمینیی و ئاسمانیش، هەموو مـافە سەرەکییەکانی ژیـانی پـێ ڕەوادەبینرێ. پێـویسـتـە، لە کـەشـێکی ئازادانە و دێمـۆکراسـییـانەدا، پاشـەڕۆژ و مـافی چارەنووسی خـۆی، بە دەسی خۆی دیاریکا، تـا لە پاڵ نەتەوە دراوسێکانی« تورک، عـەرەب و فارس » دا، لە نـاوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێکەوە بە ئازادیی، هـێمنیی و ئاشـتیی بژین و بەشـداریی لە پێشکەوتنی کـاروانی شـارسـتـانێتی گـەلانی ناوچەکـەدا بکا. ئەگـینا گـەر، تا ڕۆڵەکـانی ئەو نەتـەوانە و کاربەدەسانی ئەو چوار دەوڵـەتە داگیرکـەرە، گوێیان بەو ڕاسـتـییانە ڕانەهێنرێ و بڕوایان پـێ نەهـێنرێ، نەک هـەر کـورد سـەربەست و کوردسـتـان ئازاد نابێ، بەڵکوو هەر وەک ئێستە، تەنیا بە ناوهێنانی بچووکترین مـافەکانی گەلی کورد، لە هـەر پارچەیەکی نیشـتمانەکەیدا، سـەریان دەئاوسێ، ملیـان دەمـاسـێ، کـەڕ، لاڵ، کـوێردەبن و بە دڕندانەترین شێوەش، پەلامارماندەدەن و قڕماندەکەن.)«4، 91-90»

داگیرکەرانی کوردستان دەبێ، باش بزانن، (کێشەی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، پێش ئەوەی کێشەیەکی ئیداریی بێ، بە پلەی یەکـەم، کـێـشـەیەکی نەتەوەیی و ڕامـیـارییـە، دژی چەوسـاندنەوە،

دادۆشین و ستەمی نەتەوایەتی خەباتدەکا، لە پێناوی بەدەسهێنانی مافە نەتەوەیی یە ڕەواکانیدا، بە بەردەوامیی تێدەکۆشێ.)«91،4»

بۆیە، (نەتەوەی کورد دەبێ، لە هەموو پارچەکانی کوردستانی مەزندا، هەوڵی سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی تایبەتیی خۆی بدا. ئەمە وەک ستراتیژێکی بەرز دەبێ، پێڕەوکرێ. بەڵام، گەر توانا نەبوو، گەر بارودۆخی ناوچەکە و ڕەوشی نێونەتەوەیی، ڕێی ئەوەی نەدا، ئەو ئامانجە پیرۆزە بەدیبێنرێ، هەرگیز نابێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، تووشی ڕەشبینیی و ورەبەردان بن، هەرگیز نابێ، لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا، داواکاریی نەتەوەیی و ڕامیاریی سەرکردایەتی جوڵانەوەی کورد، لە مافی فیدراڵیی کەمتربێ.)«86،4»

ڕاستییەک هەیە، هەمیشە دەبێ، دووپاتیکەینەوە، ئەویش ئەوەیە: کورد خۆی، بۆ ئەوەی ئەو بارە نالەبارەی داگیرکردن، دابەشکردن، بندەسیی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بگۆڕێ، تا ئێستە بە کردەوە هیچی وای نەکردووە، دڵی پێ خۆشکرێ، بەکەڵکبێ و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی، لە ڕەوشی ڕامیاریی کوردستاندا بەدیبێنێ، تا بە تەواویی باری سەرنجی گەلان و دەوڵەتەکانی جیهان، بە قازانجی خۆی بگۆڕێ و سەرنجیان بە لای خۆیدا ڕاکێشێ. بەڵکوو ئەوەی کردوویەتی، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا، داوای مافێکی پچووکی نەتەوەیی خۆی کردووە، کە ئەوەش بە شتێکی نێوخۆیی دادەنرێ. دیارە چارەسەرەکەش، لە چەن خاڵێ بەدەر نییە:

1. کورد دەبێ، هەوڵێکی زۆری ڕامیاریی و دیپلۆماسیی، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیی بدا. دیارە، وەک لە نێو کورددا باوە، لەو کاتەدا، هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکە یەکدەگرن و دژایەتی کورد دەکەن. بەڵام، جگە لەوەی لە مێژە، ئەو کارەیان بە ئەنجامگەیاندووە، ئەز لەو باوەڕەدام، لە گەلەکۆمەکیی و دەسدرێژێکانیاندا سەرناکەون و بۆیان سەرناگرێ. چونکە، لە لایەکەوە خەسڵەت و سروشتی جەنگەکەی نێوان کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەگۆڕێ، بەشێ لە گەلەکانیان لەگەڵیان نابن و پشگیریی نەتەوەی کورد دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە، گەلانی جیهان، ڕێکخراوە خێرخوازیی و دیموکراسیی، پارتە ڕامیارییە پێشکەوتووخواز و

دەوڵەتە دادپەروەر و مرۆدۆستەکانیش، ئەو دژایەتیکردنە قەبوڵ ناکەن، کە پێش پەنجا ساڵ تورکەکان لە باکوور، فارسەکان لە ڕۆژهەڵات و عەرەبەکان لە باشوور کردوویانە. لەبەرئەوەی سەردەمەکە بە تەواویی گۆڕاوە و ئەو گەلە ئازادیخواز و دیمۆکراسیخوازنە، بە هەموو شێوەیە، یارمەتی شۆڕشە ئازادیخوازانەکەی نەتەوەی کورد دەدەن، کورد گەلێ قازانج لەو بارودۆخە نوێیەی نێودەوڵەتیی دەکا.

بەڵام، دیارە ڕزگاریی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی، قوربانی زۆری دەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا و لە هەموو بارێکدا، گەلێ لەوە چاکترە، ماوەی دووسەد ساڵێ دەبێ، هەر ڕاپەڕین و شۆڕشی نەتەوەیی بەرپادەکەین، کەچی بە هەرەس لە دوای هەرەس کۆتاییدێ و هیچ ئەنجامێکی باشی نەبووە و نییە.

2. گەر کورد خۆی، هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەدا، ئەوا دەبێ، سیستێمی ڕامیاریی و ئابووریی، ئەو چوار دەوڵەتە فرە نەتەوە و نیشتمانانە، لە سەر بنچینەکانی بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستیی دامەزرێ. مافی هەموو کەمینە، گەل و نەتەوەکان، لە بەر ڕۆشنایی مافی چارەنووسدا، دیاریکرێ. فیدراڵیزمیش وەک سیستێمێکی ڕامیاریی و ئیداریی، بۆ هەر یەکێ لەو هەرێمانە دەسنیشانکرێ و بە باشترین شێوە پێڕەوکرێ. چونکە، ئەو نەتەوە سەردەسانە، بەو زووانە فێری دیمۆکراسیی نابن، سیستێمی فەرمانڕەوایی و بارودۆخی وڵاتەکانیان، بە تەواویی پێ دیمۆکراتیزە ناکرێ، تا ئەوان فێری ئەو دیمۆکراسییەش دەبن، کە هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان داوایدەکەن، کورد لەوە خراپتری بەسەردێ، کەسێکیش بە گەورەیی فێری پڵاوخواردن بێ، دەس بۆ لووتی دەبا!

بە داخەوە، هێشتا سەرانی کورد، لە ڕووی هوشیاریی نەتەوەیی و ڕامیارییەوە، لەو ئاستە بەرزەدا نین، جێگەی هیوا و بڕوای نەتەوەکەمان بن، تا تەڵەی داگیرکەران، بە وریایی، زیرەکیی و دڵسۆزیی خۆیان بتەقێننەوە، هەموو شتێ لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورد و خاکی نیشتماندا، بەختکەن. بەڵکوو چونکە، لەو بوارانەدا بە تەواویی پێ نەگەیشتوون، وەڵامی هەڵە بە هەڵە، هەڵە

به ناپاکیی، ناپاکیی به ناپاکیی دەدەنەوە، لە پێناوی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا، پێ لە هەموو شتێکی پیرۆز دەنێن، سڵ لە هیچ جۆرە تاوان و لێپرسینەوەیەکی مێژوویی ناکەنەوە.
لێرەدا، زۆر جێی خۆیەتی، گەر بە ئاسپایی، بە گوێی هێندێ کوردزمانی سەرلێشێواودا بچرپێنم و بڵێم: چیدیکە لەوە زیاتر، بە زورنا و دەهۆڵی داگیرکەران هەڵمەقوننێنەوە، شایی گەرم مەکەن و سەرچۆپی مەرگ مەگرن. چیدیکە پڕوپاگەندە ژاراوییەکانی، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کاوێژمەکەنەوە. کورد لە هیچ پارچەیەکی نیشتمانەکەی خۆیدا ئازاد نییە، سەربەستیی نییە. هیچ یەکێ لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان، دێموکراسیی نین و هیچ جۆرە مافێ بە کورد ڕەوا نابینن. هەموو کوردێ، بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دادەنێن. بۆیە هیچ کوردێ نە دەتوانێ، شۆڤێنیی و ڕەگەزپەرسبێ، نە دەشتوانێ، جگە لە نۆکەریی زیاتر، لە بەردەمی ئەو داگیرکەرانەدا، دەم هەڵبێنێتەوە و کارێکی باش بە ئەنجامبگەیەنێ. لە هەمان کاتیشدا، هیچ ڕێکخراوێکی ڕامیاریی کوردستانیش، تیرۆریست نییە، وەک دەوڵەتی داگیرکەری تورک، ئیسرایلی هاوپەیمان و ئەمێریکای ئاغایان، دەهۆڵی نابووتی بۆ دەکوتن!
لە کۆتاییدا دەڵێم: با ئەو پرینسیپە کلاسیکییە لە بیر خۆمان بەرینەوە، کوردایەتیی تەنیا بە زمان، جلوبەرگ، کالاوبالا، سەرومێزەری کوردیی نییە. هەر کەسێ بە کوردیی ئاخافتنیکرد، جلوبەرگێکی کوردیی لەبەرکرد، کڵاو و مێزەرێکی کوردیی لەسەرنا، بێ ئەوەی کردەوەیەکی باشی لێ چاوەڕوانکرێ، یا کارێکی چاکی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردبێ، نابێ، باوەڕی پێ بکرێ. گەر بە مێشک، هۆش، گۆش، باوەڕ، دڵ و گیان کورد نەبێ، کردەوەکانی لە ڕاژەی ئازادیی، سەرفرازیی، یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد، سەربەخۆیی و ڕزگاریی خاکی کوردستاندا نەبێ، ئەوە کورد نییە.
ڕاستە هەموو یەکێ، لە دایک و باوکێکی کورد لەدایکبووبێ و لە هەر شوێنێ گەورە بووبێ، بە کورد دەژمێررێ، بەڵام، واتەی ئەوە نییە، ئەو کوردە دڵسۆزی نەتەوە و خاکی خۆیەتیی و کوردپەروەرە. چونکە، کوردایەتیی و کوردێتی، بە ڕواڵەت و ڕووکەش نییە، بەڵکوو لە (بیری

چاک، گوتەی چاک و کردەوەی چاک)دا خۆی دەنوێنێ، بە خوێناوی ڕەگوڕیشەی دڵ و جگەر ئاودەدرێ. هەر بۆیە لای من، پیاوێکی مەردی قارەمانی وەک دوکتۆر « فوواد »، لە شۆڕشەکەی « شێخ سەعیدی پیران »دا، لە سەر کورد لە سێدارەدرا، لە کاتێکدا یەک ووشە کوردیی نەدەزانی، تورکەکانیش پێیانگوت: تۆ کورد نیت و کوردیی نازانی، چیت لە کوردایەتیی داوە، واز لەو بەزمە بێنە و بڵێ من تورکم، ئازادت دەکەین و لە سێدارەت نادەین. دوکتۆر فووادیش لە وەڵامدا دەفەرموێ: ڕاستە من کوردیی نازانم، بەڵام دڵم بۆ کورد لێدەدا. ئەوەبوو گیانی پاکی بە خاک و نەتەوەکەی بەخشی. ئەز پێموایە، ڕۆڵەیەکی مەردی تورکی وەک دوکتۆر (سمایل بێشکچی)، بۆ کێشەی کورد، لە هێندێ سەرکردەکانی ئەوڕۆی کورد، گەلێ دڵسۆزتر و بە ئەمەکترە.

گەر ئاشتییەکی گشتیی، لە نێوان دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا ئەنجامدرێ، کورد لەو پرۆسێسە ئاشتییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندا تێنەخوێنرێتەوە، ئەوا لە پاشەڕۆژدا، کاسەکە تەنیا لە سەری کورددا دەشکێ. چونکە، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و ڕامیاریی سەردەرێنێ، هەر شۆڕشێکی چەکداریی بەرپابێ، دیارە باری ئارامیی و هێمنیی ناوچەکە دەشڵەقێنێ، کۆسپێکی گەورە لە بەردەم، بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەرەی خۆراوادا قووتدەکاتەوە. بۆیە، ئەوانیش جوڵانەوەکە بە جوڵانەوەیەکی تیرۆریستیی و سەرانی ڕێکخراو و شۆڕشەکەش، بە ئاژاوەچیی و گێرەشێوێن نێوزەددەکەن، بە هەمووشیان دژی ڕادەوەسن و سەرکوتیدەکەن. جا گەر ئەو کاتە، بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی ناوچەکە یەکگرێ، ئەوا بە « نەوتی عەرەب، ئاوی تورکیا و تەکنۆلۆژیای ئیسرایل » قرماندەکەن. ڕاستە، گەر ئەو سێ فاکتەرە یەکگرن، ناوچەکە پێشدەکەوێ، بەڵام باری هیچ نەتەوەیە بە بارەی کورد نەبێ!

بۆیە، سەرانی کورد پێویستە، بە خۆیاندا بچنەوە، شێوازی بیرکردنەوەیان بگۆڕن، چاوێ بە دروشم و ستراتیژی ڕێکخراو و پارتەکانیاندا بگێڕنەوە، کوردانە بیرکەنەوە، تەنیاوتەنیا بۆ کورد و کوردستان هەوڵدەن، نەک بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و ڕێکخراوەکانیان خەباتکەن، ئەگینا ئەوا نزیکەی پەنجا ساڵە

تێدەکۆشن، هیچ ئاکامێکی نەبووە، گەر سەد ساڵی دیکەش خۆیان ماندووکەن، تا بەو شێوەیەی ئەوڕۆ ڕەفتاربنوێنن، گومانی تێدا نییە، هەرگیزاوهەرگیز، هیچ بە هیچ ناکەن، ئەوە جگە لەوەی، ڕۆژبەڕۆژیش، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان پتر تێدادەچن و خاکی نیشتمانەکەشمان، پتر وێراندەبێ.

سەرچاوەکان :

1. جلال الطالبانی، حول القضیه الکردیه فی العراق، ١٩٨٨
2. حوسێن محەمەد عەزیز، ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا، چاپی دووەم،چاپخانەی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، ١٩٩٥
3. حوسێن محەمەد عەزیز، کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، ١٩٩٦
4. حوسێن محەمەد عەزیز، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦
5. خ. ن، سەرنجێکی دیمۆگرافی باشەڕۆژی کوردستان، ڕابوون، ژمارە(٥)، سوید، ١٩٩٣
6. عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦
7. فەرید ئەسەسەرد، جیۆپۆلێتیکی کوردستان، سیاسەتی دەولی، ژمارە2 سالی دووەم، کوردستان ـ هەولێر، ١٩٩٣
8. د. محمد الحجازی، الجغرافیا السیاسیه، دار الاتحاد العربی للطباعه.
9. پرۆفیسۆر میخایل س. لازەریف، کورد و کێشەی کورد، گۆڤاری ئاسیا و ئەفریقای ئەورۆ، ژمارەی (١٢)، مۆسکۆ، ١٩٨٣(بە زمانی ڕووسیی)
10. VARLDEN I FAKTA, KARTOR, FLAGGOR OCH KORTFAKTA OM VARLDENS LANDER, OVERSATTNING,MARGARETAELG,BONNIER CARLSEN, 1996,S - 240

له بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

گوتـــار :

1/ بەرەو ئازادی، ڕابوون، ژمارە 2، سوید، 1991، ل 46

2/ له پێناوی ڕاستیدا، بەربانگ، ژمارە 87، سالی 12، سوید، 1993،ل48

3/ یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە له ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە، ڕابوون، ژمارە7 ـ 8، سوید، 1993، ل67

4/ دەربارەی کەسایەتیی کورد، ڕابوون، ژمارە 10ـ11، سوید،1994 ل71

5/ بەرەو ستراتیژێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، هەنگاو، ژمارە 13، لەندەن،1995ل7

6/ سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی ئاوارەی کورد و بازاڕی چاپەمەنی کوردی، گزینگ، ژمارە8، سوید،1995، ل30

7/ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواری، گزینگ، ژمارە 9،1995، ل48

8/ کێڕپە تاقانە ساواکەی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەکەم(MedTV)، گزینگ، ژمارە 13، سوید، 1996.

9/ هەنگاوی یەکەم و سەرەتای کارێکی مەزن،بەربانگ، ژمارە 102، سالی 14، سوید، 1996،ل51

10/ چەند سەرنجێ دەربارەی سەرەخۆشی و پرسەدانان، بەربانگ، ژمارە 104، سالی 15، سوید، 1997،ل22

11/ دیکتاتۆرەکان له بەر یەک ئاوێنە، قژی نەخشە و پلانەکانیان دادەهێنن،بەربانگ، ژمارە 105، سالی 15، سوید، 1993،ل39. گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە30، سالی7، کوردستان ـ سلێمانی، تشرینی یەکەمی1997، ل16.

12/ کەی هۆشێ بە بەر خۆماندا دەهێنینەوە؟ بەربانگ، ژمارە 106-107، سالی 15، سوید، 1998،ل23. گۆڤاری دیموکراسی، ژمارە31، سالی7، کوردستان ـ سلێمانی، نیسانی1998، ل21.

13/ با خۆمان چاک بناسین، بەربانگ، ژمارە 108، سالی 16، سوید، 1998،ل27

14/ سێ سەرنجی زمانەوایی، مانگنامەی پەیام، ژمارە8، پووشپەڕ1998، ل18

15/ مافی دیاریکردنی چارەنووس، گۆڤاری ئالا، ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، ژمارە30، ڕێبەندانی1998، ل7.

16/ بۆرە نەبێ، بازدێ، کلکی بە ئەندازێ،بەربانگ، ژمارە 109، 1988، ل27

17/ چەند سەرنجێ دەربارەی ناسنامەی ئایینیی و نەتەودیی خەلیل منەوەر، گۆڤاری ئێستا، ژمارە 20، کوردستان ـ سولەیمانیی، نیسانی1999، ل 3-9.
18/ زێوەر لە نێوان کوردایەتیی و عێراقچێتیدا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە 1، کوردستان ـ سولەیمانیی، تەمووز 1999، ل 54 - 61 .
19/ داری بەزدیی خوا، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەشی یەکەم، ژمارە 1902، رۆژی سێشەممە 1999/7/13. بەشی دووەم، ژمارە 1903، چوارشەممە1999/7/14 کوردستان، سولەیمانیی.
20/ دەربارەی مەلەفی کەرکووک، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1923 رۆژی چوارشەممە 1999/8/11 کوردستان ـ سولەیمانی. مانگنامەی کوردستانی نوێ لە دەرەوەی وولات، ژمارە 67، رۆژی چوارشەممە 1999/8/25 .
21/ شێوازی خەبات و مافی چارەنووسی نەتەوەکان، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 1928، رۆژی چوارشەممە 1999/8/18 ، کوردستان ـ سولەیمانیی.
22/ دەربارەی فەریزیۆلۆژی کوردیی، رۆژنامەی ئالای ئازادی، ژمارە 320، رۆژی دووشەممە 1999/7/12 ، کوردستان ـ سولەیمانیی.

نامیلکە و پەرتووک :

1/ دەربارەی پرۆژەکەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی، سوید، 1994، ل32
2/ دوا پرۆژە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی، سوید،1994، ل11
3/ پێنج ووتاری غەمگین، چاپخانەی باران، سوید،1994، ل77
4/ دیموکراسی، ئایدۆلۆژی و جەنگی نێوخۆ، چاپخانەی باران، سوید، 1994، ل84
5/ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سولەیمانی،1993، ل208. چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی کتێبی هەرزان، سوید،1995، ل125
6/ پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، سوید، 1996، ل91. چاپی دووەم، کوردستان ـ سولەیمانیی، 1996.
7/ نامەیەکی درێژ بۆ نەوشیروان مستەفا، چاپخانەی باران، سوید، 1995، ل47
8/ کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، 1996، ل222.
9/ فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی باران، سوید، 1996،ل98. چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی دیموکراسی، کوردستان ـ سولەیمانی،

1996، ل90

10/ بەڵێ لێکۆڵینەوە و رەخنە نەک شێواندنی راستیی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید، 1996، ل53

11/ خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵلای پارێزەردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆلم، 1997، ل126 .

12/ رۆڵی سیستێمی بنەماڵە لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی میدیا، سوید ـ ستۆکهۆلم، 1997، ل100

13/ گیروگرفتە سەرەکییەکانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی کیتاب هەرزان، سوید ـ یۆنشۆپینگ، 1998، ل80.

14/ ئۆجەلان ئەزموونێکی نوێ و پەندی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی میدیا، سوید ـ ستۆکهۆلم، 1999، ل104 . چاپی دووەم، کوردستان ـ سولەیمانیی، 1999 .

15/ سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، لێکۆڵینەوە و رەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەواڵ، سولەیمانیی، 1999.

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

گەر ئاشتییەکی گشتیی، لە ناوەندا ئەنجامدرێ، کورد لەو پرۆسێسە ئاشتییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێنەخوێندرێتەوە، ئەوا لە پاشەڕۆژدا، کاسەکە تەنیا لە سەری کورددا دەشکێ. چونکە، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، هەر جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و ڕامیاریی سەردەربێنێ، هەر شۆڕشێکی چەکداریی بەرپابێ، دیارە باری هێمنیی ناوچەکە دەشڵەقێنێ، کۆسپێکی گەورە لە بەردەم، بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەرەی خۆراوادا قووتدەکاتەوە. بۆیە ئەوانیش، جوڵانەوەکە بە جوڵانەوەیەکی تیرۆریستیی و سەرانی ڕێکخراو و شۆڕشەکەش، بە ئاژاوەچیی و گێرەشێوێن نێوەزەددەکەن، بە هەمووشیان دژی ڕادەوەستن و سەرکوتیدەکەن.

THE MAIN KURDISH PROBLEMS

BY

Dr. HUSSEIN M. A.

2000 (2700 K)